# وەرزنامەی ئێرانناسی

ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٢

CFS
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەردیەکات

- بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە؛ سیاسەتی مووشەکیی ئێران
- جیۆپۆلەتیکی ئێران و جیهانی عەرەبی
- سەرهەڵدانی ڕەوتی چەپی (پارتیزانیی) سازمانی چریکی فیداییانی خەڵکی ئێران
- مەکتەب قورئان و زەمینەسازیی خەباتی مەدەنیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ستراتیژی جیۆپۆلەتیکیی ئەمریکا لە کەنداو بە پێداگریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران



# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات


ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین:

هەورامان فەریق کەریم



بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە



دیزاین: شێرکۆ خانزادی

هەڵەبڕ: هاشم خدر



شوێن:

عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەتڕێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پڕۆسەی سیاسەتڕێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەڕۆک


جەنگی ئوکراینا لە تەرازووی پەیوەندییەکانی ئێران و روسیادا..........بارام مەجیدخان..................٧-٦

بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە ؛ سیاسەتی مووشەکیی ئێران.......د. محەمەد حوسێن زادە................١٠-٣٣

جیۆپۆلەتیکی ئێران و جیهانی عەرەبیی.........بارام مەجید خان...............................٣٤-٤٣

سەرهەڵدانی ڕەوتی چەپی ( پارتیزانی ) سازمانی چریکی فیدایانی خەڵکی ئێران.......ژیلوان لطیف یاراحمد.........٤٤-٥٥

مەکتەب قورئان و زەمینەسازی بۆ خەباتی مەدەنیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان........سەروەت عەبدوڵڵا............٥٦-٧٧

ستراتیژی جیۆپۆلەتیکیی ئەمریکا لە کەنداو بە پێداگری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران......موراد دەلالەت.........٨٠-٩٣

لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێرانو سعودیە....... جەعفەر پارسایی..........٩٤-١١٩

ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا...............ئێرانناسی.......................................١٢٢-١٢٥

چەمکناسی: نەرمەهێز..........هەورامان فەریق.......................................................١٢٨-١٣٣

بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی.........................................١٣٤-١٣٧

**سەروتار**

# جەنگی ئوکراینا لە تەرازووی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیادا



**بارام مەجیدخان**........................................................................

پەیوەندی ئێران و ڕووسیا لە مێژوودا تاریکترین و ڕەشترین پەیوەندیی نێوان دوو دراوسێ بووە. بە تایبەت کە شەڕو پێکدادانی زۆر لە نێوان ئێران و ڕووس لە مێژوودا ڕوویانداوە. لە ساڵی ١٦٥١ و لە سەردەمی حوکمڕانی سەفەویی لە ئێران تا ساڵی ١٨٢٦ پێنج شەڕی مێژوویی لە نێوان ئەم دوو دراوسێیەدا ڕوویانداوە. ئەمە سەرەڕای شەڕی جیهانیی دووەم لە ڕووسیا بە هاوکاری چەند هێزێکی هاوپەیمان، توانیان ئێران داگیربکەن و ڕەزا شاە بە دەستگیرکراوی بۆ ئەفریقای باکوور بگوازنەوە. ئاکامی ئەم شەڕانە لەدەستدانی بەشی قەوقازی ئێران بوو، کە ڕووسیا خستیەسەر نەخشەی وڵاتەکەی خۆی. ئەم شەڕانەی ئێران و ڕووس بە بەردەوامیی هۆکاری ئایدۆلۆجی بۆ داتاشراوە، کە ڕەوایەتیی ئایینی و مەزهەبیی بەو شەڕانە بدرێت لە پێناو شەرعیەت بەخشین بەو جەنگانە و بەدەستهێنانی سەرمایەی مرۆیی بە درێژە دان بە بەرگرییکردن لە وڵات. ڕووس لە زەینی خەڵکی ئێراندا بە وڵاتی دوژمن و کافر ناوزەد کراوە. دەستێوەردانەکانی ڕووسیا لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هەناردەکردنی بیری مارکسیستی بۆ ئێران و دامەزراندنی پارتی سیاسیی و چاندنی بیری چەپ لە ئێران، بە توندی کاردانەوەی حوکمڕانی ئێرانیی و پێگەی ئایینی لێکەوتەوە. هەربۆیە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دروشمی ( نەشەرقی) بوو. بەو واتایەی کە ناچینە ژێر باری هەژموون و دەسەڵاتی ڕووسیاوە. لە ژێر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و دۆخی شەڕی ئێران-عێراق هەر لە سەرتای شۆڕش ئەم دروشمە کەمڕەنگ بوو. ئێران ناچار بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا بوو. هاوکات ڕووسیا پشتی نەکردە حکومەتی سەدام حسێن لە عێراق. گەرمبوونی شەڕی ئێران-عێراق زۆرترین سودی بە ڕووسیا گەیاند.

سەفەری ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ مۆسکۆ لە سەرەتای ئەمساڵ دەنگۆی پێشنووسی ڕێککەوتننامەیەکی ٢٠ ساڵە لەگەڵ ڕووسیا ئامادەکراوە کە لە پاش ڕێککەوتننامەی ٢٥ ساڵەی نێوان ئێران-چین هاتووەتە ئاراوە ( کە نارەزایی زۆریی شەقامی ئێرانی لێکەوتەوە). خەڵکانی ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی پەراوێزخراوی باڵی ڕیفۆرمخوازی ئێران بە گومانەوە لەم پەیوەندییانەی ئێران و ڕووسیا دەڕوانن. بە گشتی سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر بە ئێران لە ژێر تەمومژی ئەم فاکتانەی خوارەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

- ڕووسیا هیچ کات ئێرانی وەک هاوبەش و هاوپەیمانێکی ستراتیژیی خۆی سەیر نەکردوە، هەروەک ئەم ڕاستییە بۆ چینییەکانش ڕاستە.

- ڕووسیا دۆسییەی ئێرانیان وەک کارتێکی فشار بۆ سەر ئەمریکا بەکارهێناوە.

- ڕووسیا لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەمیشە لەمەلەفی ئەتۆمیی ئێران وەک هاوپەیمان هەڵسوکەوتی نەکردوە و لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا زۆرترین بڕیار لەدژی ئێران دەرچووەو هەندێکیان بەپێشنیاری ڕووسیا بووە.

- ڕووسیا ڕەزامەند نییە کە سایکلی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئێران پەرەی پێبدرێت. لە وتووێژەکانی ئێران و وڵاتانی ۵+۱ وەک محەممەد جەواد زەریف لە تۆمارە دەنگیەکەی ئاماژەی پێدا؛ ڕووسیا خواستی جدییان نەبوو کە ئێران لەگەڵ ئەمریکا ڕێکبکەوێت.

- ڕووسیا ئێرانێکیان دەوێت کە لەڕووی سەربازییەوە لاواز و پشت بەستوو بە خۆیان بێت. چەکی ڕووسیا لە ئێران گرانبەها و هێشتنەوە و چاککردنیان خەرجی زۆر دەخاتەسەر شانی ئێران. لە کاتێکدا ڕووسیا چەکی دژە موشەکی S٤٠٠ ی بە تورکیا بەخشیوە، تا ئێستا ئەو چەکەی بە ئێران نەداوە.

- ڕووسیا لە کێشەی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان داوای لە ئێران نەکرد کە بەشداربێت لە سیاسەتی ناوچەیی قەوقاز لە کاتێکدا بەشداری بە تورکیا کرد.

- ڕووسیا پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. لە کاتێدا ئیسرائیلییەکان لە سوریا و بە ئاشکرا بنکەکانی ئێرانیان بۆردومان دەکرد، دژەموشەکەکانی S٤٠٠ ڕووسی هیچ پەرچەکردارێکیان نەبوو.

ئێران و شەڕی ئۆکرانیا

ئەم شەڕە بۆ ئێران هەم دەرفەتەو هەم مەترسی، بۆیە ئێران هەڵوێستێکی واقیعی و لە ڕاستەڕێی بەرژەوەندیی خۆیان گرتوەتەبەر. جەنگی ڕووسیاو ئۆکرانیا دەرەنجامی قەیرانێکی ئاڵۆزو وردە، بۆیە سیاسەتی دەرەوەی ئێران مامەڵەیەکی ورد لەگەڵ بابەتەکە دەکات. لەلایەک ئێران دژی جەنگەو پێیوایە ڕێکاری دیپلۆماسی تەنها چارەسەرەو لەلایەکی ترەوە ئەم جەنگە بە فراوانخوازی ناتۆو ئەمریکا دەزانێت. ئەم هەڵوێستەی ئێران دوو خوێدنەوەی قووڵی بۆ دەکرێت.

یەکەمیان: لە دۆسییەی دانوستانەکانی ئەتۆمیی ئێران لایەنەکانی بەشدار هەمان ئەو لایەنانەن کە لە شەڕی ئۆکراین ڕووبەڕووی یەکدی وەستاون، بۆیە ئێران نایەوێت لە ڕێگەی هەڵوێستی نا لۆجیکی بەرژەوەندییەکانی خۆی بخاتە مەترسیەوە و دانوستانەکانی گۆشەگیر بکات و ڕۆڵی ئێران لاواز ببێت.

دووەم: بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غاز لە جیهان دەتوانرێت وەک دەرفەتێک بێت بۆ ئێران کە فشارە ئابوورییەکانی لەسەر خۆی کەمبکاتەوە. پێویستیی ئەوروپا بە وزە، ئێران لەو خەونەی نزیک دەکاتەوە کە غازی ئێران بۆ ئەوروپا بگوازرێتەوە. لە کاتێدا هەمیشە ڕووسیا بەربەستیان بۆ ئەم خەونەی ئێران دروست دەکات لە پێناو ئەوەی غازی ئێران نەبێتە جێگرەوەی غازی ڕووسیا. ئەمەش لە دانوستانەکانی ئێران وڵاتانی ۵+۱ هەڵوێستی ئێران بەهێز دەکات.

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# توێژینەوەکان

# بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە؛ سیاسەتی مووشەکیی ئێران



د. محەمەد حوسێن زادە



**بەرایی**

مووشەک بە هۆی هەندێک تایبەتمەندی ناوازە، وەکو خێرایی، کاریگەریی دانان لەسەر دەروون و وەرەی دوژمن، توانای هەڵگرتنی کڵاوەی کیمیایی و ئەتۆمی، توانای بەئامانجکردنی دامەزراوە ستراتیژییەکان لە قووڵایی خاکی دوژمن، هەروەها وەکو دەرکەوتەی پێشکەوتنی وڵاتێک لە بواری سەربازیدا، پێگەیەکی باڵای لە ستراتیژی سەربازیی زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە و هێزە چەکدارەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی زیاتری پێدەدەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران، ساڵانێکی زۆرە پلانێکی توکمەی بەمەبەستی دەستپێڕاگەیشتن بە جۆرە جیاوازەکانی مووشەک داڕشتووە، تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە، بە شێوەیەک کە لە ئێستادا خاوەن جبەخانەیەکی زەبەلاحی مووشەکە.

چالاکییە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی کە هاوکاتە لەگەڵ چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە، نیگەرانی زۆرێک لە وڵاتانی ناوچە و وڵاتانی ئەورووپا و تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێکەوتووەتەوە. ئەو وڵاتانە هەڕەشەی مووشەکیی ئێران بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و بە هۆکارێک بۆ تێکدانی سەقامگیری نێونەتەوەیی دەبینن، هەندێکجاریش بەو بۆنەوە گوشار و گەمارۆ دەخەنە سەر ئەو وڵاتە. لەبەرامبەردا، بەرپرسانی سیاسی و سەربازی تاران بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە هەوڵەکانیان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە مووشەک بەمەبەستی بەرگریکردن لە خۆیان و پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەیان و بەرەنگاربوونەوەی هێرشبەران لە چوارچێوەی ستراتیژی بەرپەرچدانەوەدایە. واتە هەڵوێست و کاردانەوەی باقی وڵاتان و بەتایبەت ئەمریکا بە پڕوپاگەندە و لە چوارچێوەی بەئەمنییەتیکردنی[(١)] پرسی مووشەکی وڵاتەکەیان دادەنێن.

لەم وتارەدا باس لەوە دەکەین، کە دەکرێت لەبنەڕەتدا سیاسەتی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی لە چوارچێوەی ستراتیژی بەرپەرچدانەوەدا[(٢)] خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام بەپێچەوانەی ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی نەریتی- بەرگریکارانە کە زۆر جار دەبێتە هۆی سەقامگیری و ئۆقرەیی، سیاسەتی بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامیی کە لەسەر بنەمای مووشەک داڕێژراوە، زیاتر لە خزمەت سیاسەتی پەلاماردەرانەی ئەو وڵاتەدایە. بە واتایەکی تر سیاسەتی مووشەکی کۆماری ئیسلامیی بریتییە لە پەلاماردان لەبەرگی بەرگریکردندا، بۆیە زیاتر ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە نەک ئۆقرەیی و ئارامی.

بۆ ئەو مەبەستە ئەم وتارە لە شەش بەش پێکهاتووە. سەرەتا بە کورتی ئاماژە بە چییەتی ستراتیژی بەرپەرچدانەوە کراوە. بەشی دووەم پرژاوەتە سەر ناوەڕۆکی سیاسەتی

بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامی. لە بەشی سێیەمدا باس لە توانا و جبەخانەی مووشەکی کۆماری ئیسلامی کراوە. بەشی چوارەم تەرخانکراوە بۆ دوو گێڕانەوەی دژبەیەک سەبارەت بە ئامانجەکانی پلانی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی. بەشی پێنجەم ڕوونکردنەوەیە سەبارەت بەوەی کە چۆن بەرپەرچدانەوە بەشێکە لە سیاسەتی پەلاماردەرانە و دەستێوەردەرانەی کۆماری ئیسلامی. لە کۆتاییدا ئەنجامی باسەکان پێشکەش کراوە.

### ستراتیژی بەرپەرچدانەوە

لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بیرۆکەیەک لەناو هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا لە ئارادا بوو سەبارەت بەوەی کە تاقە بژاردە بۆ ڕێگریکردن لە هێرشە ئاسمانییە بەربڵاوەکانی دوژمن، بریتییە لە نواندن و سەلماندنی توانای تۆڵەکردنەوە. بەپێی ئەو گریمانە، توانای تۆڵەکردنەوە لە ڕێگای هێرشی ئاسمانییەوە تاقە بژاردەبوو بۆ پاشگەزکردنەوەی لایەنی بەرامبەر لە پەلاماردان. ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی ستراتیژی بەرپەرچدانەوە بوو. بەڵام دوای شەڕی جیهانی دووەم، بەهۆی هاتنە کایەی چەکە ئەتۆمییەکان، ستراتیژی بەرپەرچدانەوە بە تەواوەتی جێگیربوو. هەرچی زیاتر دەردەکەوت کە شەڕی ئەتۆمی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت کارەساتێکی هەمەلایەنەی لێدەکەوێتەوە، لایەنەکان زیاتر لەوەی بیر لە دەرگیری و پێکدادانی ڕاستەوخۆ بکەنەوە، بەرەو پاراستنی خۆیان ڕادەکێشران. بۆیە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانەکانیشدا زیاتر جەختیان لەسەر خۆبواردن لە شەڕ دەکردەوە، تەنانەت ئەگەر قەیرانەکان چارەسەریشیان بۆ نەدۆزرایەتەوە[٣]، بەم چەشنە لە سەردەمی شەڕی سارددا ستراتیژی بەرپەرچدانەوە کە لەسەر بنەمای ترس و تۆقاندن و کاولکردنی دووقۆڵی یان دوولایەنە دانرابوو، سەری هەڵدا و کاریگەریی بەرچاوی لەسەر سیاسەت و ڕەفتاری ئەمریکا و سۆڤیەت دانا.

لەبەرئەوە، بەرپەرچدانەوە لە بنەڕەتدا، لەسەر بنەمای چەکە ئەتۆمییەکان دانرا. واتە سەرەڕای دوژمنایەتی و ناکۆکی ئایدۆلۆژی و دژبەیەکی بەرژەوەندییەکان، بەڵام چەکە ئەتۆمییەکان وایان کرد تێچووی هێرشبردن زۆر زیاتر بێت لە قازانجەکانی، بۆیە بڕیاردەرانی مۆسکۆ و واشنتۆن خۆیان لە شەڕ دەبوارد، چونکە ڕابەرانی هەر دوو وڵات لەوە ئاگاداربوون کە لایەنی بەرامبەر دوای بەرکەوتنی گورزی یەکەم (First strike)، هێندە چەکی ئەتۆمی لەبەردەست دەمێنێتەوە کە توانای وەشاندنی گورزی دووەم (Second strike) یان گورزی تۆڵەکردنەوەی هەبێت. بۆیە هیچ یەک لەو دوو وڵاتە ئامادەنەبوو بە شێوەی دەستپێشخەرانە هێرش بکات. گرنگی چەکە ئەتۆمییەکان لە خۆبواردنی لایەنەکان لە شەڕ و جێگیربوونی

سەقامگیری بە ڕادەیەک بوو کە "هێدلی بوڵ" (Hedley Bull) کە پێشەنگی "قوتابخانەی ئینگلیزی" (English School) بوو لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، ڕای وابوو کە کاریگەریی ئەو چەکانە هێندە زۆرە کە دامەزراوەیەک بە ناوی "بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمی" دێنێتە ئاراوە کە جیایە لە سیاسەتی هاوسەنگی هێز (-Balance of power) کە تا ئەو کات وەکو گرنگترین مکانیزمی جێگیرکردنی سەقامگیری و ئاشتی سەیر دەکرا[٤].

بۆیە دەتوانین بڵێین بەرپەرچدانەوە لە ئاسانترین پێناسە و فۆرمی خۆیدا بریتییە لە گرتنەبەری هەندێ سیاسەتی ژیرانە و لۆژیکی بەمەبەستی کاریگەری دانان لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری ئەوانی تر بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە[٥]. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، بەرپەرچدانەوە هەوڵێکە بۆ پاشگەزکردنەوەی لایەنی بەرامبەر لە ئەنجامدانی ڕەفتارێکی نەخوازراو لە ڕێگەی ترساندن و تۆقاندنی لە دەرئەنجامەکانی ئەو ڕەفتارە نەخوازراوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بەمجۆرە بەرپەرچدانەوە پێناسە دەکات: "ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی ڕەفتارێک لە ڕێگای ترساندن لە دەرئەنجامەکانی... بەرپەرچدانەوە حاڵەتێکی زەینییە کە لەسەر بنەمای هەڕەشەی باوەڕپێکراو بۆ تۆڵەکردنەوەی وێرانکەر دێتە ئاراوە".[٦]

بە شێوەی ئاسایی ئەو لایەنەی کە دەیەوێت بە شێوەی دەستپێشخەرانە هێرش بکات، چاوی لە دەستکەوت و قازانجە، بەڵام ئەگەر لایەنی بەرامبەر هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە بکات و هەڕەشەکە بڕواپێکراو بێت، ئەوا ئەو لایەنەی کە بڕیاریداوە هێرش بکات، پاشگەز دەبێتەوە، چونکە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە ئەنجامی هێرشەکەی لە جیاتی سوود و قازانج، زیان و خەسارەی بەدواوە بێت. چونکە بەو جۆرەی کە گوتمان لایەنی بەرامبەر هێندە توانای بۆ دەمێنێتەوە کە بتوانێت گورزی دووەم بوەشێنێت. لەم حاڵەتەدا، هەر دەستپێشخەرییەک بە واتای لەناوچوون و فەوتانی دووقۆڵییە. بۆیە گەمەکەرەکان هەرگیز دەستپێشخەری ناکەن و بەرپەرچدانەوە جێگیر دەبێت. واتە پێکەوەهەڵکردن و سەقامگیری بە هۆی خۆبوواردنی هەر دوو لایەن کاولکاریی و فەوتان دێتە ئاراوە.

ئەو ستراتیژییەی کە بەهۆی چەکە ئەتۆمییەکانەوە بوون بە بنەما، بە ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی نائاسایی (-Unconventional) ناوبانگی دەرکرد، بەڵام بەرپەرچدانەوە دەکرێت ئاساییش (Conventional) بێت. لە جۆرە ئاساییەکەیدا پێویست بە هەبوون یاخود خاوەندارێتی چەکی ئەتۆمی ناکات و بە گشتی وڵاتان دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لەو چەک و توانا سەربازییە کە لەبەردەستیانە و ئەو هەڕەشەیە کە دەتوانن بیخوڵقێنن، کاریگەری لەسەر لایەنی بەرامبەر دابنێن. بۆ

نموونە هەندێکجار بەرپەرچدانەوە لە نێوان دوو لایەنی خاوەن جبەخانەی مووشەکیدا دێتە ئاراوە. هەندێکجار تەنانەت وڵاتێکی زلهێز کە خاوەن چەکی ئەتۆمییە دەتوانێت بەبێ بەکارهێنانی ئەو چەکانە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بەرامبەر وڵاتانی بچووکتردا پشت بە ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی ئاسایی ببەستێت. بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆرجار لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی کە هەوڵی بەدەستهێنانی مووشەک یان چەکی ئەتۆمی دەدەن لە ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی ئاسایی سوودی وەرگرتووە[٧]. ئەوەی کە لەم وتارەدا مەبەستمە بەرپەرچدانەوەی ئاسایی بە کەڵکوەرگرتن لە توانای مووشەکییە.

شیاوی ئاماژەیە جێگیربوونی ستراتیژی بەرپەرچدانەوە، چ ئاسایی بێت یاخود نائاسایی، پێویستی بە چەند فاکتەرێکە کە بریتین لە:

یەکەم: وڵاتانی جێبەجێکەری ئەو ستراتیژییە پێویستە هەوڵی بەدەستهێنانی نوێترین و قورسترین چەکەکان بدەن، کە توانای کاولکارییان زۆریان هەبێت.

دووەم: پێویستە هەڕەشەی تۆڵەکردنەوە باوەڕپێکراو و شیاوی جێبەجێکردن بێت و دوژمن باوەڕ بکات، کە هەڕەشەکەر هەم توانا و هەم ئیرادەی جێبەجێکردنی هەیە، چونکە هەڕەشەی باوەڕپێنەکراو لە لایەن گەمەکەری بەرامبەرەوە پشتگوێ بخرێت و لەو حاڵەتەدا بەرپەرچدانەوە جێگیر نابێت و ئەگەری دەستپێشخەری بۆ وەشاندنی گورزی یەکەم لە ئارادایە.

سێیەم: پێویستە هەر دوو لایەن عاقڵ و ئاوەزمەند بن، واتە هەڵسەنگاندن بۆ زیان و دەستکەوتەکان بکەن و لەوە تێبگەن کە هەر جۆرە شەڕێک نەک هیچ قازانجێکی بۆ هیچ لایەنێک نابێت، بەڵکو خەسارەکانی زیاتر دەبێت.

چوارەم: پێویستە ڕێگا یان کەناڵێک بۆ پەیوەندی و گفتوگۆ لە نیوان لایەنەکاندا هەبێت، چونکە پێویستە لایەنەکان هەم ئاگاداری توانا و هێزی لایەنی بەرامبەر بن و هەم لە بەرژوەندی و مەبەست و ناوەڕۆکی هەڕەشەکانی یەکتری ئاگادار بن[٨].

بەو وەسفە، دەردەکەوێت بەرپەرچدانەوە تا کاتێک لە ئارادایە کە شەڕ دەستپێنەکات، هەڵگیرسانی شەڕ بەو واتایە دێت کە بەرپەرچدانەوە تووشی شکستبووە[٩]. کەوا بێت، بەرپەرچدانەوەی بەرگریکارانە دەتوانێت ببێتە هۆی پێکەوەهەڵکردن و سەقامگیری ڕێژەیی. هەربۆیە زۆرجار ئەو وڵاتانەی کە تەقەلای چڕوپڕ بۆ بەدەستهێنانی چەکی جۆراوجۆر دەدەن، هەوڵدەدەن وای بنوێنن کە ئەو هەوڵانەیان لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی بەرگریکارانەدایە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە چوار مۆدێلی بەرپەرچدانەوە لە ئارادان کە بریتین لە:

یەکەم: بەرپەرچدانەوەی بەرگریکارانە (Defensive)، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە

پاراستنی یەکپارچەیی و سنوورەکانی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لەسەر سنوورەکان.

دووەم: بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە (Of-fensive) کە تێیدا هەوڵدەدرێت گۆڕەپانی ململانێ و گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ دوژمنان بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکان.

سێیەم: تێکەڵێک لە هێرش و بەرگری کە لایەنی بەرگریکارانەی زاڵترە[١٠].

وتمان، کۆماری ئیسلامییش بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەوڵەکانی بۆ بەرهەمهێنانی مووشەک تەقەلایەکی بەرگریکارانەیە و لە چوارچێوەی ستراتیژی بەرپەرچدانەوەدا ڕەوایی هەیە. گریمانەی سەرەکی ئەم وتارەش ئەوەبوو کە ڕاستە ئەو هەوڵانە لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەدا دەگونجێن، بەڵام لە جۆری هێرشبەرانەکەی. دواتر بە وردی دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە، بەڵام پێش ئەوە، پێویستە باس لە پێگەی بەرپەرچدانەوە لە سیاسەتی سەربازی و پێگەی مووشەک لە ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی ئەو وڵاتەدا بکەم.

## ستراتیژی بەرپەرچدانەوە لە سیاسەتی سەربازیی کۆماری ئیسلامییدا

ئەگەرچی ستراتیژی وردەکاریی بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامیی، وەکو بەڵگەیەکی نووسراو بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بە لێکدانەوەی هەندێ وتار و ناوەڕۆکی لێدوانەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی، دەکرێت تا ڕادەیەک تێبگەین مەبەستیان لەو ستراتیژییە چییە؟

بە گشتی لە ئێراندا ئاماژە بۆ دوو جۆر بەرپەرچدانەوەی ڕێک یا هاوخشت (Symmet-ric) و نارێک یاخود ناهاوخشت (Asymmet-ric) دەکرێت. بەرپرسانی تاران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی دوو جۆر هەڕەشەی هاوخشت و ناهاوخشتە. هەڕەشەی هاوخشت وەکو ئەو هەڕەشانەی لە لایەن دەوڵەتێکی ئاسایی وەکو ئیسرائیلەوە لێیان دەکرێت و هەڕەشەی ناهاوخشت وەکو ئەوانەی خۆیان بە هەڕەشەی گروپە تیرۆریستییەکان و هەڕەشی نەرم و کلتووری ناوی دەبەن. بەم پێیە باس لەوە دەکرێت کە ستراتیژی سەربازی ئێران لەسەر بنەمای ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی هەمەلایەنە دانراوە، کە بەرەنگاری هەر دوو جۆرە هەڕەشەکە ببێتەوە[١١]. بۆ نموونە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی ناهاوخشتی سایبەری ڕێکخراوی ئەرتەشی سایبەری دامەزراوە[١٢] و بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی هاوخشت، جۆرە جیاوازەکانی چەک هاوردە دەکرێن یان بەرهەم دەهێنرێن.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی گرنگییەکی فراوان بەو ستراتیژییە دەدەن، بە چەشنێک کە لە هەندێ لە بەڵگە ستراتیژییەکانیشدا ئاماژەی پێکراوە. بۆ نموونە "بەڵگەنامەی ئاسۆی ١٤٠٤" [سند چشم انداز ١٤٠٤]ی

کۆماری ئیسلامیی ئاماژە بەوە دەکات سیاسەتی ئەو وڵاتە بریتییە لە "بەرگری لەسەر بنەمای بەرپەرچدانەوەی هەمەلایەنەیە[١٣]". محەمەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران دەڵێت، سیاسەتی سەربازی ئێران بریتییە لە "بەرگریی و بەرپەرچدانەوە لەسەر بنەمای وەشاندنی گورزی یەکلاکەرەوە، بەهێز و خێرا لە مەودای دوور و نزیکەوە لە دوژمن[١٤]". حەسەن فیروزئابادی سەرۆکی بنکەی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ئێرانی لە ساڵی ٢٠١٤ ڕایگەیاندبوو، دۆکترینی بەرگریکارانەی ئێران لەسەر بنەمای بەرپەرچدانەوە دانراوە[١٥]. عەلی خامنەیی ڕابەری کۆماری ئیسلامیی لەو بارەوە دەڵێت: " ئەوەی تا ئێستا کۆماری ئیسلامیی بەدەستیهێناوە... بۆ بەرپەرچدانەوە بەدەستیهێناوە. لەمەبەدواش بەو ئاقارەدا دەچێت... تا بۆمان بکرێت هەموو هەوڵێک دەدەین توانای بەرپەرچدانەوەمان بەرز بکەینەوە... بۆ ئەوەی دوژمن بیر لە هێرش نەکاتەوە و ئاگادار بێت کە ئەگەر پەلامار بدات، گورزێکی گەورەی بەر دەکەوێت[١٦]". هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە "توانا و گورزی بەبڕشتی کۆماری ئیسلامیی لە بواری بەرگریدا، لەڕاستیدا توانای بەرپەرچدانەوەی ئێرانە[١٧]".

ئەم بەرپەرچدانەوە کە بەرپرسانی ئێران باسی لێدەکەن پشت بە چەند فاکتەرێک دەبەستێت، کە بریتین لە:

یەکەم: کۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران و بە تایبەت سوپای پاسداران و ئەرتەش کە هەر یەک لەوانە خاوەن هێزی ئاسمانی، هێزی دەریایی و هێزی زەمینی تایبەت بە خۆیانن. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەموو هەوڵەکانی ئەو هێزانە لە بواری بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی چەکی جۆراوجۆر، لەوانە فڕۆکەی جەنگی، تانک، درۆن، سیستەمی بەرگریی دژە مووشەکی، تاقیکردنەوەی مووشەکە جۆراوجۆرەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی ڕاهێنان و توانای شەڕکردنی هێزەکان، دروستکردنی کەشتی جەنگیی و بەلەمە خێراکان و ژێردەریایی و بۆمهاوێژەکان و جۆرە جیاوازەکانی ڕادار و کەلوپەلی شەڕی ئەلکترۆنی و دروستکردنی بنکە سەربازییەکان لەسەر سنوورەکان بۆ پتەوکردنی بەرپەرچدانەوەیە.

دووەم: توانای بەئامانجکردن و پەلاماردانی بنکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەو وڵاتە لە ناوچەکە.

سێیەم: کەڵکوەرگرتن لە یارمەتی هاوپەیمانانی خۆی لە ناوچە، ئەمەیان ئاماژەیە بۆ کاری تێکدەرانە لە لایەن گروپە میلیشیاکانی سەر بە تارانەوە.

چوارەم: هەڕەشەی داخستنی ڕێگاکانی هەناردەکردنی وزە، ئەمە بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە ئێران بەردەوام هەڕەشەی داخستنی گەرووی هۆرموز دەکات، بەرجەستەتر بووەتەوە و نیگەرانی وڵاتانی ناوچە و ڕۆژاوای لێ کەوتووەتەوە.

پێنجەم: جەنگی ناهاوخشت کە ئاماژەیە بۆ لێدان و زیانگەیاندن بە شارەکانی دوژمن، دامەزراوەکانی ئاو و کارەبا و بەنداو و، تێکدانی سیستەمی زانیاریی لایەنی بەرامبەر و شەڕی سایبەری.

شەشەم: تیرۆر، کە لە ئێراندا بە ئۆپەراسیۆنی ئیستیشهادی ناو دەبرێت. ئەمە بەئاشکرا ئاماژەیە بۆ بژاردەی تیرۆر. بەئامانجکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان هەم دەتوانێت بەشێک لە ئۆپەراسیۆنی ئیستیشهادی بێت و هەم بەشێک لە شەڕی ناهاوخشت.

حەوتەم: بەکارهێنانی مووشەک[١٨].

لەناو ئەو فاکتەرانەدا کۆماری ئیسلامیی بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو زۆرترین گرنگی بە دوایین فاکتەر، واتە بەرهەمهێنانی مووشەک بۆ پتەوکردنەوەی توانای بەرپەرچدانەوە داوە. ڕەنگە ئەوەش لەبەر دوو هۆ بێت، یەکەم، لەبەر کێشە و گرفتی کۆماری ئیسلامیی بۆ کڕینی فڕۆکەی شەڕکەر و پێکهێنانی هێزی ئاسمانی تەواو بەهۆی گەمارۆی ئەمریکا و دووەم، تێچووی کەمی بەرهەمهێنانی مووشەک کە بە چەکی هەژاران ناسراوە[١٩].

ڕۆڵی مووشەک لەو ستراتیژییەدا هێندە گرنگە کە هەندێ لە نووسەران و شارەزایان ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی ئێران دابەشدەکەن بۆ دوو جۆری بەرپەرچدانەوەی نەریتی و بەرپەرچدانەوەی مووشەکی[٢٠]. بۆیە کۆماری ئیسلامیی لە دوو دەیەی ڕابردوودا، جبەخانەیەکی گەورەی مووشەکیی بنیات ناوە.

## جبەخانەی مووشەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران

لە کۆتایی حەفتاکاندا، کە هێشتا ڕژێمی پاشایەتی لەسەر دەسەڵات بوو، ئێران هەوڵیدا بە نزیکبوونەوە لە ئەمریکا هاوشێوەی ئەو مووشەکانە لە واشنتۆن بکڕێت کە بە تورکیای فرۆشتبوو، بەڵام ئەمریکا ئەو داواکارییەی ڕەتکردووە. محەمەد ڕەزا شا، بەرەو ئیسرائیل وەرگەڕا و هەوڵیدا بە هاریکاری ئەو وڵاتە مووشەکی بالستیک بەرهەم بهێنێت. تاران و تەلئەبیب لە ساڵی ١٩٧٧ ڕێککەوتننامەیەکی نهێنییان لەو بوارەدا واژۆ کرد. ڕژیمی شا هاوکات هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمیش دەستپێکردبوو، بەڵام شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کۆتایی بەو هەوڵانە هێنا. شەڕی ئێران- عێراق (١٩٨٠-١٩٨٨) کە دوای دەسەڵاتگرتنی کۆماری ئیسلامیی هەڵگیرسا، دەسەڵاتدارانی تارانی بەو قەناعەتە گەیاند کە دەستپێڕاگەیشتن بە توانای مووشەکی بۆ ئاسایشی وڵاتەکەیان پێویستە[٢١]. مووشەکەکان لەو شەڕەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا، بەتایبەت لە کانوونی دووەم تا نیسانی ١٩٨٨ کە شەڕی شارەکان (War of the Cit-ies) لە ئارادا بوو و عێراق توانی تەنانەت شاری تاران، پایتەخی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە مووشەکی دوورهاوێژ بکاتە ئامانج. ئەو شەڕە ورەی ئێرانییەکانی دابەزاند و زیاتر لە یەک

لەسەر چواری دانیشتوانی تاران هەڵهاتن و ئەوەش ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە بڕیاری ڕابەری کۆماری ئیسلامیی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ[٢٢]. هەڵبەت ئێرانیش لە کۆتاییەکانی ئەو شەڕەدا هەوڵەکانی بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە مووشەک چڕتر کردبووەوە، بەڵام بەهۆی گەمارۆ جیهانییەکان نەیدەتوانی چەک و کەلوپەلی سەربازی لە وڵاتانی زلهێز بکڕێت، بۆیە هەوڵیدا مووشەکی SCUD-B بە شێوەی نهێنی لە وڵاتانی سوریا، کۆریای باکوور و لیبی هاوردە بکات و وێڕای ئەوەی کە لە شەڕی شارەکاندا کەڵکی لێوەرگرتن هەوڵیشیدا خۆی بەرهەمییان بهێنێت[٢٣]. بە کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە کۆماری ئیسلامیی پلانێکی توکمەی بۆ دەستپێڕاگەیشتن و بەرهەمهێنانی مووشەک داڕشت و لە ئێستادا خاوەن جبەخانەیەکی گەورەی مووشەکی جۆراوجۆری کورتهاوێژ (SRBMs)[٢٤] و نێوانهاوێژە (MRBMs). بە تایبەت وڵاتانی ڕووسیا، چین و کۆریای باکوور یارمەتی زۆریان بە ئێران لەو بوارەدا دا[٢٥].

بەگوێرەی سەرچاوەکان جبەخانەکەی کۆماری ئیسلامیی لە ئێستادا ئەم جۆرە مووشەکانە لە خۆ دەگرێت:

یەکەم: مووشەکە بالستیکە نێوانهاوێژەکان کە بریتین لە: مووشەکەکانی شەهابی ٤، ٥ و ٦ (٢٠٠٠ تا ٢٥٠٠ کم)، مووشەکی سجیل (٢٠٠٠ کم)، عاشورا (٢٠٠٠ کم)، خورەمشەهر کە پێدەچێت لە ڕووی تەکنۆلۆژیای مووشەکی موسودان (Musudan)ی کۆریای باکوورەوە بەرهەم هاتبێت (٢٠٠٠ کم)، عیماد (١٧٠٠ کم)، حاج قاسم (١٤٠٠ کم)، خەیبەرشکەن (١٤٠٠ کم)، شەهاب ٣ کە دەگوترێت هەمان مووشەکی نۆدۆنگی (NODONG) کۆریای باکوورە (١١٥٠ تا ١٣٠٠ کم)، قەدر- ١١٠ کە چەندین جۆری جیاوازی هەیە (١١٠٠ تا ٢٥٠٠ کم)، شاهین ١ و ٢ (١٠٠٠ کم)، دزفول (١٠٠٠ کم).

دووەم: مووشەکە کورتهاوێژەکان کە بریتین لە مووشەکی قیام کە بەگوێرەی میدیاکان یەکێک لەو مووشەکانە بوو کە بۆ هێرشکردنەسەر بنکەکانی ئەمریکا لە عەین ئەسەد کەڵکی لێوەرگیرا (٨٠٠ کم)، زولفەقار کە بەگوێرەی زانیارییەکان لە هێرشی ساڵی ٢٠١٧ بۆ ناوچەی دەیرەزووری سووریا کەڵکیان لێوەرگیرا (٧٠٠ کم)، مووشەکەکانی جۆری شەهابی ١ و ٢ کە لە ڕووی تەکنۆلۆژیای مووشەکی SCUD-B و SCUD-C بەرهەم هاتوون (٣٠٠ تا ٥٠٠ کم)، مووشەکی فاتح -١١٠ کە بە وردترین مووشەکی ئێران ناسراون و دەگوترێت هێرشی ساڵی ٢٠١٨ بۆسەر قەڵای دیموکرات لە کۆیە بە کەڵکوەرگرتن لەو مووشەکانە بووە (٣٠٠ کم)، فاتح-٣١٣ کە ئەمیش لە هێرش بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکا لە عەین ئەسەد کەڵکی لێ وەرگیرا (٥٠٠ کیلومەتر)، توندەر-٩٦ (٣٠٠ کم).

سێیەم: سێ جۆر مووشەکی کرووز بە

ناوەکانی مووشەکی ئاسمانی یا عەلی (٧٠٠ کم)، سومار (٢٥٠٠ تا ٣٠٠٠ کم) و مووشەکی هوەیزە (١٣٥٠کم).پێدەچێت ئەمانە هەمان مووشەکەکانی Raduga Kh-55 ڕووسیا بن کە چەندین ساڵ پێش لە وڵاتی ئوکرانیا هاوردەی کردبێت.

چوارەم: چەندین جۆری مووشەکی کورتهاوێژ و ڕۆکێتی تر کە بریتین لە:

- ڕۆکێتی تۆپخانەیی جۆری زلزال-١ (١٢٥ کم)، زلزال-٢ (٢١٠ کم) و زلزال-٣ (٣٠٠ کم)، عەسر (٢٦٠ کم)، نازعات ٦ و ١٠ (١٠٠ تا ١٥٠ کم)، فەجر لە جۆرەکانی ١،٢،٣،٤،٥ کە لە ڕووی نموونەی ڕۆکێتی چین یاخود کۆریای باکوورەوە سازکراون ( ٤٥ تا ٧٥ کم)، عۆقاب (٤٥ کم)، توندەر- ٦٩ (١٥٠ کم) و سەمید (؟).

-مووشەکی جۆری زەمین بۆ ئاسمان بە ناوەکانی محراب (٤٠ کم)، شاهین (٤٥ کم)، میثاق ١ و ٢ (٥ کم)، سەیاد (٦٠ کم)،

-مووشەکی زەویی بۆ زەویی ثاقب (٥٠٠ م تا ٨ کم)، مرساد (٤٥ کم)، زوبین (٢٠ کم)،

-مووشەکی دژە کۆپتەری قائم (؟)،

-مووشەکی دژە تانک لە جۆرەکانی ساعقە (؟)، توفان ٢ و ٥ (٧٠ تا ٣٨٥٠ مەتر)، توسەن (١٠٠٠ م) و دهلاویە (١٠٠ تا ٥٥٠٠ م)

-مووشەکی دژە کەشتی بە ناوەکانی خەلیج فارس (٣٠٠ تا ٦٥٠ کم)، نور (٣٠ کم)، حوت (١٥ کم)، نەسر (٣٥ کم)، زەفەر (٨ تا ٢٥ کم)

- مووشەکی ئاسمان بۆ زەوی بە ناوەکانی شەفەق-٣ (١٠ کم)، ستار (١٥ کم)

- مووشەکی ئاسمان بۆ ئاسمان بە ناوی فاتر (٤٠ کم)

- هەروەها چەنیدن جۆر گوللەی کاتیوشا بە ناوەکانی ئارەش، فەجر، فەلەق ١ و ٢، عۆقاب و حاسب[٢٦].

لەپاڵ ئەوانەدا ئێران ڕایگەیاندووە یەکەمین مانگی دەستکردی بەناوی ئومید لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩، دووەم مانگی دەستکردی بەناوی ڕەسەد لە ساڵی ٢٠١١ و سێیەم مانگی بەناوی سیمۆرغ بە کەڵکوەرگرتن لە مووشەکی سەفیر لە ساڵی ٢٠١٦ لە خولگەی زەوی جێگیر کردووە. هەروەها لە مووشەکی "کاوشگر" بۆ ڕەوانەکردنی گیانلەبەرە زیندووەکان بۆ ئاسمان و گەڕاندنەوەیان بۆ زەویی کەڵکی وەرگرتووە[٢٧]. هەروەها سوپای پاسدارانی ئێران یەکەمین مانگی دەستکردی سەربازیی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ ڕەوانەی ئاسمان کرد و بەرپرسانی ئێران ڕایانگەیاند مانگی دەستکردی "نور" بە کەڵکوەرگرتن لە مووشەکی "قاسد" لە مەودای ٤٢٥ کیلومەتری زەوی جێگیر بووە. هەڵبەت چەندین تاقیکردنەوەش شکستیان هێناوە، بۆ نموونە هەوڵێکی تر بۆ جێگیرکردنی مانگی دەستکرد لە هێڵی سەرەوەی ٥٠٠ کم لە دوایین قۆناغدا بە هۆی نەبوونی خێرایی پێویست شکستی هێنا، دەگوترێت ئەمریکا دەستی لەو شکستانەدا هەبووە، چونکە واشنتۆن بەردەوام ڕایگەیاندووە کە ئێران لەژێر ناوی پلانی ئاسمانی هەوڵی تاقیکردنەوەی مووشەکی

بالستیکی کیشوەربڕ دەدات[٢٨].

بەهەرحاڵ، ئێران لە ئێستادا خاوەن جبەخانەیەکی گەورەی مووشەکییە و تەنانەت بەپێی هەندێ سەرچاوە گەورەترین وڵاتی خاوەن توانای مووشەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوای کۆریای باکوور دووەمین وڵات لەناو وڵاتانی ڕوو لە گەشەیە[٢٩]. بە شێوەیەک کە تا ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە ١٠٠٠ مووشەکی بالستیکی هەبووە[٣٠]، بەو حاڵەش بە شێوەیەکی نەپچڕاو هەوڵی پەرەپێدانی زیاتر بە توانای خۆی لەو بوارەدا دەدات و تەنانەت بڕیارنامەی ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە بەشێک لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٦ بوو و بەمەبەستی سنووردارکردنی چالاکییە مووشەکییەکانی ئێران داڕێژرابوو[٣١]، هەروەها بڕیارنامەکانی دواتری ئەو ئەنجومەنە بۆ سنووردارکردنی پلانە مووشەکییەکانی ئێران، نەبوونە هۆی ئەوەی تاران کۆتایی بە هەوڵەکانی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی مووشەک بهێنێت. لە گفتوگۆ ئەتۆمییەکانی ئەم دواییانەشدا کە بە گفتۆگۆی ڤییەنا ناسراون، واشنتۆن سەرەتا خوازیاری جۆرە ڕێکەوتنێک بوو کە سنووردارکردنی چالاکییە مووشەکییەکانی ئەو وڵاتەش لەخۆ بگرێت، بەڵام کۆماری ئیسلامی تا ئێستا ئەوەی ڕەتکردووەتەوە و جەختی کردووەتەوە هەرگیز گفتوگۆ لەسەر مووشەکەکانی ناکات و درێژە بە چالاکییەکانی خۆی لەو بوارەدا دەدات. ئەو وڵاتە زۆرێک لەو مووشەکانەی لەژێر زەویی و لەناو تونێلەکاندا حەشار داوە بۆ ئەوەی هەم بە نهێنی پەرەیان پێبدات و هەم وڵاتانی دژبەر توانای هێرشی پێشدەستانەیان نەبێت، ئەوەش وایکردووە باقی وڵاتان هەرگیز لە هەڕەشەی مووشەکی تاران بێئاگا نەبن و بەدرێژایی دوو دەیەی ڕابردوو بەردەوام نیگەرانی خۆیان لەو هەڕەشەیە دەربڕیوە، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی گێڕانەوەیەکی جیاوازیان لە هەوڵەکانی خۆیان لەو بوارەدا هەیە و بەرهەمهێنانی هەرچی زیاتری مووشەک بە هۆکاری سەقامگیری و ڕێگریکردن لە هەڵگیرسانی شەڕ پێناسە دەکەن. واتە دوو گێڕانەوە لە یەک چەک لەئارادایە و هەر یەک بەڵگەی جیاواز دەخەنە بەردەست.

**نزیکبوونەوەی وڵاتانی عەرەبیی لە ئیسرائیل و سڕینەوەی گرژی و ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئەووڵاتە تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی هەستکردن بە مەترسی و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە.**

**یەک چەک و دوو گێڕانەوە:**
**هێرشبەرانە و بەرگریکارانە**

زۆرێک لە وڵاتان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەردەوام نیگەرانیی خۆیان لە چالاکییە مووشەکییەکەی ئێران دەربڕیوە. وڵاتانی عەرەبی ناوچەی کەنداو، ڕایانگەیاندووە مووشەکەکانی ئێران دەبنە هۆی چڕبوونەوەی ڕەوتی کێبڕکێی چەکوچۆڵ[٣٢]، چونکە کۆماری ئیسلامیی ویستی دوژمنکارانەی هەیە و مووشەکەکان ئاسایشی نیشتمانی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە. بەکردەوەش ئەو وڵاتانە لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵیانداوە بە کڕینی چەک و کەلوپەلی سەربازی و مووشەک و دامەزراندنی سیستەمی بەرگری دژە مووشەکی بە هاریکاری ئەمریکا هاوسەنگی سەربازی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی بپارزێن، یاخود لانیکەم کەلێنی هێزیان لەگەڵ ئەو وڵاتە کەم بکەنەوە[٣٣]. تەنانەت دەکرێت بڵێین نزیکبوونەوەی وڵاتانی عەرەبیی لە ئیسرائیل و سڕینەوەی گرژی و ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی هەستکردن بە مەترسی و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش بەردەوام ڕایگەیاندووە سیاسەتی مووشەکیی ئێران هەڕەشەیە بۆسەر هاوپەیمانانی واشنتۆن لە ناوچەکە و ناسەقامگیرکردنی زیاتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێکدانی ئاسایشی نێونەتەوەیی. بۆ نموونە، کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٩ باراک ئۆباما سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا پلانی یەکپارچەیی سیستەمی بەرگریی دژەمووشەکی[٣٤] لە ئەوروپا ڕاگەیاند، ئاماژەی کرد بە هەڕەشەی مووشەکی ئێران وەکو سەرەکیترین هۆکاری دامەزراندنی ئەو سیستەمانە. ئۆباما وتی، بەپێی زانیارییەکانی دامودەزگا هەواڵگرییەکانمان هەڕەشەی مووشەکی بۆسەر ئەوروپا جدییە. دوای ئەوە، ئیڤۆ دالدێر (Ivo daalder) نێردەی ئەمریکا لە ڕێکخراوی ناتۆ ئەو ڕوانگەیەی ئۆبامای سەبارەت بە هەڕەشەی مووشەکی ئێران بۆ وەزیرانی بەرگریی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ دووپاتکردەوە و جەختی کردەوە کە ئەمریکا لەو بابەتە نیگەرانە. دالدێر گوتی "ئێمە ئێستا لەوە ئاگادارین کە ئێران سەرقاڵی بەرهەمهێنانی سەدان مووشەکی بالستیکە و مەترسی بۆ سەر دراوسێکانی دروستدەکات، گوتیشی ئێران چالاکانە سەرقاڵی پەرەپێدان و تاقیکردنەوەی مووشەکە بالستیکەکانە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هێرش بکاتە سەر ئەوروپا"[٣٥].

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، لە ساڵی ٢٠١٠ دەقی توێژینەوەیەکی لەژێر ناوی "پێداچوونەوەی بەرگەریی دژە مووشەکی"(Ballistic Missile Defense Review) بڵاوکردەوە کە باسی لەوە دەکرد کە بەرنامەی مووشەکە بالستیکەکانی ئێران مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆ ناوچە و هەروەها مەترسییەکی شاراوەیە بۆ ئەمریکا.

ئەو ڕاپۆرتە ئاماژەی کردبوو کە ئێران هەوڵی پەرەپێدان و تاقیکردنەوەی جۆرە مووشەکێک دەدات کە بتوانێت ئەوروپا بکاتە ئامانج. باسی لەوەش کردبوو کە جۆرە جیاوازەکانی مووشەکی شەهاب و باقی موشەکەکانی کۆماری ئیسلامیی کە نزیکەی ٢٠٠٠ کم دەبڕن، جێگای نیگەرانین. جەختیشی لەوە کردبووەوە کە بەرپرسانی ئێران پشتڕاستیان کردووەتەوە کە ئەو مووشەکانەیان لەبەردەستە و دەتوانن وڵاتانێکی وەکو تورکیا، یۆنان، بولگاریا و ڕۆمانی بکەنە ئامانج. ئاماژە بەوەش کرابوو کە کۆماری ئیسلامیی سەرقاڵی پەرەپێدان بە جۆرێک مووشەکی دوورهاوێژە کە بتوانێت هەڕەشە بۆ ویلایەتە یەکگرووەکانی ئەمریکا دروستبکات[٣٦].

مایکل تی فلین، سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگری وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٤ هۆشداری دا کە "ئێران توانای هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئامانجەکانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەیە... مووشەکە بالستیکەکانی ئێران هەڕەشەیەکی جدی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژئاوا (تورکیا، ئیسرائیل و میسر) تا باشوور (سعودیا و باقی وڵاتانی ناوچەی کەنداو) و تا ڕۆژهەڵات (ئەفغانستان و پاکستان) بە هەژمار دێن[٣٧].

هەروەها لە ڕاپۆرتێکدا کە چەندین پێشنیاری ئاڕاستەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە کەڵکوەرگرتن لە سیستەمێکی دژە مووشەکی هەمەلایەنەتر کردبوو، ئاماژە بەو خاڵە کراوە کە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران ناتوانێت هۆکارێک بێت بۆ کۆتاییهاتنی هەڕەشەی مووشەکی ئەو وڵاتە. بۆیە پێشنیار بە دۆناڵد ترەمپ کرابوو لەو بارەوە هەنگاوی پێویست بنێت[٣٨].

لە دوایین کاردانەوەدا، دوای تاقیکردنەوەی مووشەکی "خەیبەرشکەن" لە چل و سێیەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی لە ڕۆژی ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، جۆن کربی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە واشنتۆن ڕایگەیاند، ئێمە [ئەمریکا] ئاگادارین پلانی مووشەکی ئێران چ مەترسییەکی بۆسەر ناوچە هەیە، بۆیە بە جدی لەگەڵ هاوپەیمانانی خۆمان لە ناوچە کار دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنگاری ئەو مەترسیانە ببینەوە و لەوە دڵنیا ببینەوە کە هاوپەیمانانمان لە ناوچەکە توانای بەرگریکردن لە خۆیان دەبێت. جالینا پورتر جێگری وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش ڕایگەیاند، پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی مووشەکە بالستیکەکانی ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نێونەتەوەیی و تەحەدایەکی گەورەیە بۆسەر پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی مووشەکەکان[٣٩].

وڵاتانی ئەوروپاش توانای مووشەکی تاران بە مەترسییەک بۆ سەر خۆیان دادەنێن. لە

ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی ناتۆ لە ستراسبۆرگ لە ساڵی ٢٠٠٩ هاتبوو کە ئەوان نیگەرانیی جدییان هەیە سەبارەت بە پلانی مووشەکی و ئەتۆمی ئێران. هەروەها زۆرینەی ئەندامانی ناتۆ کە لە کۆبوونەوەی لیسبۆن لە ساڵی ٢٠١٠ بەمەبەستی بڕیاردان سەبارەت بە سیستەمی بەرگری دژە مووشەکی ئەوروپا کۆ ببوونەوە، جەختیان لەسەر هەڕەشەی مووشەکی ئێران کردەوە.

وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لە لایەکەوە نیگەرانی هاوکارییەکانی ئێران و باقی وڵاتانن لە بواری چالاکی مووشەکیدا، لەلایەکی تریشەوە نیگەرانی ڕادەستکردنی مووشەکی زیاتر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەن بە گرووپە میلیشیاکان[٤٠]. جگە لەوەش، هاوکاتبوونی چالاکییە مووشەکی و ئەتۆمییەکان، ئەو وڵاتانەی نیگەران کردووە کە ئەو مووشەکانە لە داهاتوودا بۆ هەڵگرتنی کڵاوکەی ئەتۆمی بەکار بهێنرێن. لە ڕاستیدا ئێران تاقە وڵاتێکی نائەتۆمییە کە مووشەکی زیاتر لە ٢٠٠٠ کیلۆمەتری بەرهەمهێناوە. ئەوەش وایکردووە باقی وڵاتان زیاتر بەدگومان بن، بەتایبەت ئەمریکییەکان بەردەوام پلانی مووشەکی ئێرانیان گرێ داوەتەوە بە پلانی ئەتۆمی ئەو وڵاتەوە و دەڵێن، ئەو هەڕەشانە لە داهاتوودا گەورەتر و مەترسیدارتریش دەبن، چونکە تاران لە ڕابردوودا هەندێ چالاکی ئەنجامداوە کە بوونەتە هۆی نیگەرانی، ئەگەر بتوانێت تەکنۆلۆژیای مووشەکی کیشوەربڕ بەدەست بهێنێت و توانای بەئامانجگرتنی یەکێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکای بێت، دەتوانێت گوشار بخاتە سەر واشنتۆن و هاوپەیمانانی ئەو وڵاتە. بەم چەشنە دەکرێت بڵێین زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئەوروپا و واشنتۆن هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی مووشەکی زیاتر بە هەڕەشە و مەترسییەک لەسەر ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناسەقامگیرکردنی ئاسایشی جیهانی دادەنێن.

بەڵام بەو جۆرەی پێشتر ئاماژەم دا، گێڕانەوەی کۆماری ئیسلامیی بە شێوازێکی ترە. واتە سەرەڕای ئەوەی بەرپرسانی ئەو وڵاتە نکۆڵی لە هەوڵەکانی خۆیان لەو بوارەدا ناکەن و بەردەوام لە لێدوانەکانیاندا باسی تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی مووشەکە جیاجیاکان دەکەن و بە ئاشکرا ڕایدەگەیێنن کە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی مووشەکییان هەیە، بەڵام دەڵێن هەموو ئەو هەوڵانە لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرپەرچدانەوەی بەرگریکارانەدان. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی بە ئاماژەدان بە بەرپەرچدانەوەی بەرگریکارانە هەوڵیانداوە ڕەوایی بە هەموو هەوڵەکانی خۆیان لە بواری مووشەکیدا بدەن و بە کەرەسەی تۆڵەکردنەوە بیانناسێنن. بۆ نموونە لەو بارەوە محەمەد عەلی جەعفەری وەزیری پێشووی بەرگری ئێران سەبارەت بە بەرهەمهێنانی مووشەکی شەهابی ٣ دەڵێت:

"ئێمە خۆمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گورزی یەکەم ئامادە کردووە بۆ ئەوەی کەمترین خەسارمان پێ بگات، سەرەڕای ئەوە، خۆمان ئامادەی وەشاندنی گورزی دووەمیش کردووە کە دەتوانێت تۆڵەیەکی توند بێت لە هێرشبەر و ڕێگری بکات لە هێرشی سێیەم بۆ سەر ئێمە"[٤١]. بۆیە بەرهەمهێنانی مووشەک وەکو پێویستییەکی بەرگریکارانە سەیردەکرێت و تەنانەت لە پلانە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتەدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە، لە دەقی سیاسەتە گشتییەکانی بەرنامەی شەشەمی گەشەی ئێران جەخت لەسەر "گەشەپێدان بە توانای مووشەکی" کراوەتەوە[٤٢].

بەڵام سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باقی جیهان دەرخەری ئەوەن، کە سیاسەتی مووشەکی بەشێکە لە ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانەی ئەو وڵاتە و مووشەک خزمەتی سیاسەتی دەستێوەردانەکانی بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. واتە خاوەندارێتی جبەخانەیەکی گەورەی مووشەکی وایکردووە کە کۆماری ئیسلامیی تا ڕادەیەک بە دڵنیایی و بەبێ نیگەرانی لە تۆڵەکردنەوە، لە کاروباری وڵاتانی جۆراوجۆری ناوچە تەنانەت هەندێکجار دەستێوەردانی سەربازیی بکات. ئەمە بەو واتایە دێت کە ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامیی نەک بەرگریکارانە و سەقامدەر نییە، بەڵکو ئاسانکاریی بۆ سیاسەتی پەلاماردەرانەی ئەو وڵاتە دەکات و بووەتە هۆی ناسەقامگیری زیاتری ناوچەکە. لە درێژەدا بە شێوەیەکی وردتر باسی ئەم بابەتە دەکەین.

**بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە**

ئامانجی سەرەکی بەرپەرچدانەوەی بەرگریکارانە بریتییە لە پاراستنی یەکپارچەیی و سنوورەکانی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لەسەر سنوورەکان، لە کاتێکدا لە بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانەدا هەوڵدەدرێت گۆڕەپانی ململانێ و گۆڕەپانی شەڕ بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکان. لەم چوارچێوەیەدا وڵاتی جێبەجێکەر تەنانەت دەتوانێت پەلاماری باقی وڵاتان و ئەکتەرەکان بدات. بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامیی بە ئاشکرا لەگەڵ ئەم مۆدیلە یەک دەگرێتەوە. مووشەکەکانیشی یارمەتی سیاسەتە پەلاماردەرانە و دەستێوەردەرانەکانی ئەو وڵاتە دەدەن.

هەر لە دوای شەڕی ئێران- عێراقەوە، مووشەکەکان پێگەیەکی سەرەکییان هەبووە لە ستراتیژ و سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتەدا و، مووشەک یارمەتیدەر بووە بۆ دەستێوەردانەکانی تاران لە ناوچەکە و بەهێزکردنەوەی گروپە میلیشیاکان و چالاکییەکانیان و تۆقاندنی لایەنی بەرامبەر و ڕێگریکردن لە کاردانەوەی توندی ڕکابەران[٤٣].

**بەرپرسانی تاران ڕایان وایە لە ئەگەری هەرجۆرە دەستێوەردانێك و تەنانەت دەستێوەردانی سەربازی، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ لە ڕێگەی گروپە میلیشیاکانی سەربە تارانەوە، مووشەکەکانیان قازانجی فراوانیان دەبێت و لەسەرکاردانەوەی لایەنی بەرامبەر بە شێوەیەکی جدی کاریگەری دادەنێن.**

کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە ئەگەر نەتوانێت لە ڕێگای بەکارهێنانی دیپلۆماسی یاخود لە ڕێگای هەڕەشە و گوشارەوە ئامانجەکانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکان دابین بکات، ئامادەیە لە ئەگەری ڕەخسانی هەل و دەرفەت بە شێوازی جۆراوجۆر لەو وڵاتانەدا دەستێوەردان بکات.

بەرپرسانی تاران ڕایان وایە لە ئەگەری هەر جۆرە دەستێوەردانێك و تەنانەت دەستێوەردانی سەربازی، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ لە ڕێگەی گروپە میلیشیاکانی سەر بە تارانەوە، مووشەکەکانیان قازانجی فراوانیان دەبێت و لەسەر کاردانەوەی لایەنی بەرامبەر بە شیوەیەکی جدی کاریگەری دادەنێن. ئەوە وا دەکات کۆماری ئیسلامیی پێداگرانە درێژە بەو سیاسەتانە بدات کە زۆرجار بوونەتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە. ئەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێژەی دەستێوەردانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە و ئاستی توانای مووشەکی ئەو وڵاتە بە شێوەی هاوکات و هاوتەریب لە هەڵکشاندا بوون بەهەڵکەوت نییە، بەڵکو بە واتای پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لە نێوان بەرزبوونەوەی ڕێژەی مووشەکەکان و فراوانبوونی ڕێژەی دەستێوەردانەکان. هەرچی ژمارەی مووشەکەکان زیاتر بێت، کۆماری ئیسلامیی ئەرخەیانترە لەوەی دوای هەوڵە تێکدەرانەکانی هیچ تۆڵەیەکی لێ ناکرێتەوە. هەندێکەس لەناوخۆی ئێرانیش ئاماژە بەوە دەکەن مووشەک بووەتە هۆی ئەوەی توانای بەرپەرچدانەوەی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکان پەرەبستێنێت و توانای گورز وەشاندنی هێزەکانی ئێران بەرزتر بووەتەوە، ئەوە بە ئاشکرا ئاماژەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە(٤٤).

کۆماری ئیسلامیی لە کاتێکدا باس لە ئامانجی بەرگریکارانەی بەرهەمهێنانی مووشەک دەکات کە لە ڕێگای فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانەوە کە لە بنەڕەتدا بەمەبەستی دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان لە دەرەوەی سنوورەکان دامەزراوە، جگە لە یارمەتی ئابووری و دارایی ژمارەیەکی زۆر مووشەکی

ڕادەستی هاوپەیمانان و میلیشیاکانی سەر بەخۆی، لەوانە حزبوڵا، جیهادی ئیسلامی، حەماس، تاڵیبان، حوسییەکان و حەشدی شەعبی لە وڵاتانی لوبنان، سوریا، فەلەستین، ئەفغانستان، یەمەن و عێراق کردووە[٤٥]. ئەوانە ئەو گروپانەن کە بەردەوام لە ناوچەکە ئاژاوە دەنێنەوە. کەوا بێت، بەو جۆرەی ئۆلسۆن ئاماژە دەکات، پاڵپشتی تاران لە تیرۆریستانی ناوچەکە و هاوکات پەرەپێدان بە مووشەکەکانی لەگەڵ لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەو وڵاتە سەبارەت بە سیاسەتی بەرگریکارانەی تاران دژبەیەکن[٤٦].

هێرشی مووشەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە لە ساڵی ٢٠١٨، لە کاتێکدا کە ئەو حزبانە خەباتی چەکداری خۆیان لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاندووە، بەرچاوترین نموونەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە مووشەکەکان لە خزمەتی ستراتیژی هێرشبەرانەدان نەک بەرگریکارانە[٤٧]. هێرشی مووشەکی بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئارامکۆ لە وڵاتی سعودیا نموونەیەکی ترە کە بەکەڵکوەرگرتن لە مووشەکی ئێران لە لایەن حوسییەکانەوە ئەنجامدرا[٤٨]. سعودیا، ئەمریکا، هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێرانیان بە ئەنجامدانی ئەو هێرشە تۆمەتبار کرد. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند چەند پارچەیەکی ئەو مووشەکانە کە حوسییەکان لە دژی سعودیا کەڵکیان لێوەرگرتوون ماونەتەوە و دەری دەخەن لە ئێران بەرهەم هاتوون. سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە لە میانەی ڕاپۆرتێکدا بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند چەندین مووشەکی کرووز و درۆن کە بۆ هێرش بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی عەفیف لە ناوەندی سعودیا و لە هێرش بۆ سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەبها لە باشووری ئەو وڵاتە کەڵکیان لێوەرگیراوە، لە ئێرانەوە ڕادەستیان کراوە[٤٩]. ئەمە جگە لەو هێرشە بەرفراوانە نهێنی و ناڕاستەوخۆیانە کە کۆماری ئیسلامی بە یارمەتی گروپە میلیشیاکان بۆسەر بارەگاکانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و تەنانەت بۆسەر بینا و باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو ئەنجامیداون.

جگە لەوانە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێشتر بە هەوڵەکانی بۆ تیرۆرکردن دەناسرایەوە و زۆرجار بەو بۆنەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا گوشار و گەمارۆیان دەخستە سەر، بۆ نموونە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلێک لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت لە ساڵی ١٩٨٤، تیرۆری عەبدوڕەحمان قاسملو ڕابەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ١٩٨٩ بەمەبەستی لاوازکردنی ئەو حزبە، تیرۆری بەختیار سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئێران لە سەردەمی

محەمەد ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٩١ لە ئەوروپا، تەقاندنەوەی ئەنجومەنی کەلتووری ئیسرائیل لە بوینس ئایرس لە ساڵی ١٩٩٤، تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەیروت لە ساڵی ١٩٨٣ و هێرش بۆ سەر بورجەکانی خوبەر لە سعودیا لە ساڵی ١٩٩٦ نموونەی ئەو تیرۆرانەن کە کۆماری ئیسلامی تۆمەتبار کراوە دەستی هەبووە لە ئەنجامدانیان(٥٠)، بەڵام لە ئێستادا ئەو وڵاتە لە جیاتی ئەوەی کاتی خۆی بۆ داڕشتنی پلانی تیرۆر تەرخان بکات کە ئەگەری شکستیشی لە ئارادایە، لە ڕێگای ڕادەستکردنی مووشەک بە گروپە میلیشیاکان دەتوانێت هەم زیانێکی گەورەتر لە لایەنی بەرامبەر بدات و هەم ورەیان دابەزێنێت(٥١). هەندێک کەس لە ئێران باس لەوە دەکەن کە مووشەکەکانی وڵاتەکەیان لەبەرئەوەی کە دەتوانن قووڵایی خاکی دوژمن و هەندێ شوێنی ستراتیژیک وەکو بەندەرەکان و ناوەندەکانی کۆبوونەوەی هێزەکان بکەنە ئامانج، هەروەها لەبەرئەوەی کە ڕکابەرەکانی ئێران ناتوانن وەڵامی ئەو هێرشانە بدەنەوە، وا دەکات ورەی ئێرانییەکان بەرز ببێتەوە و بەپێچەوانەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتی ڕکابەر ڕەوایی و شەرعیەتی خۆیان لەناو جەماوەری خۆیان لەدەست بدەن(٥٢).

مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی تریش بوونەتە هۆی ناسەقامگیری ناوچەکە، ئەویش پەرەپێدان بە کێبڕکێی چەکوچۆڵە. لەبەرئەوەی وڵاتانی ناوچە هەرگیز بڕوایان بە لێدوانەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ویستی بەرگریکارانە نییە و هەرگیز ناتوانن لەوە دڵنیا بن کە تاران لە داهاتوودا ئەو مووشەکانە بە شێوەیەکی هێرشبەرانە و لە دژی ئەوان بەکارناهێنێت، بۆیە ئەوایش هەوڵی دابینکردنی جبەخانەیەکی مووشەکی لە ڕێگای کڕینی مووشەک لە وڵاتانی تر یاخود کڕین و دامەزراندنی سیستەمی بەرگری دژە مووشەکی بە هاریکاری وڵاتانی زلهێز دەدەن(٥٣). بۆ نموونە وڵاتانی بەحرەین، قەتەر و کوەیت پێشتر چەندین جۆری جیاوازی سیستەمی بەرگری دژە مووشەکی، لەوانەی سیستەمی دژە مووشەکی پاتریوتیان جێگیر کرد، ئەوەش دووبارە وا دەکات کۆماری ئیسلامی هەوڵی بەرهەمهێنانی جۆرە مووشەکێک بدات کە ئەو سیستەمانە پووچەڵ بکاتەوە یاخود بتوانێ لەو سیستەمانە تێپەڕێت. ئەو دۆخە بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام دەبێت و یەکێکە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و چڕبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییەکان و دەتوانێت لە درێژخایەندا زەمینە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ فەراهەم بکات.

بەم چەشنە، دەکرێت بڵێین ڕاستە کە مووشەک بڕبڕەی پشتی ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامییە(٥٤)، بەڵام نەک بەرپەرچدانەوەیەکی بەرگریکارانە کە سەقامگیری ناوچەی لێبکەوێتەوە، بەڵکو بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانە لە

ئاڕاستەی ئاسانکاریی بۆ دەستێوەردانەکانی خۆی بەتایبەت لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و دەستپێشخەری لە گورزوەشاندن لە ڕکابەران و نەیارانی.

## ئەنجام

دوابەدوای کۆتایهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران- عێراق، کۆماری ئیسلامیی پلانێکی توکمەی بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە مووشەک دەستپێکرد و بە چڕی هەوڵیدا توانای خۆی لەو بوارەدا بەرز بکاتەوە و سەرەڕای ئەوەی لە ئێستادا خاوەن جبەخانەیەکی زەبەلاحی جۆرە جیاوازەکانی مووشەکی دوورهاوێژ و نێوانهاوێژە، بەڵام هەوڵەکانی بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە مووشەکی بەهێزتر و وردتر بەردەوامە. ئەو هەوڵە کە هاوکاتە لەگەڵ چالاکییە ئەتۆمییەکانی تاران، لە ساڵانی ڕابردوودا کاردانەوەی توندی وڵاتانی ناوچە و زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لێکەوتووەتەوە، ئەوان کۆماری ئیسلامیی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هەوڵەکانی بۆ بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوەی مووشەک بووەتە هۆی ناسەقامگیری زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها لە دیدی ئەوانەوە ئەو هەوڵانە لە داهاتوودا ئاسایشی نێونەتەوەیی دەخەنە مەترسییەوە. لەبەرامبەردا کۆماری ئیسلامیی سیاسەتی مووشەکی خۆی بە سیاسەتێکی بەرگریکارانە دادەنێت کە لە چوارچێوەی ستراتیژی بەرپەرچدانەوەدا دەبێتە هۆی سەقامگیری زیاتری ناوچەکە.

ئەگەرچی دەکرێت لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەدا خوێندنەوە بۆ پلانی مووشەکی تاران بکرێت، بەڵام ستراتیژی بەرپەرچدانەوەی مووشەکی ئەو وڵاتە هێرشبەرانە و لە خزمەت سیاسەتی پەلاماردەرانە و دەستێوەردانەکانی لە

> هەڕەشەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە داخستنی ڕێگاکانی گواستنەوەی وزە، دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچە، ڕادەستکردنی ڕۆکێت و مووشەک بە هاوپەیمانان و میلیشیاکانی سەربە تاران، مووشەکبارانی دامەزراوە نەوتییەکان و فڕۆکەخانەکانی وڵاتان، هەموویان تا ڕادەیەکی زۆر بە پشتبستن بە توانای مووشەکی ئەو وڵاتە و دەرخەری ئەوەن کە ستراتیژیی مووشەکی کۆماری ئیسلامیی دەبێت لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

وڵاتانی ناوچەکەدایە. لەڕاستیدا هەڕەشەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە داخستنی ڕێگاکانی گواستنەوەی وزە، دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچە، ڕادەستکردنی ڕۆکێت و مووشەک بە هاوپەیمانان و میلیشیاکانی سەر بە تاران، مووشەکبارانی دامەزراوە نەوتییەکان و فڕۆکەخانەکانی وڵاتان و بینا و باڵوێزخانەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بە تایبەت لە عێراق، هێرشی مووشەکی بۆ سەر نەیاران و لەوانە حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، هەڕەشەی سڕینەوەی وڵاتێکی وەکو ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان و دامەزراندنی چەندین بنکەی سەربازی لە نزیک سنوورەکانی ئیسرائیل لە ڕووسیا هەموویان تا ڕادەیەکی زۆر بە پشتبستن بە توانای مووشەکی ئەو وڵاتە ئەنجامدەدرێن و دەرخەری ئەوەن کە ستراتیژیی مووشەکی کۆماری ئیسلامیی دەبێت لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی هێرشبەرانەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- بەئەمنییەتیکردن (Securitization) ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەک کە تێیدا لایەنێک بە جۆرێک باس لە پرسێکی تایبەت دەکات، وەکو هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و هەبوو سەیر بکرێت و وا نیشانی بدات کە ئەو پرسە بە ڕێوشوێن و شێوازی ئاسایی چارەسەر ناکرێت و پێویستە بیر لە ڕێگاچارەیەکی خێرا و نائاسایی بکرێتەوە. بۆیە بەئەمنییەتیکردن دیاردەیەکی نێوان زەینییە و تاقە دەوڵەتێک ناتوانێت جێبەجێی بکات، بەڵکو پێویستە باقی دەوڵەتەکانیش بەو بڕوایە بگەن کە پرسێکی تایبەت، هەڕەشەی ڕاستەقینە و مەترسییە بۆسەر بەها هاوبەشەکانیان. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەو سەرچاوانەی خوارەوە بکەن:

-زارعي، مصطفي(١٣٨٥). "تغيير سياست خارجي آمريكا نسبت به ايران از مهار تا تقابل"، پايان نامه براي دريافت درجه كارشناسي ارشد در رشته روابط بين الملل دانشگاه علامه طباطبايي، دانشكده حقوق و علوم سياسي، ص ٤٦.

-Williams Michael C. (2003). "Words, Images, Enemies: Securitization and International Politics, International Studies Quarterly, University of Wales – Abe Ystwyth, NO 47, 511–531, available at: http://files.janjires.webnode.cz/200000015-c8582c9526/Michael%20Williams%20-%20Securitization%20and%20International%20Politics.pdf

-Šulović, Vladimir (2010). "Meaning of Security and Theory of Securitization", Belgrade Centre for Security Policy, 05. October , available at: https://bezbednost.org/wp-content/uploads/2020/07/sulovic_2010_meaning_of_secu.pdf.

هەروەها بۆ خوێندنەوەی ڕوانگەیەک کە باس لە بەئەمنییەتیکردنی پرسی مووشەکی ئێران دەکات سەیری ئەو سەرچاوە بکەن: غلامی، سعید (١٣٩٨). "دیپلماسی دفاعی جمهوری اسلامی ایران (با تاکید بر فناوری موشکی)"، مجله سیاست دفاعی، سال بیست و هفتم، شماره ١٠٧، تابستان، صص: ١٥٠-١٤٩.

٢- زاراوەی بەرپەرچدانەوەم لە بەرامبەر (Deterrence) داناوە. لە ئینسکلۆپیدیای ئۆکسفۆرددا Deterrence بە واتای پڕینگاندنەوە و تۆقاندن یاخود دوورخستنەوە و ڕێگریکردن، ترساندن لە شتێک، ڕێگریکردن یان قەدەغەکردنی کردەیەک لە ڕێگای ترساندنی بکەر لە ئەنجامەکانی ئەو کردەیە هاتووە. لە دەقە سیاسییە کوردییەکاندا زیاتر بەرپەرچدانەوە جێ کەوتووە. سەیری ئەو سەرچاوانە بکە:

-Oxford learners dictionaries(2022). "deterrence", Available at: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/deterrence?q=DETERRENCE

٣- فریدمن، همان، صص ١٦ و ٣٨

٤- فریدمن، لارنس (١٣٨٦). بازدارندگی، مترجم فریبا پالیزی، تهران: نشر مهاجر، چاپ اول. صص ١٩-١٨.

-لیتل، ریچارد (١٣٨٩). تحول در نظریه‌های موازنه قوا، مترجم: غلامعلی چگنی زاده، تهران: انتشارات موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین‌المللی ابرار معاصر، چاپ نخست، آبان ماه، ص ٢٣٥.

٥-بەراوردی بکە لەگەڵ:

-باقری دولت آبادی، علی(١٣٩٢). "نقش بازدارندگی در راهبرد نظامی ایران"، مجله سیاست دفاعی، سال بیست و دوم، شماره ٨٥، زمستان، صص ٣٩-٣٨.

- قیصری، نورالله و احسان خضری (١٣٩٥). "سیاست دفاعی نظام جمهوری اسلامی ایران: بررسی اسناد کلان"، فصلنامه علمی-پژوهشی رهیافت انقلاب اسلامی، سال دهم، شماره ٣٧، زمستان، ص ٦٢.

- جدیدیان، محمد جواد و افسانه مرادزاده رامی(١٣٩٨). "بررسی وضعیت حقوق استفاده از موشکهای بالستیک توسط ایران و انطباق آن با مقررات بین المللی"، فصلنامه بین المللی قانون یار، دوره سوم، شماره یازدهم، پاییز، ص ٢٢٢.

٦- بە گێڕانەوە لە:

Steff, Reuben (2011). Global Missile Defense Agent of Disorder or New Co-operative Mission?, 61st PAS Annual Conference, London, England, Department of Political Studies University of Otago, April,pp:1-33, p: 4.

٧- هەڵبەت ئاماژە بە چەندین جۆری تری بەرپەرچدانەوە دەکرێت، بۆ نموونە دەکرێت بەرپەرچدانەوە بەمەبەستی پاراستنی بەرژوەندییە سەرەکییەکانی وڵاتی جێبەجێکەر بێت کە پێی دەگوترێت بەرپرچدانەوەی ناوەندی یاخود مەبەست پاراستنی هاوپەیمانان بێت کە پێی دەگوترێت بەرپەرچدانەوەی بەربڵاو. سەیری ئەو سەرچاوانە بکەن: Stef, ibid و

-منیری کامل و رسول میرزاخانی سیلاب (١٣٩٩). "بررسی تحلیلی سامانه دفاع هوایی S-300PMU-2 در دکترین نظامی جمهوری اسلامی ایران با رویکرد بازدارندگی"، فصلنامه علمی مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی، دوره ١٠، شماره ٣٧، زمستان، ص ٣٦٥

٨- سەیری ئەو سەرچاوانە بکە:

-باقری دولت آبادی، همان، صص ٤٠-٣٩

- صالحی، سید جواد و عباس فرح بخش (١٣٩٥). "پایگاه سازی نظامی در غرب آسیا (خاورمیانه) و بازدارندگی جمهوری اسلامی ایران"، مجله سیاست دفاعی، سال بیست و چهارم، شماره ٩٦، پاییز، صص ٤٥-٤٣.

-ارغوانی پیر سلامی، فریبرز و سحر پیرانخوا (١٣٩٦). "تحول فناوری موشکی و راهبرد دفاعی- امنیتی جمهوری اسلامی ایران"، فصلنامه راهبرد، سال بیست و ششم، شماره ٨٣، ص ٥٤.

- گلشنی، علیرضا و محسن باقری (١٣٩١). "جایگاه حزب الله در استراتژی بازدارندگی جمهوری اسلامی ایران"، فصلنامه تحقیقات سیاسی و بین المللی، دانشگاه آزاد اسلامی واحد شهرضا، شماره یازدهم، تابستان، ص ١٣٣.

- سجادی، سید محسن و اصغر حاتمی (١٣٩٨). "بازدارندگی موشکی به مثابه راهبرد امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران"، دانش تفسیر سیاسی، سال اول، شماره، پاییز، صص ٨٥-٨٢.

٩- بۆ ڕوانگەیەکی هاوچەشن بڕوانە: باقری دولت آبادی، همان، ص ٣٩ و سجادی، همان، ص ٨٢.

١٠- قیصری و خضری، همان، ص ٦٢ و سجادی، همان، ص ٨٧.

١١-گلشنی، همان، ص ١٣٥

١٢- بەپێی لێدوانی غولامڕەزا سولەیمانی سەرۆکی ڕێکخراوی بەسیجی موستەزعەفینی ئێران تا ئێستا ٩٨٢ بنکەی سایبەری لە شارەکان و ٢٥٠٠ بنکە لە تاران دامەزروان. بڕوانە: ایندپندنت فارسی (١٤٠٠/٠٨/٢٤). "راهاندازی ٣٥٠٠ گردان سایبری در سازمان بسیج مستضعفین"، قابل دسترس در: https://www.independentpersian.com/node/192416

١٣-"چشم انداز جمهوري اسلامي ايران در افق 1404 هجري شمسی" (٢٠٢٢/٠٢/٢٥)، قابل دسترس در: http://www.yu.ac.ir/uploads/Sanad%20Cheshmandaz_971.pdf

١٤- بە گێڕانەوە لە: باقری دولت آبادی، همان، ص ٤٤

١٥- بە گێڕانەوە لە:

Olson, Erik A (20/02/2020). Iran's Path Dependent Military Doctrine, Strategic Studies Quarterly, Summer, p: 69, Available at: https://www.jstor.org/stable/pdf/26271505.pdf

١٦- خامنه ای، علی (١٣٩۶/٠٢/٢٠). "بیانات در دانشگاه افسری و تربیت پاسداری امام حسین"، قابل دسترس در: https://farsi.khamenei.ir/speech-content?id=36490

١٧- خامنەای، علی (١٣٩٨/٠١/٠١). "سخنرانی در اجتماع زائران و مجاوران حرم مطهر رضوی"، قابل دسترس در: https://farsi.khamenei.ir/news-content?id=42052

١٨-بۆ نموونە بەراوردی بکەن لەگەڵ:

-باقری دولت آبادی، همان، صص ٤٣ – ٨٢

-Eisenstadt, Michael (2016). "The Role of Missiles in Iran's Military Strategy", Research notes, Washington Institute for Near East Policy, NO. 39, November, p: 2.

١٩- بڕوانە: ارغوانی پیر سلامی و سحر پیرانخوا، همان، ص ٥٩ ، غلامی، همان، ص ١٤٢ ، Olson, ibid, p: 69 ، سجادی، همان، ص ٩٣ و هەروەها بەراوردی بکە لەگەڵ ئەو سەرچاوە: دهقانی فیروزآبادی، سید جلال و مجتبی عزیزی بساطی (١٣٩٨). "توانمندی موشکی در سیاست دفاعی جمهوری اسلامی ایران در غرب آسیا"، فصلنامه سیاست دفاعی، سال بیست و ششم، شماره ١٠٣، تابستان، صص ٨٩ و ١١١ و ١١٥.

٢٠- بۆ نموونەیەک بڕوانە: جدیدیان و مرادزاده ڕامی، همان، ص ٢٢٨.

٢١- هاشمی ڕەفسەنجانی وێرای ئاماژەکردن بە توانای مووشەک بۆ ڕێگریکردن لە سەدام لە هێرشکردن بۆ سەر شارەکان دەڵێت: "ئێمە لەو شەڕەدا ئەزموونی زۆرمان بەدەستهێنا... زۆر تەکنیک فێربووین. ئەزموونی زۆرمان لە بواری چەکەکاندا بەدەستهێنا. تێگەیشتین چ جۆرە چەکێک کاریگەرترە... توانای بەرهەمهێنانی گرنگترین و سەرەکیترین چەکی ئەم سەردەمەمان بەدەستهێنا. لە ئێستادا مووشەکەکان گرنگترین چەکن و ئێمە سەرەکیترین کێشەکانی پیشەسازیی مووشەکمان چارەسەر کرد. ئێستا تەنیا بیر لەوە دەکەینەوە کە چی و چەندە بەرهەم بێنێن". بە گێڕانەوە لە: باقری دولت آبادی، همان، صص ٧٤ و ٧٥ و قیصری و خضری، همان، ص ٦٨.

٢٢- سەیری ئەو سەرچاوانە بکە: Eisenstadt, ibid, p: 1 ، Olson, ibid, p: 74-73 ، جدیدیان، همان، ص ٢٤، دهقانی فیروزآبادی و عزیزی بساطی، همان، صص ١٠٥-١٠٤ و خیام دار، مجید (١٣٩٩/٤/٣). "برنامه موشکی ایران، دفاع ملی یا تهدید بین المللی"، سایت بی بی سی فارسی، قابل دسترس در: https://www.bbc.com/persian/extra/tVNeMM1LJR/iran_missile_program#sfhh-ol-3bOrgWLILA

٢٣-باقری دولت آبادی، همان، ص ٧٤

٢٤- مووشەکەکان بەپێی ئەوەی کە چەند کیلۆمەتر دەبڕن بۆ سێ دەستە دابەش دەبن: کورتهاوێژ (کەمتر لە ١٠٠٠ کم)، نێوانهاوێژ (لە ١٠٠٠ تا ٥٥٠٠ کم) و دوورهاوێژ (زیاتر لە ٥٥٠٠ کم). بەم پێیە ئێران هێشتا خاوەن مووشەکی دوورهاوێژ نییە، گەرچی بەرپرسانی ئێران باس لەوە دەکەن کە مووشەکەکانیان دوورهاوێژە و دان بەو پێوەرە جیهانییەدا نانێن. هەڵبەت هەندێ لە شارەزایانیش باس لەوە دەکەن کە ئێران هەر کات بیەوێت دەتوانێت مووشەکی دوورهاوێژ تاقیبکاتەوە. بڕوانە ئەو سەرچاوانە: خیام دار، همان ، و ارغوانی پیر سلامی و سحر پیرانخوا، همان، صص ٦١ و ٦٤ ، غلامی، همان، ص ١٤٤، دهقانی فیروزآبادی و عزیزی بساطی، همان، ص ١١٧.

٢٥- سەرەتا لە کاتی شەڕی ئێران عێراقدا، ئێران بە یارمەتی چین دەستی بە ڕۆکێتەکانی فەجر، نازعات و زلزال گەیشت. دوای شەڕ ئێران هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ کۆریای باکوور لە بواری مووشەکیدا پەرەپێدا. هەندێ سەرچاوەش ئاماژە بە ڕادەستکردنی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانی مووشەک لە لایەن ڕووسیاوە بە تاران دەکەن. بڕوانە: ارغوانی پیر سلامی و سحر پیرانخوا، همان، صص ٦١ و ٦٣ ، Olson, ibid, p: 77-74 و

-Katzman, Kenneth (2021), "Iran's Foreign and Defense Policies, Congressional Research Service, Prepared for members and Committees of congress, Updated January 11, p: 43.

- Pullinger, Stephan etal (a 2007). Missile Defense And European Security, Published by European Parliament's Subcommittee on Security and Defence, 12 November, p: 10, Available ate: https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/etudes/join/2007/385524/IPOL-SEDE_ET(2007)385524_EN.pdf

٢٦- زانیارییەکان سەبارەت بەو مووشەکانە لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراون:

-باقری دولت آبادی، همان، صص ٤٨، ٤٩، ٨٠

-خیام دار، همان

- ناخول، ساميا (١٣٨٦). "توان نظامي ايران از ديدگاه غربيها"، به نقل از: مجله هوايي، يكشنبه 20 آبان، برگرفته از https://air-mag.blogsky.com/print/post-1009

-پورآخوندی، نادر (١٣٩٢). راهبرد توسعه موشکی جمهوری اسلامی ایران"، پژوهشنامه دفاع مقدس ، سال دوم، شماره هشتم، صص ٤٩، ١٧٤

- Eisenstadt, ibid, pp: 2, 3, 6,

- Thranert, Oliver (2010). "NATO and Missile Defence: Opportunities and Open Questions", Center for Security studies, Analysis in Security Policy, NO. 86, December, p: 2.

Carnegie Endowment for International Peace (2002).

'Ballistic Missile Capabilities In the Middle East', April 26, p: 2, Available ate:http://www.carnegieendowment.org/publications/index.cfm?fa=view&id=11802&prog=zgp&proj=zme,znpp

Kaszynski, Mry and Daniel Painter (2012). "U. S Missile Defense and European Security", Perspective, June 25, American Security Project, p: 3, available at: http://www.americansecurityproject.org/wp-content/uploads/2013/05/Ref-0063-U.S-Missile-Defense-and-European-Security.pdf

- Schmidt, Oliver (2008). "Assessing the Reasons for a U. S Ballistic Missile Defense", Düsseldorf Institute for Foreign and Security Policy, DIAS-Analysis, NO 35, November, p:8, available at: http://www.diasonline.org/fileadmin/templates/downloads/DIAS_AnalysenAnalyse35.pdf

- Pullinger & et al, ibid, p:  p: 10

-Misher, Kimberly (2012). "way Obama is Right on Missile Defense- What's Next?", CARNEGIE, Empowerment for International Peace, Policy Outlook, p: 3, Available at: https://carnegieendowment.org/files/misher_missile_defense.pdf

٢٧-سەیری ئەو سەرچاوانە بکە:

-فواد حەقیقی (2022-01-01). "ئێران جارێکی دیکە لە جێگیرکردنی مانگی دەستکرد لە بۆشایی ئاسمان سەرکەوتوو نەبوو"، تۆڕی میدیایی ڕووداو، لەو لینکەدا لەبەردەستە:

https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iran/01012022

- Eisenstadt, ibid, p: 3.

٢٨- لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ زایینی، دوای دوو تاقیکردنەوەی ناسەرکەوتووانەی هاویشتنی مانگی دەستکرد لە ئێران لە ماوەی یەک مانگدا، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز باسی لە وەگەڕخستنەوەی پلانێکی نهێنی ئەمریکا بۆ لەباربردنی مووشەکە بالستیکەکان و مووشەکەکانی هەڵگری مانگی دەستکردی ئێرانی کرد. ئەو ڕۆژنامەیە بە گێڕانەوە لە چەند بەرپرسێکی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هەوڵەکانی بۆ تێکدانی پلانی مووشەکی ئێران چڕتر کردووەتەوە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە لە ١١ ساڵی ڕابردوودا ٦٧% پلانەکانی ئێران بۆ هاویشتنی مانگی دەستکرد بۆ خوولگەی زەویی شکستیان هێناوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە تێکڕای نرخی جیهانی شکستهێنان لە هاویشتن تەنیا ٥%ە. شەش مانگ دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە، سەکۆیەکی هاویشتنی مووشەکی هەڵگری مانگی دەستکرد لە بنکەی ئاسمانی شاری سمنان تەقییەوە. بڕوانە: خیام دار، همان.

٢٩-بۆ نموونە سەیری ئەو سەرچاوانە بکەن: خیام دار، همان، ارغوانی پیر سلامی و سحر پیرانخوا، همان، ص ٦٣ ، جدیدیان، همان، ص ٢٣٥ ، دهقانی فیروزآبادی و عزیزی بساطی، همان، ص ١٠٨ ، Olson, ibid, p: 63 ، Katzman, ibid, p: 9 و هەروەها ئەو سەرچاوە خوارەوە:

Kay, Sean (2012). "NATO' Missile Defender-Realigning Collective Defense for the 21st Century", PERCEPTIONS, Spring, Volume XVII, Number 1, p: 39.

30 -Olson, ibid, p: 69

٣١- سەیری ئەو سەرچاوانە بکە: Katzman, ibid, p: 9 و Eisenstadt, ibid, p: 6

٣٢-کێبڕکێی چەکوچوڵ (Arms race) بە واتای کێبڕکێی نێوان دوو یاخود چەند وڵات بۆ بەدەستهێنانی چەکی فراوانتر دێت. پرۆسەکە بەشێوەی کردە-کاردانەوەیە، واتە خۆپڕچەککردنی وڵاتێک خۆپڕچەککردنی باقی وڵاتان بەدوای خۆیدا دێنێت و ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت. بڕوانە: ایوانز، گراهام و جفری نونام. (1381). فرهنگ روابط بین‌الملل، مترجمان حمیرا مشیرزاده و حسین شریفی، تهران: نشر میزان، چاپ اول، تابستان، ص ٤٢.

٣٣- بەراوردی بکە لەگەڵ: صالحی و فرخ بخش، همان، ص ٥٦ و خیام دار، همان.

٣٤-پلانی Adaptive Phased Approach یا Aegis Sea-based لە ئەیلولی ٢٠٠٩ بۆ یەکەم جار ڕاگەیێندار و بریتییە لە پلانێک بۆ دامەزراندنی سیستەمەکانی بەرگری دژە مووشەکی بە هاریکاری ڕێکخراوی ناتۆ کە بڕیار بوو بەشێکیان لەسەر کەشتییەکان لە دەریاکان و هەندێ لە ڕادار و مووشەکەکانیش لە وڵاتانی ڕۆمانی و پۆڵەند لە چوار قۆناغدا جێگیر بکرێن. بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەو سەرچاوانە بکە:

- Goynu, Burcu. Ceren (2013). "Current Ballistic Missile Defense Program and Discussion in Turkey", IFSH Institute Fur Friedensforschung und Sicherheitspolitik an der Universitat Hamburg,English Version, January, pp:1-5, p: 1, Available at: https://ifsh.de/file-IFAR/pdf_english/NATO%20

BMD%20and%20Turkey%20-%20IFAR%20FactSheet3.pdf

- Boslika, Ruxandra. Laura (2012). "The Evolution of Missile Defense Plan from Bush to Obama: Implication for the National Security of Romania", INCASB ULLETIN, Volume 4,Issue 2/12,pp 139-145, see: p: 141, Available at: https://bulletin.incas.ro/files/bosilca_r_l_v4_iss_2_ful.pdf

- Futter, Andrew. James.(2011). The Evolution of US Ballistic Missile Defense Debate 1989-2010, A Thesis Submitted to the University of Birmingham for the Degree of Doctor of Philosophy, Department of Political Science and International Studies, College of Social Sciences, September, See: p 231.

35 - Janson, John. D (2010). "The Iranian Ballistic Missile Threat and a Phased, Adaptive Approach to Missile Defense for Europe", Small Wars Journal, September 20, pp:4.

٣٦-بە گێڕانەوە لە: Jonson, ibid

٣٧-بە گێڕانەوە لە: قیصری و خضری، همان، ص ٧٠

38- Cooper, Henry. F and Pfaltezgraff (2016). "Countering the EMP Threat: The Role of Missile Defense", Whit Paper, The Independent Working Group,The Institute for Foreign Policy Analysis,pp:13-14, Available at: http://highfrontier.org/wp-content/uploads/2014/06/IWGWhitePaper-2.pdf

٣٩- سایت خبرگزاری جمهوری اسلامی ((١٤٠٠/١١/٢١). "هراس آمریکا از برنامه دفاع بازدارندگی ایران و واکنش به موشک خیبرشکن، کد خبر: 84645850، قابل دسترس در: https://www.irna.ir/news/84645850

٤٠-سەیری ئەو سەرچاوانە بکە: خیام دار، همان و Carnegie Endowment For International Peace, ibid

٤١- بە گێڕانەوە لە: Eisenstadt, ibid, p 2

٤٢- قانون برنامه پنجساله ششم توسعه اقتصادي، اجتماعي وفرهنگي، ص ٢٠، در تاریخ ٢٠٢٢/٠٢/٢٠، برگرفته از: https://www.rrk.ir/Files/Laws/%D9%82%D8%A7%D9%86%D9%88%D9%86%20%D8%A8%D8%B1%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87%20%D9%BE%D9%86%D8%AC%D8%B3%D8%A7%D9%84%D9%87%20%D8%B4%D8%B4%D9%85%20%D-8%AA%D9%88%D8%B3%D8%B9%D9%87.pdf.

٤٣-بۆ ڕوانگەیەکی هاوچەشن سەیری ئەو سەرچاوەانە بکە: Eisenstadt, ibid, p 2 و خیام دار، همان.

٤٤- بۆ نموونە سەیری ئەو سەرچاوەیە بکەن: ارغوانی پیر سلامی و سحر پیرانخوا، همان، صص ٦٨-٦٧ ، غلامی، همان، ص ١٤٨ و دهقانی فیروزآبادی و عزیزی بساطی، همان، ص ١٠٨.

٤٥- بەگوێرەی زانیارییەکان بە تایبەت جۆرە جیاوازەکانی ڕۆکێتی فەجر کە نزیکەی ٤٥ تا ٧٥ کیلۆمەتر دەبڕن، ڕۆکێتی زلزال-١ و زلزال ٣ کە ١٢٥ تا ٣٠٠ کیلومەتر دەبڕن، ڕادەستی گروپە میلیشیاکان و بەتایبەت حزبوڵا کراون. حزبوڵا پێشتر ڕایگەیاندووە ١٥٠ هەزار ڕۆکێتی لە سووریا و ئێران وەرگرتووە (Eisenstadt,ibid: p: 6). کاتزمەن باس لە ١٣٠ هەزار دەکات (Katzman, 37).

46 -Olson, ibid, p 69

٤٧- ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەمجۆرە هێرشانە لە ئارادایە و بەرپرسانی ئێرانیش بەردەوام هەڕەشە دەکەن، بۆ نموونە لە ٧ی ئەیلولی ٢٠٢١، محەمەد پاکپوور فەرماندەی هێزە زەمینییەکان ڕایگەیاند، مووشەکەکانیان بە ڕووی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات ئامادەیە کە زیاتر پەیمانی لێدانی کردەیی تێدابوو نەک بەتەنها هەڕەشە. بڕوانە: لەتیف یارئەحمەد، ژیلوان (٢٠٢١). "هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و کابینەی نوێی حکوومەتەکی ئیبراهیم ڕەئیسی"، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (١)، تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، ساڵی یەکەم، ص ٩٢.

48- Katzman, ibid, p: 9

٤٩- خیام دار، همان.

٥٠- بڕوانە ئەو سەرچاوانە: Katzman, ibid, p 7 و مەجیدخان، بارام (٢٠٢٢). "ئێران و ئەتۆم: دیپلۆماسیەتی ئەتۆمی ئێران"، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، ژمارە (٢)، کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم، ص ٥٥

٥١- بەراوردی بکە لەگەڵ: Eisenstadt, ibid: p: 2

٥٢- بۆ نموونە بڕوانە: منیری کامل و ڕسول میرزاخانی سیلاب، همان، ص ٣٧٠.

٥٣- بەراوردی بکە لەگەڵ: Olson, ibid, p: 84 و Katzman, ibid, p: 24 و Eisenstadt, ibid, p: 9

٥٤- سەیری ئەو سەرچاوانە بکە: Eisenstadt, ibid: p: 10 ، قیصری و خضری، همان، ص ٦٧ ، جدیدیان، همان، ص ٢٣١ و دهقانی فیروزآبادی و عزیزی بساطی، همان، ص ١١٢.

# جیۆپۆلەتیکی ئێران و جیهانی عەرەبی



بارام مەجید خان

**بەرایی**

جیهانی عەرەبیی، جیهانێکی بەرفراوان و گەورەیە. پانتایی جیهانی عەرەبیی لە زەریای ئەتڵەسییەوە و تا کەناراوەکانی زەریای هیندی لەخۆ دەگرێت. لە دەیان وڵاتی گەورە و بچووک پێکدێت. چڕی دانیشتووانی بە سەدان ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت. جیهانێکی ئاڵۆز، کە تێگەیشتنی سەخت و لێوان لێو لە کۆدژی و هەستیاری زۆر. ئەم جیهانە فراوانە دراوسێگەلی زۆری هەیە، بەڵام هیچ کامیان وەک ئێران بۆ جیهانی عەرەبیی هەستیار نین. ئێران دراوسێی سەرسەخت و ئاڵۆز و



هەستیارەکەی جیهانی عەرەبە. لە مێژوودا هیچ کات ئێران هێندەی ئێستا هەستیاری جیهانی عەرەبیی بە شوێن خۆیدا نەهێناوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت لە جیۆپۆلەتیکی هەر دوو جیهانی عەرەبیی و ئێرانی بکۆڵینەوە. تێگەیشتنێکی بابەتیانە و سەردەمیانە لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەم دوو ڕووبەرە لە جوگرافیای ناوچەکە و کارلێک و لێکەوتەکانی پێکدادانی ئەم دوو جیهانە بکۆڵینەوە. بیردۆزی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە کاریگەریی چەمکی دەسەڵاتە، لە پێناسەکردنی چەمکی جیۆپۆلەتیک. ئایا دەتوانرێت جیۆپۆلەتیک جیاواز لە چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی و ئابووری پێناسە بکرێت؟ یاخود نا؟

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێندەی چەمکێکی سیاسییە هێندە جوگرافی نییە، دوو بنەمای سەرەکی وەک نەوت و ئایین، تێڕوانینمان بۆ ئەم چەمکە ڕۆشنتر دەکات، بە واتایەکی تر مەبەست لە ئایین ئایدیۆلۆژیای ئیتنیکی و مەزهەبییە، نێوانی جیۆپۆلەتیکی عەرەبیی لە سەردەمی نوێ بەم دوو بنەمایە ڕەنگرێژ کراوە. جیۆپۆلەتیکی عەرەبیی بە پاڵپشتی ناسنامەی ئیسلامی و عەرەبیی پێی نایە سەدەی بیستەمەوە. شکستی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیی، چەمکی جیۆپۆلەتیکی عەرەبیی خستە قۆناغێکی نوێوە. چەمکی دەوڵەت-نەتەوە، بە مانا فراوانەکەی لە جیهانی عەرەبیی پێکنەهات. لە ژێر کاریگەریی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بنچینەی کۆمەڵایەتی دەوڵەت پشتی بە سیستەمی خێڵ بەستبوو، ئەمەش قەیرانی سیستەمی سیاسی بەهێزی لە ناوچەکە بە دوای خۆیدا هێنا.

ئێران وەک بەشێکی جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەمان شێوە پاڵپشت بە ناسنامەی ناسیۆنالیستی ئێرانی و مەزهەبی داکۆکی لە سنووری سیاسی و جوگرافییەکانی خۆی دەکات. لە ناوەڕۆکدا جیۆپۆلەتیکی ئێرانی لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ ڕووخسارێکی ئایدیۆلۆژی وەرگرتووە. هیلالی شیعی باوترین دەستەواژەی ناساندنی جیۆپۆلەتیکی ئێرانە.

”

**هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە وەک دڵی جیهانی ئیسلامی ناسرابوو، دابەشبوونی ئیمراتۆریەتەکە سەرەتای لە دایکبوونی وڵاتانی عەرەبیی و دابەشکردنی ناوچەکە لە لایەن زلهێزەکانی جیهانی، سەردەمی ئینتداب و کۆڵۆنیالیزمی لێکەوتەوە.**

**١. جیهانی عەرەبیی**

جیهانی عەرەبیی، وڵاتانی عەرەب دەوڵەتانی عەرەب، نیشتمانی عەرەب، هەموو ئەو دەستەواژانەن کە بۆ پێناسەکردنی جوگرافیا و هەڵکەوتەی جیۆستراتیژی جیهانی عەرەبی بەکار دێن. ژمارەی دانیشتووانی وڵاتانی عەرەبی ٤٢٣ ملیۆن کەسە. ژمارەی وڵاتانی عەرەب ٢٢ وڵاتە. میسر چڕی دانیشتووانەکەی ٩٩ ملیۆنە کەسە، یەکەم وڵاتی عەرەبییە لە ڕووی چڕی دانیشتووان. جەزایر فراوانترین وڵاتی عەرەبییە کە ڕووبەرەکەی ٩١٩،٥٩٥ میلی چوارگۆشەیە. بەحرەین بچووکترین وڵاتی عەرەبییە. ٢٩٣ میلی چوار گۆشە. عەرەب، یەک لە سەر چواری کۆی موسڵمانانی جیهان پێکدەهێنن[١].

لە پێکهاتەی ئایین و ئایدۆلۆژی مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەیە هەموو ئەو ڕەهەندە فیکری و مەزهەبی و سیاسییانەیە کە جیۆپۆلەتیکی وڵاتان بە گشتی دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی و وەک سەرچاوەیەکی هێز هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. ئیسلام و چەمکی نەتەوەی عەرەب، وەک دوو بنەمای سەرەکی فیکری عەرەبیی شوناس دەکرێت. هەر چەشنە هەڵسوکەوتێک لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایە گرفت و تێنەگەیشتنی قووڵ دروستدەکات.

شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی ناوچەکەی بە گشتی خستە بەر هەژموونی گۆڕانکارییە جیهانییەکانەوە. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە وەک دڵی جیهانی ئیسلامی ناسرابوو، دابەشبوونی ئیمراتۆریەتەکە سەرەتای لە دایکبوونی وڵاتانی عەرەبیی و دابەشکردنی ناوچەکە لە لایەن زلهێزەکانی جیهانی، سەردەمی ئینتداب و کۆڵۆنیالیزمی لێکەوتەوە. هەرچەندە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی عەرەبیی لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ڕووخساری جیهانی عەرەبییان گۆڕی، بەڵام ڕەگی دژایەتیکردنی ئیستیعمار لە ناو دڵی عەرەبدا چەکەرەی کرد. شەڕی سارد کە هەموو وڵاتانی جیهانی خستە ژێر کاریگەریی خۆییەوە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەریی قووڵی بەجێنەهێشت[٢].

جیهانی عەرەبیی وەک ناوەندێکی جیهانی پێکدادانی ئایدۆلۆژییەکان پێناسە دەکرێت. ئەم ململانێ ئایدۆلۆژییە دوو ڕووخساری هەبوو. ڕووخسارێکی جیهانی کە لە سەردەمی شەڕی سارد و سەرهەڵدانی فیکری مارکسیزم لە ناوچەکە و پاشانیش تەوژمی بە جیهانیبوون و ڕادەی کرانەوە و داخران بە ڕووی ئەم چەمکە جیهانییەدا. ڕووخساری دووەمی ململانێی ناوخۆیی جیهانی عەرەبیی سەبارەت بە عیلمانیەت و ئیسلامیەت و چەمکی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی. بەڵام ئەم ململانێ توندانە نەیانتوانی ڕووخساری سیاسی جیهانی عەرەبیی بگۆڕن. ڕووخساری سیاسی جیهانی عەرەبیی ناجێگیرە. ئەم ناجێگیرییە کاتێک زیاتر پەرەی سەند لە وڵاتانی عەرەبیی ڕووبەڕووی تەوژمی بەهاری عەرەبیی بوونەوە.

بەهاری عەرەبیی بە دوو قۆناغی جیاواز دەرکەوت. لە قۆناغی یەکەمدا جیهانی عەرەبیی بە گەشبینییەکی فراوانەوە ئەو خرۆشانە جەماوەرییەی پەسەند کرد، کە لە پێناو گۆڕینی بەشیک لە سیستەمی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە دەستی پێکردبوو. قۆناغی دووەم کە جیهانی عەرەبی بە ڕەشبینیەوە لە گۆڕانکارییەکانی دەڕوانی. بە تایبەت کاتێک کێشەکان لە لیبیا و سوریا و یەمەن و عێراق بە ئاڕاستەی توندوتیژیدا ڕۆیشتن. کۆی ئەم ڕووداوانە جیهانی عەرەبی خستە دۆخی هەڵچوون و سەرهەڵدانی ڕێکخراوی توندڕەو و تیرۆریستی لە ناوچەکە. ئەو ڕێکخراوانەش بەشێکیان سەر بە ئێران و

**ئێران لە سەدەی حەڤدەدا یەکێک بوو لە گەورەترین وڵاتانی جیهان. ڕووبەری ئێران بە وڵاتانی وەک بەریتانیا، فەرنسا، ئیسپانیا، بەلجیکا و هۆڵەندا یەکسان بوو. لە سەدەی شانزەدا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەبوو کە نزیکەی ٧٠ ملیۆن بوو، کە لە ژمارەی دانیشتوانی دوو وڵاتی وەک فەرەنسا و بەریتانیا زیاتر بوو.**

جیهانی شیعە بوون و بەشەکەی تر سەر بە فیکری جیهادی و سیستەمە جۆراوجۆرەکانی فیکری عەرەبی و ئیسلامی بوون.

**٢. ئێران**

ئێران لە سەدەی حەڤدەدا یەکێک بوو لە گەورەترین وڵاتانی جیهان. ڕووبەری ئێران بە وڵاتانی وەک بەریتانیا، فەرنسا، ئیسپانیا، بەلجیکا و هۆڵەندا یەکسان بوو. لە سەدەی شانزەدا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەبوو کە نزیکەی ٧٠ ملیۆن بوو، کە لە ژمارەی دانیشتوانی دوو وڵاتی وەک فەرەنسا و بەریتانیا زیاتر بوو[٣].

دوو زنجیرە چیای ئەلبورز و زاگرۆس ناوەندی ئێرانیان لە ئامێز گرتووە. سوتێنەرترین بیابانەکان و دەشتی فراوان دۆخێکی سروشتی وای خوڵقاندوە لە تێپەڕبوون بە ناو دڵی ئێراندا ئەستەم بێت. لە هەمانکاتدا چوار وەرزی سروشت لە جوگرافیای ئێران بەدی دەکرێت. ٦٠٠٠ کم سنووری وشکانی و حەوت دراوسێی لە خۆ گرتووە. درێژترین سنووری لەگەڵ عێراق هەیە کە ١٣٣٦ کیلۆمەترە. کورتترین سنوری لەگەڵ ئەرمینیا هەیە کە ٤١ کیلۆمەترە. وڵاتانی ئەفغانستان، پاکستان، تورکمانستان، ئازەربایجان، ئەرمینیا، عێراق و تورکیا دراوسێی ئێرانن[٤].

زنجیرە چیاکان و دەریاکان ئێرانیان لە خۆگرتووە. ئەمەش وادەکات داگیرکردنی ئێران زۆر زەحمەت بێت. هەرچەندە لە سنووری

چیاکانی زاگرۆس عوسمانییەکان توانییان دزە بکەنە ناو دیواری چیاکانی ڕۆژئاواوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی بگەنە ناو دڵی ئێران. سەرچاوەی هێزی ئێران میزۆپۆتامیایە. ئێران دەتوانێت ئەم ناوچەیە بە ئاسانی داگیر بکات و دانیشتووان و جوگرافیای ئەم ناوچەیە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. لە مێژوودا هەرکات ئێران میزۆپۆتامیای داگیر کردبێت پێویستی بە هاوکاری نەتەوە خۆجێییەکانی ئەم ناوچانە هەبووە. کۆرشی مەزن کە شاری بابلی داگیر کرد، بە ڕێزەوە سوجدەی بۆ خواوەندەکانی ئەوان برد و لە دانیشتووانی ناوچەکە فەرمانڕەواکانی دیاریکرد. پێدەچێت کێشەی لۆجستیکی پاڵنەری ئەم سیاسەتەی ئێران بووبێت. لە هەمانکاتدا خاڵی لاوازی ئێران بێت لە بەڕێوەبردنی میزۆپۆتامیا. ئێران بەبێ هاوکاری نەتەوە خۆجێییەکان نەیتوانیوە درێژە بە فەرمانڕەوایی خۆیێ لەم ناوچانە بدات(٥). ئەم سیناریۆ جیۆپۆلەتیکییە لە سەرتاسەری مێژوودا خۆی دووبارە دەکاتەوە. لە سەردەمی ئێستاشدا کە ئێران هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا پەرەپێداوە بەبێ هاوکاری عێراقییەکان ناتوانێت حوکمڕانی عێراق بکات. حکومەتی نیمچە سەربەخۆ و لە ژێر کاریگەریی ئێران ئەو ئەزموونەیە کە مێژوو فێرمان دەکات. قووڵایی ستراتیژی ڕۆژئاوای ئێران کۆمەڵێک لەو خەسڵەتانەی تێدا بەرجەستەیە. ئێران لەم قووڵاییەوە بەڕووی جیهانی عەرەبیی و شیعەدا دەکرێتەوە، خاڵی پێکدادانی ئێرانە لەگەڵ جیهانی عەرەبیی و جیۆپۆلەتیکی عەرەب. عێراق لە پاش ئێران زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی شیعەی لە جیهاندا هەیە و مەزاری پیرۆزترین ئیمامەکانی شیعەی لەخۆ گرتووە.

ئێران زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانەکەی موسڵمانن، بەڵام دابەشبوونی مەزهەبی و ئیتنیکی دانیشتووانەکەی سیاسەتی ناوخۆیی ئێرانی پڕکێشە و تەمومژاوی کردووە. لە سەر ئەم بنەمایە لە سەرەتای مێژووی ئێرانەوە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئیدارەدانی کاروباری ناوخۆی ئێران و ڕێگریکردن لە دابەشبوونی ئێران ئەولەویەتی یەکەم و ستراتیژی بووە بۆ ئێران.

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ژینگەی بەشێک لە عەرەب و ئێرانییەکانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دابەشبووە بەسەر دووجەمسەری جیاوازدا. دووجەمسەرییبوونی ناوچەکە ڕەهەندی سیاسی-مەزهەبی هەیە. دابەشبوون بەسەر جیهانی شیعە و جیهانی سووننە.**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ڕیالیستەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی پەیوەندی نێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەیە. کە سیاسەتی ناوخۆ ڕەنگرێژی سیاسەتی دەرەوە دەکات. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بە شێوەیەکی ڕەها لە ژێر کاریگەریی ئەم تێزەیە، لە سەرتاسەری مێژووی ئێران ئەم فاکتە بەدی دەکەین.

بە جیهانیبوون ڕاستییە و بە ناوچەییبوونیش ڕاستییە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ژینگەی بەشێک لە عەرەب و ئێرانییەکانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دابەشبووە بەسەر دووجەمسەری جیاوازدا. دووجەمسەرییبوونی ناوچەکە ڕەهەندی سیاسی-مەزهەبی هەیە. دابەشبوون بەسەر جیهانی شیعە و جیهانی سووننە. جیاواز لەم تێڕوانینە دەتوانین لە ڕوانگەی نەتەوەیشەوە لە بەرچاوی بگرین. خەسڵەتەکانی بە دووجەمسەرییبوونی جیهانی عەرەبی و ئێران بە شێوەیەکی گەشبینانە و خاڵە هاوبەشەکانیانە بە شێوەی ڕەشبینانە و سەرنج خستنەسەر خاڵە جیاوازەکانی هەر دوو جەمسەر لێکۆڵینەوەکە لە تەمومژ دەربهێنین.

* هەموو وڵاتانی ناوچەکە بە شێوەیەکی یەکسان لەم جەمسەر بەندییەوە، نە ئالاون، بەڵکو تێوەگلانیان لەم ململانێیە بە شێوەیەکی ڕێژەییە.

* دەکرێت ئەو ڕاستییە جێگیر بکەین کە" ئەم ململانێیانە بە شێوەیەکی ڕەها بەشتێک نییە لە تیۆری موئامەرەی وڵاتانی زلهێزی جیهانی کە خوازیاری گەمەی قووڵن لە ناوچەکە".

* بە شێوەیەکی گشتی باڵی چەکداری ئەم جەمسەربەندییە سوپای وڵاتان نییە، بەڵکو گروپە جیهادی و تەکفیری و پەڕگیرەکانی نەوچەکەن، کە هەر یەکیان لە ژێر پەردەی دوو ناوەندی جەمسەرگیریەکە واتا ئێران و سعودیە هاتوونەتە دەرەوە.

* هەردوو جەمسەرەکە هەلومەرجی یەکسان و هاوسەنگی باڵانسی هێزیان نییە لە ناوچەکە. توانای دارایی و پڕوپاگەندەی هەر دوو جەمسەرەکە جیاوازە. دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین چ لە ڕووی فراوانی خاک و ژمارەی دانیشتووان ئەم ڕکابەرییە لە سوودی ئێران نییە. ڕای گشتی و زۆرینە هاوسۆزە لە گەڵ جیهانی عەرەبیی.

**٣. ئێران و جیهانی عەرەبیی و جیاوازییەکانیان**

ئێران و وڵاتانی عەرەبیی دوو جیهانبینی و جیهانی جیاوازن. پەیوەندییەکانی جیهانی عەرەبیی و ئێران زۆر ئاڵۆز و ناهەموارە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە کێشە و ململانێکانی ئەم دوو بەشە لە جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەوڵەتمەدارانی هەردوولا تێڕوانینێکی تا ڕادەیەک هەستەکییان بەرامبەر یەکتر هەبووە، لە کاتێدا دەبێت

دان بە جیاوازییەکاندا بنێن بۆ ئەوەی ڕێڕەوی پەیوەنییەکانیان بە ئاڕاستەیەکی دروست و ڕاستدا بڕوات، ئێران و جوگرافیا و کەلتوورەکەی، لە جیهانی عەرەبیی گونجاوترە بۆ پێناسەکردن. لە کاتێکدا جیهانی عەرەبیی بەربڵاو و فراوان و هەمەچەشنە. دراوسێگەلی زۆری هەیە. لە نێوان سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا جێگیر بووە. سنوورە ئاوییەکانی جیهانی عەرەبیی زۆر فراوانە. دیدی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە دنیای سەردەم ئاڵۆزە و جێگیر نییە. چەقی سیاسی جیۆپۆلەتیکی عەرەب جێگیر نییە. لە نێوان سعودیە و میسر دەستاودەست دەکات. هەرچەندە سعودیە وەک مەرکەزی جیهانی ئیسلامیی خۆی دەناسێنێت. بەڵام ناوەندی سیاسی ئەم جیهانە لە مێژوودا گۆڕانی بە سەردا هاتووە. لە جیهانی عەرەبییدا، مێژوو، بەشێکی دانەبڕاوی ناسنامەی نەتەوەیی پێکدەهێنێت. هەر چەشنە پەیوەندییەک لە تەک ئەم جیهانە بەبێ ڕێزگرتن لەم بنەمایە ئاسۆکەی تاریک و ئاڵۆز دەکات. لە ئێرانیش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی هەمان ڕوانگەی هەیە. بەڵام ئێرانی ئیسلامیی خواستی بۆ بنەما مێژووییەکان نییە. بەڵکو ڕوانگەی مێژوویی ئیسلامیی شیعی، بنەمای ستراتیژ و هەڵسوکەوتی ناوچەیی و ناوخۆییانە، کە ڕووی دیار و شاراوەی سیاسەتی باڵای ئێرانی سەردەمی کۆماری ئیسلامیی پێکدەهێنێت.

**ستراتیجی باوی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرمەبنای دوو بنەمای پارێزگاریی لە ئیسرائیل و پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکان و وزەی جیهانییە. بەڵام ئێران خەونی جیاوازی هەیە لە ناوچەکەدا، پێیوایە ئاسایشی وڵاتانی کەنداو پێویستە لەسەربنەمای هاوکاریی وڵاتانی ناوچەکە بێت، نەک بە دەستوەردانی زلهێزە جیهانییەکان.**

### ٤. باڵانسی هێزلەنێوان ئێران وجیهانی عەرەبییدا

ئێران تەنیا وڵاتی کەنداوە، کە عەرەب نییە و خاوەنی مێژوو و شارستانیەتی تایبەتی خۆیەتی. ئێران هەمووکات خوازیاری ئەوە بووە کە هەژموونی خۆی بە سەر وڵاتانی عەرەبییدا بسەپێنێت. بەڵام مەترسییەکانی وڵاتانی کەنداو بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە ساڵی ١٩٨١ دابمەزرێنن[٦]. شەڕی ئێران-عێراق ئاگری لە پەیوەندییەکانی ئێران و جیهانی عەرەبیی بەردا، بە تایبەت کە بابەتی دورگەکانی تونبی گەورە و بچووک

و ئەبوو مووسا وەک فاکتەرێکی ڕووخێنەر لە پەیوەندییانە جوڵەی پێدەکرا. بەحرەین ناوەندی ئەم ئاڵنگاریانەی وڵاتانی کەنداو بوو لە دژی ئێران.

سروشتی وڵاتانی کەنداو و ئەو ڕیزبەندییە سیاسی و جیۆسیاسیانەی کە لە ناوچەکەدا سێبەری بەسەر وڵاتانی کەنداو کێشابوو، ئەو ڕاستییەی زیاتر جێگیر دەکرد کە ناوچەکە ئامادەی هەم گرژی قووڵە و هەم چاوەڕوانی هاوپەیمانییەتی بەهێز دەکات. ئێران و ئەمریکا توانای پەرپاکردنی شەڕ و ئاشتییان هەیە لە ناوچەکەدا. ستراتیجی باوی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرمەبنای دوو بنەمای پارێزگاریی لە ئیسرائیل و پاراسنتی بەرژەوەندییە نەوتییەکان و وزەی جیهانییە. بەڵام ئێران خەونی جیاوازی هەیە لە ناوچەکەدا، پێیوایە ئاسایشی وڵاتانی کەنداو پێویستە لەسەر بنەمای هاوکاریی وڵاتانی ناوچەکە بێت، نەک بە دەستوەردانی زلهێزە جیهانییەکان.

دوو جەمسەری ئەم دابەشبوونە ناوچەییە ئێران و سعودیە کە کێشەو و ئاڵۆزیی زۆر لە پەیوەندییەکانیان هەیە. سعودیە ڕابەرایەتی ئەنجومەنی هاریکاری وڵاتانی کەنداو دەکات. گرفتە بنچینەییەکانی ئەم دوو هێزەی ناوچەکە بریتین لە:

- ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو (G.C.C) کە نیگەرانە لە سروشتی مەزهەبی و شۆڕشگێڕانەی شۆڕشی ئێران و سیاسەتەکانی لە ناوچەکە، کێشەی نێوان شیعە و سوننە ڕیشەی مێژوویی هەیە و زیاتر لە ١٠٪ ژمارەی دانیشتووانی سعودیە شیعە مەزهەبن بە تایبەت کە لە ناوچە نەوتییەکانی سعودیە نیشتەجێن. ئەمەش هەمیشە مایەی نیگەرانی سعودییەکان بووە.

- ئێران کاریگەریی زۆری بەسەر وڵاتانی وەک عێراق، یەمەن، بەحرەین، سووریا و فەلەستینەوە هەیە، ئەم کاریگەریی و هەژموونە جێگای نیگەرانی وڵاتانی کەنداوە، لەبەر ئەوەی باڵانسی هێز بەلای ئێراندا یەکلادەکاتەوە.

- بابەتی زیارەتی ساڵانەی حەج، هەمیشە مایەی مشتومڕی نێوان ئێران و سعودییە بووە. کە سعودییە پێیوایە هاندانی موسڵمانەکانی بەرامبەر بە وڵاتەکەی بە شێوەیەکی ئاشکرا پێوە دیارە. بۆیە حکومەتی سعودییە هەمیشە بە شێوەیەکی سنووردار ڕێگا بە ئێران دەدات کە بەشداری لە فەریزەی حەجدا بکەن.

- هۆکاری سەرەکی خراپیی پەیوەندی ئێران و وڵاتانی کەنداو بابەتی ئاسایشی کەنداوە، لە ڕوانگەی ئێرانەوە ئاسایشی کەنداو زیاتر لە سەد ساڵە لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە نەخشەی بۆ دادەنرێت. ئەمەش بووەتە هۆکاری هاوپەیمانی بەستنی وڵاتانی کەنداو لەتەک زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل(٧).

پەیوەندی نێوان ئێران و سعودیە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و تاریکە. سعودیە یەکێکە لەو وڵاتانەی کە

سیستەمێکی ئاڵۆز و نەناسراوی هەیە. هەندێکجار تێگەیشتن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی سعودیە بۆ هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیشی نارِوونە. لە سعودیە شێوازێک لە شۆڕشێکی نەرم لە ئارادایە کە دەسەڵات لە بەساڵاچووەکان دەگێڕێتەوە بۆ سیاستمەدارانی گەنج. گەنجەکان لە پشتیوانی دەزگاکانی ئەمنی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی ئەم گۆڕانکاریانەیان ڕێکخستووە. هەرچی پەیوەستە بە پەیوەندی ئێران و سعودیە ئاستی پەیوەندییەکانیان لە ڕاگرتنەوە بۆ داڕووخانی بەردەوام دەڕوات. لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی بە شێوازێک پەیوەندییان لەگەڵ سعودیە هەیە[٨].

لە دەرەوەی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو، وڵاتانی عەرەبی باکوری ئەفریقا بە تایبەت میسر گرنگی و سەنگی خۆیی هەیە لە دنیای عەرەبییدا. ئەگەر سعودیە نوێنەرایەتی باڵی ئایینی جیهانی عەرەبیی بکات ئەوا بە دڵنیاییەوە میسر نوێنەرایەتی هەستی نەتەوەیی جیهانی عەرەبیی دەکات. میسر لە ناوەڕۆکدا هەڵگری کۆدژییەکانە، ئەم ڕاستییە لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی میسر ڕەنگی داوەتەوە. خواستی میسرییەکان بۆ گەیشتن بە ڕابەرایەتیکردنی جیهانی عەرەبیی خواستێکی ئاشکرایە. کاتێک محەممەد مورسی لە میسر دەسەڵاتی گرتەدەست لە یەکەم سەردانی بۆ سعودیە پێشنیاری پێکهێنانی بەرەیەکی ئیسلامی کرد بۆ سعودیە. خۆشبینی میسرییەکان و ڕەووتی ئیسلامی میسری هەرزوو خامۆش بوو[٩].

ڕووناکبیرانی میسر بە پێچەوانەی سەردەمی شەڕی سارد تێڕوانینی تایبەتییان هەیە بۆ ئێران. پێیانوایە ئێران هێندەی لە ناوەندەکانی فیکری و سیاسی بە مەترسیدار وێناکراوە هێندە مەترسی نییە بۆ سەر میسر و بەرژەوەندییەکانی. میسر لە لایەک ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆ کردوە لە هەمانکاتدا نایەوێت بکەوێتە ژێر هەژموونی دەوڵەتی ئیسرائیل. بۆ ڕاگرتنی باڵانس هەمووکات بە شوێن ئەو هۆکارانەوەن کە هەم فشار لە سەر ئیسرائیل زیاد بکرێت و هەم خۆی لە ژێر ئەو فشارانە قوتار بکات، هەمان ڕاستی بۆ دەوڵەتی تورکیاش ڕاستە.

**ئێران و هاوپەیمانە شیعەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر یەکپارچە و یەکگرتوون. ناوەندی جیهانی شیعی ئێران وەک هێزێکی ناوچەیی توانای دانانی کاریگەریی بەسەر وڵاتانی عەرەبییەوە هەیە، وەک وڵاتانی کەنداو خاوەنی نەوت و یەکێک لە گەورەترین یەدەکی غازی جیهانە.**

سیاسەتی دەرەوەی میسر کاتێک زێدەتر ڕوون و ئاشکرابوو کە ئەنوەر سادات تیرۆر کرا، بۆشاییەکی گەورە لە نێوان میسر و جیهانی عەرەبیی دروستبوو. میسرییەکان زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا نزیکبوونەوە.

**ئەنجام**

جیهانی عەرەبیی و ئیران بەردەوام لە پێکدادانی فیکری و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژین. لەگەڵ ئەوەی ئێرانیش ئەندامی ڕێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامییە، بەڵام هەمیشە لە دەرەوەی ڕێکخراوەکانی عەرەبی و ئیسلامیی درێژەی بە پرۆژە فیکری و سیاسیەکانی خۆی داوە. ئێران و هاوپەیمانە شیعەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەکی زۆر یەکپارچە و یەکگرتوون. ناوەندی جیهانی شیعی ئێران وەک هێزێکی ناوچەیی توانای دانانی کاریگەریی بەسەر وڵاتانی عەرەبییەوە هەیە، وەک وڵاتانی کەنداو خاوەنی نەوت و یەکێک لە گەورەترین یەدەکی غازی جیهانە. ئێران توانا سەربازیی و مرۆییەکانی بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە ئاستی زلهێزێکی ناوچەییدایە. ئێران توانیویەتی باڵە جیاوازەکانی فیکری شیعی لە سووریا و یەمەن لێک نزیک بکاتەوە.

لە بەرامبەردا جیهانی عەرەبیی فراوانە، خاوەنی سەرمایەی ئابووری و مرۆیی فیکرییە. شەرعیەتی زۆرینەی موسڵمانی سوننە و عەرەب وەک بەهایەکی مێژوویی و کەلتووری بۆ ئەم جیهانە دەگەڕێتەوە، جیهانی عەرەبیی لە هەمانکاتدا ئاڵۆز و پڕاوپڕە لە کۆدژی و پەرتەوازەیی. ڕێکخراوەکانی جیهانی عەرەبیی لە ئاست داخوازی شەقامی عەرەبییدا ئەرکەکانی خۆیان بەجێ نەگەیاندوە. هاوپەیمانییەتی سەربازیی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بنچینەی توانا سەربازییەکانی جیهانی عەرەبیی پێکدەهێنن. توانای کاریگەریان لەسەر ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت هەیە، هەر چەشنە ڕێکخراوێکی فیکری پەرگیر و تیرۆریستی بە چەشنێک لەگەڵ جیهانی عەرەبیی لە پەیوەندیدایە.

بە هەر شێوازێک پێناسەی چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین ناتوانین ئێران و سعودیە و میسر و تورکیای تێدا نەبینین!

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- دکتر محمد مسجد جامعی.١٣٩٥. ایران و جهان عرب. تهران.انتشارات اطلاعات.

٢- لویس فاست. ٢٠٠٥ ، احمد سلطانی نژاد، تهرانم دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی

3-https://worldview.stratfor.com/article/geopolitics-iran-holding-center-mountain-fortress

4- https://fa.wikipedia.org/wiki

5-https://worldview.stratfor.com/article/geopolitics-iran-holding-center-mountain-fortress

٦- سید حسین موسویان.١٤٠٠. ایران و ایالات متحده ( نگاهی از درون گذشته‌ای شکست خورده و مسیری به سوی مصالحه) تهران.بنگاه ترجمه و نشر کتاب پارسه.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.ا

٨- محمد مسجد جامعی.١٣٩٧ ایران و ژئوپلتیک منطقه پیداها و ناپیداها.تهران.انتشارات اطلاعات

٩- دکتر محمد مسجد جامعی.١٣٩٥. ایران و جهان عرب. تهران.انتشارات اطلاعات.

# سەرهەڵدانی ڕەوتی چەپی (پارتیزانیی) سازمانی چریکی فیداییانی خەڵکی ئێران (١٩٦٣-١٩٧٨)



ژیلوان لطیف یاراحمد
توێژەر



**بەرایی**

ڕەوتی چەپ لە ئێراندا ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بەو پێیەی یەکەمینی ئەو وڵاتانە بوو لە جیهانی سێدا بە خێرایی بۆچوون و ئایدۆلۆجیا مارکسییەکانی تێدا گەشەیکردووە، چەپ وەک بنەمایەک لە بەرامبەر ستەمی چینایەتیی و سیاسیی و نەتەوەیی لەو وڵاتەدا لە شێوەی چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسیدا شکڵگیر بووە، لە نێو ئەو هێزانەشدا لەبەرامبەر شکستی بەرەی چەپی کلاسیک و بەردەوامی ستەم و زۆری دەسەڵاتی شاهانشاهیی لە وڵاتەکەدا، لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکان بە کارتێکردنی شۆڕش و جوڵانەوە کۆمۆنیستییە ڕادیکاڵییەکان و سەرپێکەوتنی بزوتنەوەی ماویزم و جووڵانەوەی چەپی چەککداریی، کاتێکیش ڕووخساری سیاسیی چەپ لەم قۆناغەدا بەهۆی فاکتەر گەلێکی ناوخۆیی و دەرەکی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا دێت، ئیدی ئایدۆلۆجیای چەپ ئاوێزانی ستراتیجی چەککداریی و پارتیزانیی دەبێت و سیمایەکی توندوتیژ و ڕادیکاڵانە وەردەگرێت، لێرەشەوە بزاڤێکی نوێ بە ناوی چریکی فیداییانی خەڵکی ئێران لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند گروپێک پێکهات و لەو کاتەشەوە وەک یەکێک لە هێزە سیاسییە گەورە و چالاکەکان نەخشی لەسەر بەشێکی بەرچاوی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران هەیە، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە ئامانج و گرنگییەکەی لەوەدایە کە لە (مێژووی ڕەوتی چەپی ڕادیکاڵی چەکداریی (پارتیزانیی) لە ئێران و چریکی فیدایانی خەڵکی ئێران) دەکۆڵێتەوە، باس لەسەرهەڵدان و گرنگترین فاکتەرەکانی دەرکەوتنی دەکات، تیشکی خستۆتە سەر گرنگترین کاریگەرییەکانی ئەم ڕێکخراوە لەسەر شانۆی سیاسیی ئێران و، دەرخستنی بەشێکی بەرچاوی بۆچوونەکانی لەسەر ڕووداوەکانی بەر لە ساڵی ١٩٧٩ز و دوای ئەویش تا ساڵی ١٩٩١ز.

**سەرهەڵدانی ڕەوتی چەپی چەکداریی لە ئێران**

پاش کۆدەتاکەی دکتۆر موسەدیق و یەکلابوونەوەی نەوتی ئێران بە قازانجی کۆمپانیا گەورەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکا، ئێران بووە گرنگترین ناوچەی ستراتیژیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست[١]، ئەمەش بووە هۆی پێشکەوتنی دەزگا سەربازییەکانی ئێران، لەم ڕێگەیەوە شا کەوتە پیادەکردنی دەسەڵاتیی ڕەها، پاشان سەرکوتکردن و وەدەرنانی هەر دەنگێکی نارازی[٢].

لە نێو ئەو بارە چەقبەستووەدا، بزوتنەوەی بەرگری نیشتمانیی[٣]، گوڕیدایە خۆی و وەک سەرمەشقی نەیارانی شا، خۆپیشاندانێکی ڕێکخست، بەڵام ناکۆکیە ناوخۆییەکان ڕێگەی سەرکەوتنی لێگرت، سەرەنجام (بزوتنەوی ئازادیی ئێران)ی لێجیابووەوە[٤]، ئەم بزوتنەوەیە، بەگونجاندنی شیعەگەرایی لەگەڵ سۆسیالیزمی ئەوروپایی، کە ناوەڕۆکەکەی لەسەر یەکسانیی کۆمەڵایەتیی و بونیادنانی کۆمەڵگەی بێ چین و

مارکسیزم دارێژرابوو، شێوەیەکی ڕادیکاڵانەی وەرگرت و جڵەوی ئۆپۆزسیۆنی خستە دەست ڕێبەرانی ئایینی[٥]، هاوکات تەوژمی سوننەگەرایی هاوشێوەی بەرهەڵستکارانی شیعی، هێنایە ناو بەرەی نەیارانی ڕژێمی شا[٦].

بە گەورەبوونی پانتایی ئۆپۆزسیۆن و زیادبوونی کۆژانی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، چینایەتی، خێرایی گەشەکردنی بزوتنەوە مارکسییەکان، زیادبوونی هەژموونی سۆڤیەت و کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵی چینیی، شای بەرەو زنجیرەیەک چاکسازیی ڕاکێشاو بەرنامەیەکی بە ناوی (شۆڕشی سپی) ڕاگەیاند، تا بە ئەنجامدانی هەندێک ڕیفۆرم، سیمایەکی مۆدیرن و پێشەکەوتووخوازانە بداتە وڵاتەکەی[٧].

لەگەڵ ئەوەی شۆڕشی سپی بە ناکامی دەستیپێکرد، بەڵام بنەمای سیستەمی فیودالیی لە ئێراندا لەقکردو ئاڵوگۆڕی لە ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی لادێنشین پێکهێنا و بووە هۆی وروژاندنی چەپەکان، چونکە لە کۆمەڵگەی نیمچە داگیرکراوی دەرەبەگی ئێران، سەرمایەداریی و ئیمپریالیزمی بەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا زاڵکردو بۆرژوای ئێرانی بە بازاڕی سیاسیی و سەربازییەوە بەستەوە، هەروەها دەستی ئەمریکای لە ئێراندا ئاوەڵاکردو کۆمەڵگەی ئێرانی لە نیمچە فیوداڵیزمەوە بۆ بۆرژوازیی گۆڕی و پایەکانی سەرمایەداریی تیادا چەقاند، بەڵام بە هێنانەپێشی بابەتگەلێکی وەک: (ڕیفۆرمی زەوی و زار، یاسای کار، مافەکانی ژنان...هتد)، شا توانی شکست بە دروشمی مارکسییەکان بێنێت و پاشەکشە بە داخوازییە کلاسیکیەکانی چەپ بکات [٨]، لە هەمان کاتدا ڕەخنەکانی ڕێکخراوە مارکسییەکانی بێبایەخ کرد، وێڕای ئەوە لە دیارترین لێکەوتەکانی بەرنامەی چاکسازیی، هاندانی شا بوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەویی، بەم هۆیەوە گروپێکی کۆمۆنیستیی، هەوڵێکیان بۆ تێرۆردنی شا لە ساڵی ١٩٦٥ شکستپێهێنا.[٩]

هاوکات ئایەتوڵڵا و مەلا گەورەکان، کە ڕیفۆرمی شا زیانێکی گەورە بوو بە بژێوی و داهاتیان، پێش ڕێکخراوە چەپەکان نارەزایەتیان دژی چاکسازییەکانی شا دەربڕی، لە سەرویانەوە خومەینی، کە هێرشی کردە سەر شاو تاوانباریکرد بەوەی (شا ئێرانی بە ئەمریکا فرۆشتووە)، هەربۆیە لە حوزەیرانی ١٩٦٣ خۆپیشاندان لە شارەکانی قوم و تاران دەستیپێکرد، شا بەتوندی وەڵامی دایەوە، بەمەش هێزە نەیارەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی میکانیزمێکی نوێ بۆ خەبات بدۆزنەوە، کە خۆی دەبینیەوە لە گرتنەبەری خەباتی چەکداریی[١٠].

لە سەرەتای شەستەکانەوە، بەهۆی دروستبوونی ململانێی سیاسیی و ئایدۆلۆژییاکانی نێوان چین و سۆڤیەت، ئاراستەی چەپڕەویی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرداهات[١١]، ئەم ئاراستە نوێیە خۆی لە پرەنسیپی خەباتی پارتیزانیی و دوورکەوتنەوە لە چەپی کلاسیکیی وابەستەی

سۆڤیەت دەبینیەوە، ئەویش بە دەرکەوتنی ماوتسی تۆنگ[١٢] و شۆڕشە کەلتوورییەکەی[١٣]، کە توانی چین بکاتە وڵاتێکی ناسەرمایەداریی لە نێو جیهانی سێیەمداو سەرکەوتنەکانی لەنێو گەلانی ئاسیایی دا دەنگیدایەوە[١٤]. ئەوەی زیاتر بیروڕای ڕادیکاڵیی لە ئێراندا چەسپاند، سەرکەوتنی خەباتی پارتیزانیی گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بوو، وەک: (چین، ڤێتنام، کوبا، جەزائیر)و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک: (میسر، فەلەستین، زەفار)، هەروەها سەرڕێکەوتنی خەباتی دژە ئیمپریالیستیی لەسەر دەستی (ماوتسی تۆنگ، هۆشی منە، ڤیدڵ کاسترۆ، گیڤارا).[١٥]

لەم قۆناغەدا بە گەشەسەندنی تەوژمی چەپی ڕادیکاڵیی، ناکۆکی و پەرتبوونی چەپەکان سەریهەڵدا، هەر وڵاتەو بوونەتە لایەنگری یەکێک لەو ڕەوتانە[١٦]، زۆربەی چەپەکانی ئێران کەوتنە ژێر کاریگەریی چین و بیروبۆچوونەکانی ڕێبازی ماویزم[١٧]، چونکە ڕێکخراوە چەپەکان لە دۆخێکی چەق بەستوودا بوون و خاوەنی ناسنامەیەکی سیاسیی و فیکریی سەربەخۆ نەبوون، تا وەڵامدەرەوەی ئەو قۆناغەی ئێران بێت، حیزبی تودەش، وەک گەورەترین حیزبی چەپ لە ئێراندا بەهۆی هەڵوێستی چەوت و سیاسەتی سازشکارانەی تەریک و بێزراوبوو، نەیدەتوانی ڕووناکبیرانی چەپ و گەنجان ڕابکێشێت، لەهەمانکاتدا باوەڕی بە هەڵگرتنی چەک نەبوو[١٨]، هەروەها ڕەچاونەکردنی جیاوازییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاواو نەپێوانی قۆناغەکانی ڕیفۆرمو ڕابوونی هزری و شۆڕشی پیشەسازی لە ئێران، چارەنووسی حیزبی تودەی بەرەو شکست برد، بەمەش بەرنامەی مارکسیستی کلاسیکیی پاشەکشەی کردو وای لە چەپی ئێران کرد، بۆ ڕزگاربوون لەم بن بەستیە بکەونە شوێن خەباتی چەکداریی[١٩].

هەر بۆیە ئەو قۆناغە لە ئێراندا بە قۆناغی ڕادیکالیزم و خەباتی خوێناویی و توندوتیژ ناسراوە، ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی لەسەر خوێندکارانی زانکۆی تاران دروستکرد[٢٠]و، گەیشتە ناوەندی زیندانەکان و تەنانەت لەناو پیاوانی ئایینی و مەزهەبیەکانیشدا کاریگەریی دانابوو، ئەم تەوژمە، ئەمریکایان بە دوژمنی پلەیەک ناودەبرد و ڕژێمی شاهانشاهیی بە درێژکراوەی ئیمپریالیزم دادەنا[٢١]، لەم کاتەدا چەندین ڕێکخراوی سیاسیی و چەکداریی هاتەکایەوە، وەک (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران[٢٢]، تەوفان[٢٣]...هتد)، کە لەژێر کاریگەریی ڕێبازی ماویدا دژ بە ئیمپریالیزم و شا، شەیدای جەنگی پارتیزانیی ببوون[٢٤].

## دامەزراندن و گەشەکردنی ڕێکخراوی چریکی فیدائیانی خەڵکی ئێران

دیارترین سیمای ئەو قۆناغەی ئێران، دەرکەوتنی (ڕێکخراوی چریکی فیدائیانی خەڵکی ئێران)* بوو، کە بەهۆی کاریگەریی

خەباتی چینی و کوبایی، دژ بە سەرمایەداریی و بۆرژوازیەتیی موڵکدار، بیروبۆچوونەکانیان خستە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، لە ڕێگەی بڕوابوون بە خەباتی چەکداریی و بنەمای گەشەی ناسەرمایەداریی، چالاکییان دژی ڕژێمی شاهانشا دەستپێکرد[٢٥]. ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو گروپ پێکهات، کە یەکیان لەلایەن "بیژەن جەزەنی"[٢٦]، سەرۆکایەتی دەکراو ئەوی تریان گروپێکی مارکسیی بوون و پێشتر بیروڕایەکی مەزهەبیان هەبوو، لەلایەن "مەسعود ئەحمەد زادە" (١٩٤٧_١٩٧٢) ڕێبەری دەکران[٢٧].

جەزەنی، یەکەمین کەسێک بوو، کە بیری چەپی ڕادیکاڵی لە ئێراندا فۆرمڵەکرد، لە ڕێگەی پەرتوکێک بە ناوی (جمع بندی مبارزات سی ساله اخيرو تحليل موقعيت اقتصادی فعلی جامعه/ شرۆڤەی خەباتی سی ساڵەی ڕابردوو، لێکدانەوەی بارودۆخی ئابووریی ئێستای کۆمەڵگە)، لە پاش ئەویش دوو نامیلکە بە ناوەکانی (بەرخۆدانی چەکدارانە، هەم ستراتیژو هەم تاکتیک[٢٨] و بەرخودانی چەکداریی وەڵامدانەوەیەکی تیۆریی) بڵاوبووەوە، کە دەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبوو لە نێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا [٢٩].

لەو قۆناغەدا، جەزەنی توانی بەهۆی بیروبۆچونەکانییەوە لایەنگرێکی زۆر کۆبکاتەوە، بۆ هەر کەس و لایەنێک نەخشەڕێیەکی پێشکەشکرد، کە توانای هەڵگرتنی چەکی هەبێت، چونکە جەزەنی لەو باوەڕەدابوو بێ بوونی چەک، هەرگیز چینایەتیی و بۆرژوازیەتی کۆمپرادۆر لەبەین ناچێت، هەروەها لە ڕێگەی لێکدانەوەی وردو زانستیانەی بۆ مارکسییزم و دۆخی سیاسیی و ئابووری ئێران، توانی قەیرانی تیۆریی چەپی ئێرانی بەقازانجی بیروڕاکانی خۆی بقۆزێتەوە[٣٠]، لەگەڵ ئەوەشدا چەپەکانی لە بەربەرەکانێی ڕژێمی شا خستەوە پێش هەر ڕەوتێکی سونەتیی، ڕۆحانیی و تەریقەتگەریی ئایینی، هاوکات بوونە سەرمەشقی تەواوی هێزە ڕادیکاڵەکان[٣١].

چریکەکان لەو باوەڕەدابوون ماتەوزەی جەماوەر لەڕێگەی بەگەڕخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان جەماوەرو ڕۆشنبیرەکانەوە دەستپێدەکات، بۆ ئەم مەبەستە تیۆریی ماتۆڕی بچوک"ڕووناکبیرو شۆڕشگێڕان"و ماتۆڕی گەورە"جەماوەری خەڵک"یان دەخستەکار، ئەویش بەو واتایەی ڕووناکبیر دەتوانێت چەوساوەکان بەرەو خەباتی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی ڕێنوێنی ببات[٣٢]. هەرچەندە ناکۆکی تیۆریی لە نێوان سەرکردەکاندا هەبوو، چونکە جەزنی پێیوابوو ئێران وڵاتێکی فیوداڵیەو هەنگاوی سەرمایەداریی ناوە، چاکسازیی زەویی، چینی بۆرژوایی کردووەتە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی، کە ئێرانی بە ئیمپریالیزمەوە بەستۆتەوە[٣٣]، بەڵام ئەحمەد زادە لەو باوەڕەدا بوو، کە ئێران وڵاتێکی نیمچە داگیرکراوەو نیمچە فیوداڵە، لەژێر بلۆکی سەرمایەداریدا

جیاوازی چینایەتی قووڵکردووەتەوە، سەرەڕای ئەم جیاوازیانە، هەردوو لا بەرەو یەکگرتن هەنگاویاننا، وەک بزوتنەوەیەکی چەکداریی هەڵقوڵاوی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ئێران، بێ دەستوەردانی هیچ وڵاتێکی تر هاتە مەیدان[٣٤].

## ململانێکانی ڕەوتی چەپی چەکداریی و کۆمۆنیزمی کلاسیکی

جیاوازیی ئەم گروپە لەوەدا بوو، کە بەتوندی هێرشیان دەکردە سەر حیزبی تودە، بەو پێیەی بایەخ بە مەسەلەی جوتیارو کێشەی نەتەوەیی نادات، هەروەها باوەڕەی بە بەرەی نەتەوەیی و کۆماری دیموکراتیی نییە، بەڵکو دەیەوێت ئەڵتەرناتیف بێت، بۆ ئەم ڕێگەیەش خەباتی چەکداریی فیدای تاکتیکی مەدەنیی دەکات [٣٥]، چریکەکانیش لە تێڕوانینی تودەدا جگە لە ئاژاوەچیەکی بێکردار هیچی تر نەبوون، پێیانوابوو، کە ئاڵوگۆڕی دیموکراتی بۆرژوایی بەرەو دیموکراتی نەتەوەیی، هەوڵێکی ترۆتیسکیستیە، ئەویش دوور لەواقیعی ئێرانە[٣٦].

لە ساڵی ١٩٦٨، جەزەنی و گروپەکەی لەسەر دەستی ساواک گورزێکی توندیان بەرکەوت، بەجۆرێک خودی جەزەنی و ئەندامەکانی بە زیندانیکردنی ماوەدرێژ بەندکران. بەڵام دواتر دوو لە هاوڕێکانی هەڵهاتن و ئامادەکاری بۆ یەکگرتنیان لەگەڵ گروپی ئەحمەد زادە دەکەن، پاشان دەستیانکرد بە پەیوەندیکردن بە وڵاتانی دەرەوە بە مەبەستی کڕینی چەک و کۆکردنەوەی هاوکاری دارایی، بەم هۆیەوە لە ساڵی ١٩٦٩ هەردوو گروپ یەکیانگرت و ستراتیژیی خۆیان لەسەر خەباتی چەکداریی دادەمەزرێن و یەکەمین دەستەی خۆیان بەسەرۆکایەتی (ئەحمەد فەرهودی) دەنێرنە شاخ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی ئامادەدەبن[٣٧].

ئەوەی هانی سەرکەوتنی ڕەوتی چەکداریدا، ئاڵۆزیی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکیی ئێران بوو، سنوری بەرفروانی ئێران لەگەڵ سۆڤیەت، شای دڕدۆنگ کردبوو لە دەستدرێژیی و پلانگێڕیی سۆڤیەت لە ئێراندا[٣٨]، بەرلەوەش نزیکبوونەوەی شاو سۆڤیەت، ڕێڕەوی سیاسیی و ستراتیژیی چەپەکانی ئێرانی بەلای ماویزمدا وەرچەرخاند، ئەمانە، بوونە هۆی ئەوەی سیاسەتی شا لەنێوان ١٩٦٥_١٩٧٠، خواستی بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بگرێتەبەرو هەنگاو بنێت بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، کە لەدوای هاتنە سەرکاری بەعسییەکان زەمینە ڕەخسابوو[٣٩]، لەم کاتەدا ئەمریکا بۆ ڕوووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم، سیاسەتی سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتدا گرتەبەر، دەیوست ئێرانێکی بەهێزو دۆستی ڕۆژئاوا دروستبکات[٤٠]. هەروەها پاشەکشەی بەریتانیا لە کەنداو سەرقاڵی ئەمریکا بە جەنگی ڤێتنام، ڕۆڵی پۆلیسی

هەرێمیی و بریکاری ئیمپریالیزمی دایە ئێران، کاتێکیش ئێران بووە کڕیاری چەکی ئەمریکی، شا هەوڵیدا بە پاڵپشتی هێزەکانی ڕۆژئاوا خۆی نیشانبدات، بۆ ئەم مەبەستە لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ سێ دوورگەی (تەنبی گەورە، تەنبی گچکە، ئەبوو مووسا) لەناوچەی کەنداو داگیرکرد[٤١].

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، گرتنەبەری سیاسەتیی سەرکوتکردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان و ڕێگری لە ئازادیی سیاسیی، خەیاڵی دروستکردنی ئیمپراتۆریەت و تێچوونی سەدان ملیۆن دۆلار لە بۆنەو یادەکانی بنەماڵەکەی، تەواوی هێزی نەیارەکانی تووشی نیگەرانیکرد[٤٢]. لە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە جیهانیی و ئێرانییەکان، بزاڤی چەپی ڕادیکاڵ، کاریگەریی لەسەر جیهانی چەپ پێکهێنا، لە ڕێگەی ئەو لاوە مارکسییانەی، کە پەروەردەی زانکۆکانی تاران بوون و بەهۆی هێرشی ساواک، ناوچەکانی خۆیان جێهێشتبوو، ئەم لاوانە لە ژێر کارتێکردنی بزوتنەوە خوێندکارییەکانی ئێران، کەوتونەتە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵگە و ئاشنابوون بە چەپی نوێی ماویی وەک باوترین ڕێگا، هەندێکی تر کەوتنە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ماو و تیۆریاکانی شەڕی پارتیزانیی[٤٣].

لەگەڵ ئەوەشدا، بارودۆخی بنبەستی سیاسیی، زەمینەی گەشەکردنی ڕەوتی پارتیزانیی ڕەخساند، چونکە زۆرینەی شارەکان لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بوو، لە ڕووی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و ئاستی خزمەتگوزارییە گشتیەکانەوە، هەرچەندە ڕیفۆرمی زەویی پێگەی کۆمەڵایەتیی چینی فیوداڵ و دەرەبەگەکانی لەرزاندو دەستی وەرزێرانی تا ڕادەیەک ئاوەڵاکرد، بەڵام گرفتی بژێویی و بێکاریی هێنایە کایەوە، کە بووە هۆی کۆچی بەلێشاویی جوتیاران بۆ شارە گەورەکان[٤٤].

نیگەرانی لە حیزبی تودەو هەڵوێستی نەرێنی سۆڤیەت لە هەمبەر زۆرینەی کێشەکانی کۆمەڵگە، وای لە ڕووناکبیران کرد، زیاتر لە چەپەکانی ئێران بیری ماویزم تیایاندا گەشەبکات، بەم شێوەیە باری دواکەوتوو، خەڵکی خستە سەر ئەو باوەڕەی ڕێگەی ڕزگاریی چەوساوە تەنها شەڕی پارتیزانییە، کە دەبێت دێهاتەکان ببنە داینەمۆو جوتیاران ببنە ناوکی خەباتی چەکدارانە [٤٥].

## چریکی فیداییانی خەڵک و نەخشی لە ڕووداوە سیاسییەکان

ئەمانە کاریگەریان لەسەر لاوانی چەپ و مارکسییەکان دانا، بەتایبەت لایەنگرانی چریک، کە بڕیاری ئەنجامدانی کردەوەی چەکداریی لە دەشت و کێوەکان و پاشتر بۆ خەباتی شارەکان، بەم هۆیەوە لە ٨ی شوباتی ١٩٧١ چریک دامەزراو پاشان ئامادەکاریان بۆ شەڕی پارتیزانیی لە دارستانە چڕو ناوچە شاخاوییەکانی گەیلان کرد، چونکە ئەو ناوچەیە سەخت

و دژواربوو، تانک و زرێپۆشەکان بە ئاسانی نەیدەگەیشتنێ، سەرەنجام لە ١٩ی شوباتی ١٩٧٠ بە سەرۆکایەتی "حەمید ئەشرەف"[٤٦]، هێرشیان کردە سەر سەربازگەی سیاهکل و بۆ مانگێک دەستیان بەسەرداگرت[٤٧]، بەڵام لە کردەوەیەکی دژدا، بەهەزاران چەکدارو هێلیکۆپتەر دەوریان گرت و توانیان دوو ئەندامیان بکوژن و ١٣ی تریان لە ١٧ ئازاری ١٩٧١ بە بیانوی دزینی چەک گوللەبارانکرد. هۆکاری سەرەکی ئەم شکستە نائامادەگی و تێکچوونی کاتی هەڵمەتەکە بوو، کە زەبرێکی گەورەی لە چریکەکان داو زۆرینەی ڕێبەرایەتیەکەی لەدەستدا، بەڵام ڕووداوەکە، خاڵی ڕەچەشکێن و دیارترین کردەوەی پراکتیکی بزوتنەوەی چەپی ئێرانی بوو، کە خەیاڵی چەپڕەویی کردە واقیع و دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، تەنانەت شای لە خەیاڵی دوورگەی ئارام هێنایەدەرو زەمینەی ڕەخساند بۆ خەباتێکی توندوتیژو خوێناویی، پاشانیش متمانەی گێڕایەوە بۆ کۆمەڵگە و ئاستی لاوازی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی شای نیشاندا[٤٨].

پاش ئەم شکستە، لە ١٩٧٢ پاشماوەی چریکەکان کۆبوونەوەیەکی نهێنیان لە تاران ڕێکخست و ناوی خۆیاننا (چریکی فیداییانی خەڵک)، جەزەنیش لە زینداندا لەڕێگەی نووسینەکانی چریکەکانی هاندەدا، ئیدی ئەم ڕێکخراوە لە حەفتاکاندا دەستیان دایە کاری تیرۆرستیی و توانییان لە سەربازگەیەک لە گەڕەکی (قلهک)ی تاران، ژەنەڕاڵ "فریسۆ"ی سەرۆکی دادگای سوپا تیرۆر بکەن، بەم جۆرە لە بڵاوکراوەیەکی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکادا هاتووە، لە نیسانی ١٩٧١ تا شوباتی ١٩٧٥، زیاتر لە ٥٠٠ کەسایەتی بەدەستی چریکەکان تیرۆرکران، لەبەرامبەریشدا، شا لە ١٨ نیسانی ١٩٧٥ بێژەنی جەزەنی لە سێدارەدا[٤٩].

پاش ئەوە، قۆناغی توندوتیژیی و تیرۆری نهێنی هێزە چەکدارییەکان دەستیپێکرد، هەریەکە لە چریکی فیدایی و موجاهیدنی خەڵک، دەستیاندایە چەند چالاکییەکی وەک: پەیوەندی کردنیان بە کەمپەکانی بەرەی ڕزگاریی فەلەستین و لوبنان، فڕاندنی فڕۆکە، تیرۆری ئەمریکییەکان، تەقاندنەوەی تۆڕی کارەبای تاران و هەوڵی تیرۆری شا، لەبەرامبەریشدا، شا بەوپەڕی توندوتیژییەوە وەڵامی ئەم کردەوانەی داوەتەوە، زۆرینەی هەوڵەکانی پوچەڵکردووەتەوە، بەم هۆیەشەوە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە بەهۆی گرتن و لەسێدارەدانی بەشێک لە ڕێبەرانی لاوازببوو، لەوانە (خەسرەوی گوڵ سروگی و کەرامەتی دانیشیان)، کە دوای دەستگیرکردنیان لە دادگایەکی سەربازیدا، لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٧٤ گوللەبارانکران، هەروەها لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٧٦ حەمید ئەشرەف و دە هاوڕێی تری لە ڕووبەڕووبوونەوەی ساواکدا کوژران[٥٠].

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، ساواک کەوتبووە چاودێری گروپە چەپەکان، بەم هۆیەوە

چریکەکان کەوتنە بەرشاڵاوی تیرۆرکردن و زیندانیکردن، لە ساڵی ١٩٧٧، ٣٤١ ئەندامی چریک لە شەقامەکانی تاراندا کوژراون، کە ١٧٧ یان لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریدا بوو، ٩١ کەسی تر لە دادگاییەکی نهێنیدا گوللەبارانکراون، ٤٢ کەس لە زینداندا لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان سپاردووە، زیاتر لە ٢٠٠ کەس بەتاوانی کۆمۆنیستی بە ١٥ ساڵ زیندانی سزادراون، بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی ٣٠٦ کەس لە کوژراوان و زیندانیان ٢٩١ یان، کە دەکاتە ٩١٪ لە چینی ڕۆشنبیر ، ٩٪یان کرێکاریی ناو کارگەکان بوون، لەو ژمارەیە ٣٩ یان ژن و ١٤ یان نەوەی خانەدان ، ٩یان مامۆستاو دوویان پزیشک بوون[٥١].

بەم شێوەیە، بزاڤی چەپی ڕادیکاڵ لە کۆتایی حەفتاکان، کەوتە قەیرانێکی سیاسیی و ڕێکخراوەیی قووڵ، زۆرینەی ڕێکخراوەکان دەرەتانی چالاکی ئاشکرایان نەما، بەشێک لەمانە بەنهێنی لە نێو کاری ڕێکخستن و شانەی بچووکدا کاریان دەکرد، زۆرینەیان لە زیندانەکانی (عادلئاوای شیراز)دا توندکرابوون، زیندانەکان بوونە ناوەندی خەبات دژ بە ڕژێمی شا[٥٢]، ئەو ئەندامەکانیشی لە زیندانەکاندا کەوتبوونە ڕکابەری چەپەکانی تر و ئاکاری تایبەت بە خۆیان هەبوو، بەیەک فلچە ددانیان دەشوشت و یەک خاولیان بۆ کۆمەڵێک بەکاردەهێنا، بەکارهێنانی پێخەفیان بە ژیانی بۆرژوایی دادەنا، بایەخیان بە ژیانی پەروەردەیی و فەلسەفی نەدەدا. بەهۆی ئەم سیاسەتەوە، لە ساڵانی ١٩٧٧_١٩٧٨، نزیکەی ١٠٠ هەزار زیندانی سیاسیی لە ئێراندا هەبوو، لە کاتێکدا سەرچاوە حکومییەکان ژمارەکەیان بە ٣_٤ هەزار دەخەمڵاند، بەڵام ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتی دژە کۆمۆنیستیدا، ئاماژەی بەوەداوە، کە زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بە تاوانی جیاجیا، کە زۆرینەیان چەپ و مارکسیین لەلایەن ساواکەوە گیراون و ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی دژە مرۆیی بوونەتەوە[٥٣].

**ئەنجام**

لەسەرەتای شەستەکاندا لەئێران چەند گۆڕانکارییەک ڕوویدا، کە کاریگەریی تەواویان لەسەر هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە هەبوو، لەسەر ئاستی ناوخۆ محەمەد ڕەزاشا بەرنامەی (شۆڕشی سپی) ڕاگەیاند، لەسەر ئاستی دەرەکی بەهۆی دروستبوونی ململانێی سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکانی نێوان چین و سۆڤیەت، ئاڕاستەی چەپڕەویی گۆڕانی بەسەردا هات، بەم هۆیەوە بزوتنەوەی چەپ چووە سەر شێوەی خەباتی ڕادیکاڵ و توندوتیژی چەکداریی، بەهۆی کارتێکردنی ڕێبازی ماویزم بەشێک لە چەپەکانی ئێران بوونەتە لایەنگری ئەو ڕێبازە، لەم قۆناغەدا چەند بزوتنەوەیەکی مارکسیی بە ناوەڕۆکی پارتیزانیی پێکهات، کە دیاترینیان ڕێکخراوی

چریکی فیدایی خەڵکی ئێران بوو، ئەم ڕێکخراوە وەک بزوتنەوەیەکی چەکداریی ڕێگەی خەباتی پارتیزانیی گرتووەتە بەر. چریکی فیداییانی خەڵک، وەک هێزێکی چەپئاژۆی توندڕەوو بە ئەزموونی سەردەمی شاهانشاهیی، کە بە ئایدۆلۆژیایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتووخواز، هاتووەتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، بەڵام لە ئەنجامی لاوازی ناوەندگەرایی ڕێکخراوەکەو نەبوونی بەرنامەیەکی چەسپاو، هاوکات خۆ هەڵقورتاندن لە بەشی زۆری ڕووداوەکان، زیاتر لە هەر ڕێکخراوێکی تر ڕووبەڕووی لێکترازان و داکشان بووەتەوە، هەر بۆیە مامەڵەی نادروستی ڕێبەرایەتییەکەی و وەرگێڕانی نازانستیانەی مارکسیزم و داکۆکیکردن لە دروشمەکانی یەکێتی خاکی ئێران، بووە هۆی دابەشبوونی ڕێکخراوەکە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

1. فرد هالیدی: السیاسه السوفیتیه فی قوس الازمه، ت. عزیز الرزاز، مؤسسه ابحاث العربیه، لبنان، ب.س، ص95.
2. د. فوزیە صابر محەمەد: بەرهەڵستکارانی ئێران دژ بە ڕژێمی شا (1963_1971)، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژ.(147)، ساڵی 2001، ل57.
3. ئەندامانی بزوتنەوەی بەرگریی نیشتمانیی پێکهاتبوو لە: (حیزبی ئێران، مەردومی ئێران، حیزبی میللی ئێران، حیزبی زەحمەتکێشانی میللی ئێران، بزوتنەوەی ئازادی ئێران، هێزی سێیەم...هتد). بڕوانە: (محمد صمدی: نهضت مقاومت ملی، چ2، مطبعه نیگا، تهران، 1382، ص205_275).
4. بزوتنەوەیی ئازادیی ئێران: ساڵی 1961 بە سەرۆکایەتی (مەهدی بازرگان) پێکهات، ئەم بزوتنەوەیە بە پشت بەستن بە بنەماکانی ئیسلام، لیبرالیی بوونی خۆی ڕاگەیاند. بڕوانە: (وحید میرزاده: تداوم حیات سیاسی در اختناق تاریخ شفاهی نهضت مقاومت ملی، تهران، 1379، ص43_92)
5. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (د.وەلید مەحمود عبدونناسر: هەڵکشان و داکشانی تەوژمی ئیسلامیی پێشکەوتوخوازیی لە ئێران 1965_1981، و. بەرزانی مەلا تەها، چ1، چاپخانەی بینای، سلێمانی، 2013، ل19_47).
6. د. علی الشریعتی: بناء الذات الثوره، ت. ابراهیم الدسوقی شتا، ط2، دار للامیر للثقافه و العلوم ش.م.م و مؤسسه النشر اثار، النجف، 2005، 16_82.
7. محمد کامل محمد عبدالرحمن: الفلاح ایرانی فی عهد البهلوی (1925_1979)، دراسه تاریخیه، (دکتورا)، کلیه الاداب، جامعه بغداد، 1991، ێ210.
8. باقر مومنی: مساله ارض و جنگ طبقاتی در ایران، نشر پیونده، تهران، ب.ت، ص493 ؛ د.سعید برزین: م.پ، ص332.
9. ڕەحمان ئەمیری: مێژووی بزاڤی خوێندکاری لە ئێراندا 1953_1999، چاپ و بڵاوکردنی، کۆمیتەی ڕاگەیاندن، چاپەمەنی یەکێتی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، 2012، ل 38.
10. طلال مجزوب: ایران فی الثوره الدستوریه حتی الثوره الایرانیه (1906_1979)، ط1، بیروت، 1980، ص45.
11. یاسین خالید سردشتی: العوامل الاساسیه فی اندلاع الثوره و سقوط النظام الشاهنشاهی فی ایران 1979، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ.(9)، 2016، ص496_497.
12. ماوسی تۆنگ: لە 26ی کانونی یەکەمی 1893 لە هەرێمی هۆنان لەدایکبووە، لە 1923 بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین، دواتر بووەتە کەسی یەکەمی ئەو حیزبە، چەند تیۆریایەکی نوێی دانا، لە گرنگترینیان: (گواستنەوەی شۆڕش لە لادێ وە بۆ شارەکان، تێکەڵاوی مارکس، ناسیۆنالیزم، کۆمونیزم...هتد)، ماو لە 1949 دا کۆماری چینی دامەزراند، لە 9 ئەیلولی 1979 کۆچی دوایکردووە، بڕوانە: (ئەردەڵان عەبدوڵڵا: چین زلهێزی نوێی جیهان، چ1، چاپخانەی ئاراس، کوردستان، هەولێر،2010، ل115_139).

13. شۆڕشی کەلتوریی چین: پرۆژەیەکی سیاسی_ئابووریی_پەروەردەیی_کەلتوریی بوو، لە 16 ئایاری 1966 بەسەرۆکایەتی ماوتسی تۆنگ دەستپێیکرد، بەمەبەستی دروستکردنەوەی تاکی نوێ لەسەر بنەماکانی پەروەردەیی ماوییزم، لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵگەیەکی بێ چین، یەکسان بەرهەمبهێنێت. بڕوانە: (دیڤید پیترۆز: شۆڕشی کولتوریی چین، و. هەژار ڕەحیمی، چ2، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل35_49).

14. رمزی براند: مارکسزم ماویی در چین، چ5، چ2، ب.ج ، 1362، ص34.

15. یاسین سەردەشتی: خوێندنەوەیەکی مێژوویی جووڵانەوە چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران، ل39،38.

16. کولن دامس: نخش ماوی در ایران، ت.نادر صوفی، چ2، انتشارات باز، تهران، 1387، ێ275.

17. سازمان مجاهدین خلق ایران پیدایی تا فرجام (1344_1384)، مؤسسه مطالعات پژوهشهای سیاسی، ب.ت، ص217_218.

18. وفاء عبدالمهدی راشد الشمری: التطورات السیاسیه الداخلیه فی ایران 1964_1979، رساله ماجستیر (غیر منشوره)، قسم تاریخ، کلیه التربیه، الجامعه المستنصریه، 2006، ص115.

19. امیر پرویز پویان: ضرورت مبارزه مسلحانه در تئوری بقاء، انتشارات سازمان چریکهای فیدائی خلق، تهران، 1349، ص51_52.

20. ڕەحمان ئەمیری (ئامادەکردن): مێژووی بزاڤی خوێندکاری لە ئێراندا 1953_1999، چاپ و بڵاوکردنی، کۆمیتەی ڕاگەیاندن چاپەمەنی یەکێتی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، 2012، ل36_38.

21. سازمانی مجاهیدنی خەلق (دۆسێ ئاڵۆزەکەی شیعە لە عێراق)، DIPLOMATIC (گۆڤار)، ژ.(1)، حوزەیرانی، 2012، ل79.

22. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران: ساڵی 1965 لەلایەن (محەمەد حەنیف نەژاد، محەمەد سەعید موحسین، عبدی نیکبین)، لەسەر پاشماوەی حیزبی ئازادیی ئێران دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە بە سود بینین لە فەلسەفەی مارکسی_لینینیی ڕێبازی ماویی، کارنامەی زانستیی و تیۆریی دارشت، هەروەها یەکەمین ڕێکخراوی سیاسیی بوون، کە بە ناوەڕۆکێکی (ئیسلامی مارکسی_نەتەویی)، ئەم ڕێکخراوە لەلایەن (عبدی نیک بین) یەکەمین شانەی چەکداریی پێکهێنا، بوونە بەهێزترین ڕێکخراوی بەرهەڵستکار لە شەستاکاندا. بڕوانە: (مسعود رجوی: اموزشهای ایدولوژیکی مجاهدین، انتشارات سازمان مجاهدین خلق ایران، تیرو مرداد 1393، ص23_94).

23. تەوفان: لە 16 تەموزی 1967 لە ژێر کاریگەریی ڕێبازی ماوییزم لەلایەن: (ئەحمەد قاسمی، د.غولام محسین فروتن، عەباس سەباغیان) دامەزراوە، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (چپ در ایران: شماره گزارش: 45/10/12_ 2409/20/ ه1، موضوع: وضع انشعاب کمیته مرکزی حزب منحله توده در خارج از کشور، 12/10/1345).

24. انچه در خرمشهر گژشت، تحلیلی در وقایع خونین خورمشهر، انتشارات سازمان انقلابی، خرداد 1358، ص22_60.

 لە فەرهەنگی سیاسیی چەپ و کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی (چریکی فیدایی خەڵکی ئێران) ناسراوە.

25. سید جلال الدین مدنی: تاریخ سیاسیی معاصر ایران، ج2، دفتر اتشارات اسلامی، قم، 1361، ص112.

26. بێژەن جەزەنی: ساڵی 1935 لەدایک بووە، لە سەرەتاوە ئەندامی حیزبی تودە دواتر بەرەی نیشتمانیی بووە، پاشان خۆی تەرخانکرد بۆ ڕامان لە کاری تیۆریی فیکرییدا، هەروەها لەگەڵ چەند خوێندکارێکی زانکۆی تاراندا گروپێک دروستدەکەن، بەڵام بە ئاشکرابوونی لە هەڵمەتێکی ساواکدا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێکانی گیرا، لە 18 نیسانی 1974 لە سێدارەدرا. بڕوانە: محمد حسین خسرو پناه: زندگی و فعالیت بیژن جزنی، نگاه نو (گۆڤار)، شماره (11)، دوره جدید، 11 بهمن 1381.

27. محمود نادری: چریک های فیدایی خلق، از نخستین کنش ها بهمن 1375، چ1، جلد 1، مؤسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی، تهران، 1390، ص29.

28. بۆ بینینی ئەم نامیلکەیە، بڕوانە: مسعود احمد زادە: مبارزه مسلحانه هم استراتژی هم تاکتیک، چریکهای فیدائی خلق ایران، 1359، 31_64.

29. بڕوانە: امیر پرویز پویان: چرورت مبارزه مسلحانەو رد تئوری بقا، انتشارات سازمان چریک های فیدایی، 1349، ص10_39.

30. بیژن جزنی: تحلیل موقعیت نیرروهای انقلابی در ایران، با نقام دو مقاله درباره وظائف اساسی مارکسیست – لینینستها در مرحله کنونی رشد جنبش کمونیستی ایران، سازمان چریک های فیدایی خلق ایران، ب.ت، ص12_15.
31. بیژن جزنی: گرح جامعه شناسی مبانی استراتژیک جنبش انقلابی خلق ایران، انتشارات مازیار، تهران، 1358، ص112_151.
32. مسعود احمد زاده: م.س، ێ80،79،78 ، گروه شهر تئوریک و زنگی نامه 9 چریک، م.پ، ص54_60.
33. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: نبرد با دیکتاتوری شاه، انتشارات سازمان چریک های فیدایی خلق، ب.ج، 1357، ێ4_21، 32_69.
34. محمد احمد السامرائی: الاحزاب و الحرکات السیاسیه فی ایران 1950_1978، رساله ماجستیر( غیر منشوره)، المعهد العالی للدراسه القومیه و الاشتراکیه، الجامعه المستنصریه، 1980، ص165.
35. جبهه واحده چد دکتاتوری و دارو دسته حزب، سازمان چریکهای فیدائی خلق ایران، انتشارات سازمان چریکی فیدائییان خلق ایران، 1357، ص12_42.
36. شایەنی ئاماژەیە، ترۆتیسکی لەو باوەڕەدایە کە شۆڕشی بۆرژوازیی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ڕوونادات، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (د.فەوزیە صابر محمد: بەرهەڵستکارانی ئێران دژ ڕژێمی شا (1961_1973)، ب2، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژ.(149)، ساڵی 2003، ل25.
37. ایرج واحد پور: ادعانامه دادستانی رژیم اسلامی علیه چپ، سوسیالیسم و مارکسیسم، عێر نو، 2009، ص2.
38. عەبباس مميلانی: مەتڵۆکەی هوەیدا، و.عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چ2، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، 2011، ل208.
39. مارک .ج. گازیوریسگی: سیاست خارجی امریکا و شاه، ت. جمشید زنگنه، چ1، انتشار رسا، تهران، 1371، ص350_389.
40. هاوار کەمال میرزا عەبدوڵڵا: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران لەسەردەمی ئیدارەی جیمی کارتەردا(1977_1981)، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2013، ل33_34.
41. احمد طاهر: العلاقات الخلیجیه الایرانیه نظره مستقبلیه، السیاسه الدولیه (نشریه)، مرکز السیاسه للدراسات الاستراتتیجیه، ععد (146)، اکتبر 2001، ص111_112.
42. تییزی کوڤیل: ایران الپوره الخفیه، ت. د.ا. خلیل احمد خلیل، ط1، دار الفارابی، بیروت، 2008، ص49_64.
43. د.یاسین سەردەشتی: خوێندنەوەیەکی مێژوویی جوڵانەوەی چەکدارییەکەی کوردستانی ئێران، ل23.
44. کەریمی حسامی: بیرەوەرییەکانم، ب3، ل103.
45. وتووێژ لەگەڵ عەلی کەریمی، کوردو بیرۆکەی چەپ (2_3)، ڕۆژنامە، ژ64،، 20/9/2007.
46. حەمید ئەشرەف: لە ساڵی 1946 لە تاران لە دایکبووە، لە ساڵی 1968 پەیوەندی دەکات بە گروپی جەزەنی_زەریفی یەوە، لەدوای دەستگیرکردنی جەزەنی، بووە بەرپرسی ڕێکخراوەکە، لە ساڵی 1971 سەرۆکایەتی جوڵانەوەی سیاهکل دەکات، لە 29 حوزەیرانی 1975 لە هەڵمەتێکی پلان بۆ دارێژراوی ساواکدا لەگەڵ 8 کەس لە هاوڕێکانی کوژران. بڕوانە: تیمور پیروانی: حمید اشرف امیزەی سرود و فلز، چ1، نشر الترناتیو، مرداد 1390، ص8_21.
47. سیاهکل: ناوچەیەکی شاخاویە لە باشووری شاری گەیلان هەڵکەوتووە، بڕوانە: محمود نادری: چریک های فیدایی خلق، جلد1، ص190_195.
48. چپ در ایران بروایت اسناد ساواک، مرکز بررسی اسناد تاریخی وزارت اظلاعات، وزارت اطلاعات تهران، 1380، ص5.
49. مروری بر تاریخچه سازمان، از سیاهکل تا کنفرانس دهم سازمان (1358)، انتشارات سازمان چریکی فیدایی خلق، ب.ت، ص 11.
50. جێرمیا گۆلکا و ئەوانی تر: موجاهیدنی خەڵک لە عێراق گرێکوێرەی سیاسەت، و.لە ئینگلیزیەوە لەیلا حامید، چ1، دەزگای چاپ و بڵاوکرادنەوەی ئاراس، 2011، هەولێر، 2011، ل58_59.
51. یرواند ابراهامییان: م.پ، ێ442_443.
52. اشرف دهقانی: غزال سرخ ما، به یاد گرامی چریک فدائی خلق، رفیق پری (غزال) ایتی، ب.ج، فرودین ماه 1364، ص32_47.
53. مارفن ام. زونیس: م.س، ص25_27.

# مەکتەب قورئان و زەمینەسازیی خەباتی مەدەنیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-١٩٩٣)



**سەروەت عەبدوڵڵا** ماستەر لە زانستی مرۆڤایەتی و پەیوەندیکردن. زانکۆی ساوسێزرن کوینزلاند-ئوسترالیا



**بەرایی**

لە کۆنترۆڵ دەرچوونی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، ئەو ڕووداوە نەخوازراوەیە هەمیشە لە شۆڕشەکاندا ڕوودەدەن و کۆمەڵێك دەیقۆزنەوە! ئێرانیش وەك یەکێك لەو دەوڵەتانەی میللەتەکانی ناوی توانیان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سەرانسەری دژی سیستمی شاهنشاهی مێژوویەك بۆ خۆیان تۆماربکەن، بەڵام ئەم مێژووە هەروا بەئاسانی نەنووسرایەوە، بەڵکو خوێنێکی زۆری بۆ ڕژا و قوربانییەکی زۆری بۆ درا. هەوڵدانی چەندین نەتەوەی خاوەن شوناس و کەلتوور و زمانی جیاواز لەیەککاتدا زەمینەی پێکدادانی بەرژەوەندییەکان زۆرتر دەکات. کورد وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگی شۆڕشەکە لەپاڵ هەوڵدان بۆ سەرخستنی ئەم جووڵانەوەیە ئەرکی دیکەشی لەسەرشان بووە، ئەویش ئەوەبوو: لە دوای شۆڕش و سەرکەوتنی چۆن بتوانێت مافەکانی خۆی لەم حکومەتە و سیستەمە نوێیە وەربگرێتەوە؟ لەسەر ئاستی ناوخۆش ڕێکەوتن لەسەر وەرگرتنەوەی مافەکان هەروا ئاسان نەبوو، چونکە لەو کاتەدا لایەنی سیاسی کوردیی دابەشبببوو بۆ چەند حیزب و ڕێکخراوێك، کە هەریەکەیان بەجۆرێك لەجۆرەکان هەڵگری ئایدۆلۆژیان و گوتاری خۆیان هەبوو، بۆیە ڕێگەچارەکانیش بە جۆرێك جیاوازبوون هەندێکجار بەئاڕاستەی پێچەوانەی یەکتری دەڕۆیشتن. کۆبوونەوەی دوو هێز لەسەر مێزی گفتۆگۆ یەکێکیان تا سەر ئێسقان بڕوای بەبوونی چەك و هێزی چەکدار هەیە، لەگەڵ هێزێکی دیکە بڕوای وایە گفتۆگۆ و دیالۆگ و ڕێکخستنی هێزی مەدەنی ژیرانەترین و باشترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کورد لەناو کورەی شۆڕشدا لەنێوان دوو بەرداشدا گیری کردووە!

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵیداوە لەڕێگەی ئەو باسانەی دەیان وروژێنێت باس لە هەوڵەکانی ئەو لایەنە بکات، کە ویستوویەتی لەڕێگەی جووڵانەوەی مەدەنی و گفتوگۆ و ڕێکارە مەدەنییەکانەوە داوای مافی نەتەوەی کورد بکات. لەناو هێزە سیاسییەکاندا کارمان لەسەر تێڕوانین و ڕێگە چارەی هێزە ئیسلامییەکە کردووە کە قورسایی هێزی لەوکاتەدا لەناو شاری سنەدا بووە. گرنگی باسەکە لەوێدایە بۆمان دەربکەوێت هێزێکی بارگاوی بە بیری ئیسلامیی چۆن کاریکردووە لە ڕێگەی خەبات و جووڵانەوەی مەدەنییەوە و میکانیزمە دیموکراسییەکانی وەك هەڵبژاردن و کۆنفرانسەوە مافی نەتەوەی کورد وەربگرێت؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە (مەکتەب قورئان) بە ڕابەرایەتی ئەحمەدی موفتی زادەی بە نموونە وەرگرتووە، کە سەرەتا بەناوی (مەدرەسەی قورئان) لە شاری مەریوان لەساڵی (١٣٥٦) (١٩٧٨) بە فەرمی پێدەنێتە ناو کاری کۆمەڵایەتی و لەساڵی (١٣٥٧)(١٩٧٩) لەبەرەبەیانی

شۆڕشەوە چالاکی دەبێت[١]، وەك یەکەم هێزی سیاسیی لە کوردستان توانی ئیسلام بە تەفسیر و تێگەیشتنی خۆیەوە بهێنێتە ناو کایە سیاسییەکەوە. لەکۆتایدا توێژنەوەکە بەوە گەیشتووە هێزە ئیسلامییەکە بە شێوەیەکی شەفاف و تەواو دیموکراسی لە زەمینەی کاری سیاسییدا هەوڵیداوە لە ڕێگەی دروستکردنی شورایەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شاری سنە بە شێوەی هەڵبژادن دابمەزرێنێت، هەروەها لە ڕێگەی کۆنفرانسێك لەهەمان شاردا دەنگە جیاوازەکان کۆبکاتەوە بۆئەوەی بگەنە کۆدەنگی نیشتمانیی لەسەر مافەکانی نەتەوەی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەم دوو میکانیزمە مەدەنی و دیموکراسییە لەو ڕۆژگارەدا ناتوانن ئامانجەکانی خۆیان بپێکن.

## مەکتەب قورئان و دەرکەوتنی هێزێکی سیاسی ئیسلامی

ئەحمەدی موفتی زادە یاخود (کاك ئەحمەدی موفتی زادە) (١٩٣٣ - ١٩٩٣) دامەزرێنەر و بەرنامە دارێژەری (مەدرەسەی قورئان) لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی شاری سنە لە ساڵانی (١٩٥٧) بەرەو تاران بە جێدەهێڵێت، ئەویش: یەکەم تەسکبوونەوەی ژینگەی کار و چالاکییەکانی لەناوچەی کوردەواری بەتایبەتی شاری سنە و ڕێگری بەردەوامی دەزگاکانی شاهنشاشی لەهەر جووڵەیەك بە ئاڕاستەی کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەوری خۆی و ڕوونکردنەوەی بابەتە نەتەوەیی و دینییەکان. دووەم: چوونە تاران بە مەبەستی تێکەڵبوون بە دونیای ئەکادیمی و بوون بە مامۆستا لە زانکۆی تاران لەهەردوو بەشی (ئیلاهیات) و (ماف)[٢]. موفتی زادە لەم سەفەرەیدا دەتوانێت وەك مامۆستای زانکۆ ماوەیەك بەدەوام بێت و لەهەمانکاتدا لەڕێگەی مامەکانییەوە بەتایبەت لە تاران پانتاییەك بۆ کار و چالاکی ڕۆشنبیری و سیاسی پەیدا بکات، ئەویش بەوەی لەگەڵ مامە صدیق و چەند کەسێکی دیکەدا هەڵدەستێت بە دەرکردنی (ڕۆژنامەی کوردستان) و زەمینەسازی بۆ کردنەوەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی تاران و ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامە لەو ڕادیۆیەدا، لە هەمانکاتدا وەك (بەرپرسی کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەست بەکار دەبێت، کە ئەم تێکەڵییەی بە حیزب لە ڕێگەی بنەماڵەی (موهتەدی) و بەتایبەتی (حاجی ئەوڕەحمان ئاغای موهتەدی) دەبێت، کە دواجار کچی ئاغای موهتەدی (خەجیجەی موهتەدی) دەبێتە خێزانی[٣].

دوای کارکردنی لە بواری سیاسیی و ڕۆشنبیری، و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی تاران لە ڕووی سیاسییەوە موفتی زادە لەگەڵ زۆرێك لە ئەندامانی حیزبدا کە ژمارەیەرەیان (١٢٠) کەس دەبێت دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی زیندانی (قزلقەلعە) دەکرێن، هەر لەم کاتەدایە ژمارەیەکی زۆریش لە ئاخودن و پیاوانی ئایینی

شیعەی سەر بە ڕەوتی ئایەتووڵا خومەینی لە زیندانەکان توند دەکرێن. هەر لەم زیندانەدا دەبێتە ئاشنای هەندێك لەوانە کە لەدواتردا دەبنە دەسەڵاتدار و خاوەنی پۆست لە حکومەتی دوای شۆڕشدا، وەك (ئایەتوڵڵا محەمەد جەواد باهونەر و ئایەتوڵڵا بەهەشتی). دوای مانەوەی لەزیندان بۆ زیاتر لە شەش مانگ ئازاد (مەرەخەس) دەکرێت و بڕیاری گەڕانەوە بۆ شاری سنە دەدات.

لەم کاتەدا لەگەڵ ئەوەی ڕێگری و فشارەکان زۆرتر دەبن، بەڵام موفتی زادە لە چالاکییە نەتەوەیی و دینییەکانی بەردەوام دەبێت، بەتایبەت هەوڵدەدات دیوێکی نوێی ئیسلام وەك ئایینی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردیی بخاتەڕوو، بۆئەمەش ڕاستەخۆ دەکەوێتە بەرامبەر ئەو شێخ و مەلایانەوە کە بەرژەوەندی و پۆستەکانیان بەستراوەتەوە بە بێدەنگی و نەشارەزایی و نەخوێندەواری کۆمەڵگەی ئەوکاتەی کوردییەوە. پانتایی چالاکییەکانی لەگەڵ ئەوەی زۆر سنوردار کراوە، بەڵام کاریگەرییەکانی زۆرتر دەبن و دەنگدانەوە و خۆشەویستی لەناو خەڵکدا و بەتایبەتی چینە دیندارەکەدا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە. سەفەری دووەمی موفتی زادە بۆ تاران لەبەر چارەسەری نەخۆشی خێزانی و پاشان کۆچی دوایکردنی لە تاران دەبێتە هۆکاری مانەوەیی لەو شارە بۆماوەیەکی دیکە. دووبارە و لەسەر داوای (مەزهەری خالقی) و هاوڕێکانی دەچێتەوە ناو کار و چاکی ڕۆشنبیری و بەرنامەی (بابەتی ئازاد \ بحث ازاد)ی ڕادیۆی پێدەدەنەوە، کە تێدا زۆرتر لە شێوەی گفتوگۆدا و بە ئامادەبوونی چەند میوانێك باسی ئەدەبی دەوروژێنن. لەهەمانکاتدا دەبێتە (بەرپرسی شورای نوسەرانی کورد). پاش ماوەیەك و لەسەر داوای ڕاستەوخۆی (مەزهەری خالقی) بۆ درێژەدان بەکارو چالاکییەکانی و باشترکردنی ڕەوشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سنە دەگەڕێتەوە. دووبارە دەستدەکاتەوە بە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی، لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سنە بەرنامە وەردەگرێت و لەهەمانکاتدا شێلگیرانە کاردەکات بۆ چالاککردنی شورای نووسەران لە سنە و دامەزراندنی کۆمەڵێك کەسی لێهاتوو بۆ خزمەتکردن بە زمان و کەلتووری کوردی لە چوارچێوەی ئەو شورایەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ساواك فشارەکانی توندتر کردۆتەوە و لە هەموولایەکەوە کاریکردووە بۆئەوەی لەخۆی نزیك بکاتەوە، بۆیە هەرگیز ڕێگەی پێنادرێت ئەو شورایە بە مەبەستی خۆی بگات و چالاکییەکانی ئەنجامبدات.

چالاکییە ئایینی و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی بەردەوام دەبێت تاوەکو دەگات بەوەی لەساڵی (١٣٥٦) (١٩٧٧) بەرنامەکانی لە چواچێوەی پرۆژەی (مەدرەسەی قورئان)دا بخاتەڕوو. سەرەتا ئەم مەدرەسەیە لە شاری مەریوان دادەمەزرێت و موفتی زادە لەگەڵ ئەوەی تەواوی پرۆگرام و شێوازی کارکردنی

مەدرەسەکە دادەنێت، بە هاوکاری کۆمەڵێك مامۆستا و هاوڕێ لەشاری مەریوانەوە دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی خەڵك و بەتایبەت گەنجان لە کوران و کچان لەدەوری خۆیان، بەمشێوەیە چالاکییەکانی ئەحمەدی موفتی زادە لە پرۆژەیەکی تاکە کەسییەوە هەنگاو دەنێتە نێو پرۆژەیەکی سەرتاسەری کۆمەڵی، بەتایبەت دوای ئەوەی لەشاری سنەش داوا دەکرێت هەمان مەدرەسە دابمەزرێنرێت! ئەم سەرەتایە بە یەکەم کاری دامەزراوەی سیاسی دادەنرێت، کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئیسلام وەك ئایین دەکات و بەچارەسەری کێشە نەتەوەیی و کەلتووری و سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارەی کۆمەڵگەی کوردی دەبینێت.

بۆیە زۆرێك بڕوایان وایە گەڕانەوەی ئیسلام بۆ ناو کاری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٦٠ لە لایەن ئەحمەدی موفتی زادەوە فۆڕمەلە کراوە. واتە ئەو دینداریيەی پێشتر لە کۆمەڵگەی کوردییدا هەبووە تەنها لەچوارچێوەی مامەڵەیەکی ڕۆژانەی خەڵکیدا بووە و وەك سەرچاوەی وەرگرتنی سروش بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە لە فۆڕمێکی سیاسی و بزاوتیدا سودی لێوەر نەگیراوە، تا ئەوکاتەی موفتی زادە دێت و لە ڕێگەی مەدرەسەکەیەوە چوارچێوەی پێدەبەخشێت و بەسەرچاوەی داڕشتنی نەخشەڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەکانی دادەنێت[٤]. دەتوانین بڵێین لێرەوە مەدرەسەی قورئان دەبێتە هێزێکی سیاسی ئایینی کوردی لە پاڵ هێزە سیاسییە ناسیۆنالیستییە کوردییەکاندا و درێژە بە چالاکییەکانی خۆی دەدات و لە زۆرێك لە شارە کوردییەکان بنکە دەکاتەوە و لەپاڵ هۆشيارییە ئایینیەکەدا هۆشيارییەکی نەتەوەیی بڵاودەکاتەوە و لە ناو دەقەکاندا دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی ئەو ستەمە نەتەوەیی و مەزهەبی و چینایەتییەی لە کۆمەڵگەی کوردی کراوە بەدرێژای سیستەمە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران.

## مەدرەسەری قورئان و دەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

لەگەڵ جێگیری بوونی پێگەی مەدرەسەی قورئان لە ناوچە کوردییەکان، چەند ساڵێك ناخایەنێت و سەرەتاکانی شۆڕشێکی سەرتاسەری بە ڕابەرایەتیکردنی (ئایەتوڵڵا خومەینی) دەردەکەوێت، هەرچەندە موفتی زادە لەگەڵ ئەو سەرهەڵدانی شۆڕشدا نییە بەو شێوە خێرا و بێ بەرنامەی درێژخانەیە، بەڵام شەپۆلەکانی ناڕەزایەتی لە دەستەڵاتی شاهنشاهی بەجۆرێك دەبێت ئەو و مەدرەسەکەی جگە لەوەی پەیوەست بن بە شۆڕشەوە کارێکی دیکەیان پێناکرێت. ئەحمەدی موفتی زادە لە چەندین جێگەدا هۆکاری ڕازی نەبوون بە شۆڕشێکی خێرا و پێنەگەشتووی ڕوون کردۆتەوە، کە دیارترین خاڵەکانی نەبوونی بەرنامەیەکی درێژخایەن بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە دوای شۆڕشەکە، هەروەها نەبوونی تاکی

پەروەدەکرا و کە بتوانرێت بەبێ ترس دەسەڵات بدرێتە دەستیان و لە دامەزراوەکاندا بکرێت بە بەڕێوەبەری کاروباری خەڵکی بەبێ ئەوەی لە گەندەڵییەوە بئاڵێن، ئەمە جگەلەوەی هەمیشە لەم جۆرە شۆڕشانەدا لەکۆتایدا سیستەمێکی تاکڕەوی دەستەڵاتخواز بەرهەم دەهێنێت کە بۆچەندین ساڵی دیکە خەڵکی دوچاری گرفتاری دەکات. بەڵام وەك وترا موفتی زادە ناتوانێت بەر بەم شۆڕشە بگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە بەو خێراییە ناتوانێت تاکی لێهاتوو پەروەردە بکات و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بەرێتە سەرەوە، کەچی هەر ناچار دەبێت بچێتە ناو شۆڕشەکەوە و وەك هێزێکی سیاسی کاریگەریی شەقامی کوردی دەستبەکار بکات.

وەك دەردەکەوێت سێ هۆکاری سەرەکی یارمەتیدەری دەبن خەڵکێکی زۆر لە دەوری بزوتنەوەکەی کۆببنەوە:

یەکەم: بەشداریکردنی چالاکانەی لە جووڵانەوە گشتییەکانی ١٩٦٣/٦/٥(٥).

دووەم: ئەو پێشینە دینییەی کە هەیبوو، لەگەڵ بەردەوامی لە وتار و ئامادەبوون لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا و بە ئاشکرا خستنەڕووی بۆچوونەکانی.

سێیەم: ئەو چالاکییە نەتەوایەتییانەی هەیبوو و بە هۆیانەوە دەستگیر کراوە. لەسەر ئاستی ئێران و شۆڕشەکەی موفتی زادە بۆخۆی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدا دەبێت لەگەڵ ڕابەری شۆڕشەکەدا ئەویش لە ڕێگەی ئەو مەلا شیعانەی بە فەرمانی ساواك دوورخرابوونەوە بۆ شارە کوردییەکان، وەك (حوجەتی کرمانی). جگەلەوەی دوای گەڕانەی ڕابەری شۆڕشەکە لە فەرەنسا موفتی زادە وەك ڕابەرێکی سیاسی ئایینی (سونی کورد) دەچێتە دانوسانەوە لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەند، بەسود وەرگرتن لە پێگە جەماوەرییەکەی هەوڵدەدات بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی نەتەوەی کورد و سوننەی ئێران بە گشتی، چونکە هەر لەو سەربەندەی شۆڕشدایە موفتی زادە وەك سەرکردەیەکی سونی مەزهەب هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو سوننەکانی ئێران دەدات و داوای ئەوەدەکات هەمووان بە یەك دەستە بڕۆنە ناو شۆڕشەکەوە و پاڵپشتی لێبکەن.

لەگەڵ ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران شۆڕشێکی چەکدارییە، بەڵام مۆفتی زادە بەرنامەی بزوتنەوەکەی لەسەر باوەڕی نا بۆ تۆندوتیژی و خوێنڕشتن بوونیاد دەنێت و هەوڵدەدات لەڕێگەی دانیشتن و دیالۆگەوە دەنگە جیاوازەکان بە ڕێکەوتنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بگەیەنێت. ئەو بڕوای وایە لە ڕێگەی بەرنامەی ئیسلامەوە کورد دەتوانێت بە مافە نەتەوەیی و ئاییني و کەلتوورییەکانی خۆی بگات، چونکە پاکێجی نەتەوە لە ئیسلامدا شتێکی سەربەخۆ و جودا نییە، هەرئەوکاتەی کار بۆ کۆمەڵگەیەکی تەندروستی هۆشیار دەکەیت، لەهەمانکاتدا کارت بۆ هەڵسانەوەی نەتەوەیەك کردووە، بۆیە دەرکەوتنی ئەم هێزە

ئیسلامییە سەرەتایە بۆ گەڕانەوە و بەستنەوەی گوتاری ئایینی بە گوتارە نەتەوەیەکەوە.

## دابەشبوونی گوتاری سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات

بەر لەشۆڕش و بەتایبەت لە سەروبەندی شۆڕشی (١٩٧٩)ی گەلانی ئێراندا شەقامی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوەتی دابەشبووە بۆ سێ جۆر گوتاری لێکجیاواز، یەکێکیان گوتارێکی نەتەوەیی کە هێزێکی سیاسی-ناسیۆنالیستی، گوتارێکی مارکسی-لینینی، لەگەڵ گوتارێکی ئیسلامی. حیزبی (دیموکراتی کوردستانی ئێران) کە (دکتۆر قاسملۆ) ڕابەرایەتی حیزبەکەی دەکردو شیعاری سەردەمی شۆڕشیان بریتیبوو لە (خودموختاریی بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران) بەردەوامیان بە جووڵانەوەکانی خۆیاندا. بزاڤی دووەم (کۆمەڵە) بوو کەباکگراوندی (کۆمۆنیستی – ماویی)یان هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بڕوایان وایە کۆمەڵە ئاڵا هەڵگری ماویی نەبوون، بەڵکو کاریگەربوون پێی، لە کۆنگرەی دوو و سێ دا پشتڕاستیان کردۆتەوە، کە گۆڕانکارییە جیهانیی و هەرێمییەکان کە بەسەر ژینگەی سیاسیی چەپدا هات، کاریگەریی لەسەر ئەندێشەی ڕایدیکاڵیی مەحفەلی کۆمەڵە هەبوو، بەڵام ئیدیعای ماویستیان نەدەکرد و بگرە سەرچاوەی مشتومڕو کێشە بوو کە هەندێکیان لەگەڵی نەبوون. بەر لە شۆڕشی (١٩٧٩) ئەم حیزبە جووڵانەوەیەکی بچووکی ڕۆشنفکری قوتابیانی زانکۆ بوو هەندێك لە ئەندامانیان کەوتبوونە زیندانەکانی ڕژێمی شاهەوە"[٦]. لەسەرەتاوە زۆر چالاك نەبوون بەتایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە، بەڵام دواتر ئاڕاستەی کاریان بەرەو چەکداری گۆڕا. ئەم گۆڕانە لە ستراتیژیاندا بەتایبەتی لەوکاتەدا ڕوویدا کە تێکەیشتنی کۆمۆنیستەکانی لە ئێراندا گۆڕانی بەسەردا هات و بەهۆی بارگرژی ئایدۆلۆژیا و سیاسیی نێوان چین و سۆڤییەت قیبلەی بیرکردنەوەکانی دەگۆڕێت لە سۆڤییەتەوە بەرەو چین و لەژێرکاریگەریی بیری ماویزمی چینیدا دەستدەکەن بە خەباتی چەکداری[٧]. لە ڕاستیدا وەك ناو ئەمانە لە ساڵی (١٣٦٠-١٩٨١) (بە ڕەسمی حیزبیان دروستکرد لە ژێر ناوی زەحمەتکێشانی کوردستان یان (کۆمەڵە)[٨]. داواکاری ئەمانیش هەر بریتیبوو لە خودموختاریی بۆ کوردستان، ئابووری سۆشیالیستی، یەکسانی چیانایەتی، ڕیفۆرمی زەوی و زار، عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئابووری.

بزووتنەوەو جووڵانەوەی سێیەم بریتیبوو لە بزووتنەوەی (ئەحمەدی موفتی زادە)، کە بە شوێنکەوتووانی (مکتب قورئان) بەناوبانگ بوون، داواکاریەکانیان بریتیبوو لە یەکبوونی ئیسلامیی، حکومەتی ئیسلامیی، لابردنی هەرسێ ستەمی نەتەوایەتیی، مەزهەبی و چینایەتی. ئەو تەنیا ڕێبەری کورد بوو لەگەڵ باوەڕی ڕژێمی

نوێ بوو، كە دەكرێت دادگەری كۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر بنەمای ئیسلام دابمەزرێت[٩].

لەگەڵ ئەوەی دەردەكەوێت داواكاری هەر سێ گوتارەكە خزمەتە بە كۆمەڵگەی كوردی، جگە لەوەی نەخشەڕێگا و میكانیزمی بەدەستهێنانی ئەم دواكارییانە و جێبەجێكردنیدان لە واقیعدا جیاواز بوو، لە هەمانكاتدا مەكتەب قورئان بابەتی سیستەم و حوكمەتێكی ئیسلامی كە میكانیزمی جێبەجێكردنی بریتی دەبێت لە شورا، بە سەرەكیترین و گرنگترین داواكاریی خۆی دەزانی، بتوانرێت لەڕێگەیەوە كورد بگەیەنێت بە مافە نەتەوەیەتییەكانی، بۆیە دەبینیت كاتێك لە ١٧ مانگی دووی ١٩٧٩ بەیاننامەی هەشت خاڵی لەلایەن نوێنەرانی كوردەوە لە مەهاباد دەدرێت بە نوێنەرەكەی موهەندیس مەهدی بازرگان (داریوش فروهەر) ئەحمەدی موفتی زادە و مەكتەب قورئان ڕەخنەی ئەوە دەگرن كە چۆن بەهیچ شێوەیەك باسی ئیسلام نەكراوە لەم مادادنەدا؟[١٠] دواجار ئەم جیاوازییە سەردەكێشێت بۆ پێكدادان و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هەرسێ هێزەكەدا، بەتایبەت هێزە ئیسلامییەكە لەگەڵ هێزە چەپەكان. ئەم دوو هێزە لە واقیعدا كاریان كردووە بۆ لاوازكردنی یەكتری و هەوڵیانداوە قسەیان بەسەر یەكتردا زاڵبێت، ئەمەش لەدیوە دیموكراسی و دەوڵەتدارییەكەیەوە هیچ كێشەیەكی نییە و هەموو لایەنێكی سیاسی دواجار دەیەوێت بگاتە دەسەڵات، بەڵام لەوێدا كێشەدەبێت كە لایەنێك بییەوێت هەوڵی سڕینەوە یان كردنەدەوەری لایەنی بەرامبەر بدات لە مەیدانە سیاسییەكەدا. موفتی زادە هەر لەسەرەتای جووڵانەوەكەیەوە ئەوەی نەشاردۆتەوە كاردەكات بۆ دژایەتیكردنی دیدگای ماركسی و بیری چەپ لەناو كۆمەڵگەی كوردیدا، چونكە ئەو پێیوایە ئەم بیرە خوازراوی كۆمەڵگەیەكە هیچی بە كۆمەڵگەی كوردی ناخوات و لە ڕابردوودا زیانەكانی دیار بووە. ئەو هەر ئەو ڕۆژەی لەگەڵ كەسە دیارەكانی حیزبی دیموكراتدا دادەنیشێت لەدوای ئازادبوونی لە زیندانی قزلقەلعەی تاران ئەمەیان پێڕادەگەیەنێت: حیزبی دیموكرات لەو فۆڕم و بەرنامە و مەبەستەی لە لایەن پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێكانییەوە بۆی دامەزرابوو لایداوە و كۆمەڵێك ماركسی بە ئەجێندای خۆیانەوە دەیانەوێت حیزبەكە ئاڕاستە بكەن، بۆیە ئەگەر نەگەڕێنەوە بۆ بەرنامە و مەبەستی سەرەكی حیزب ئەوا لە حیزب دەستدەكێشمەوە و لە هەركوێ بێن بەو پاشخانە ماركسییەی ئێستاوە دژایەتیتان دەكەم. ئەحمەد بەم تێگەیشتنەوە دەچێتە شۆڕشەوە و ماركسییەكانی وەك بیری جووڵانەوەیەك پێ قبووڵ نابێت و بەردەوام بەپەرچیان دەداتەوە. لەهەمانكاتدا كۆمەڵە وەك هەڵگری بیری ماركسی دەستناگێڕنەوە لەهەر ڕێگەیەك بۆ لاوازكردن و سڕینەوەی

موفتی زادە و جووڵانەوەکەی، بەڵام ئەوەی لەم ململانێ و دژایەتیکردنەدا جیاوازە شێواز و میتۆدی لاوازکردنی یەکترییە.

ئەحمەدی موفتی زادە لەبەرئەوەی بڕوای بە جووڵانەوە و هێزی چەکداری نییە، بۆیە هەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی نەیارەکانی تەنها لە ڕێگەی فیکری و کۆڕو کۆبوونەوە و ڕەخنەگرتن و بەرپەرچدانەوەی بیرۆکە و تیۆرییەکانیانەوە دەبێت. کۆمەڵە و مارکسییەکان لەبەرئەوەی هێزێکی چەکدارن و بڕوایان بە خەباتی چەکدارییە بۆ گەیشتنە مەبەستەکانیان، بۆیە دەست لەهیچ ڕێگەیەك ناگێڕنەوە بۆ سڕینەوەی نەیارەکانیان، تا دەگاتە هەوڵی تیرۆرکردنی کەسە نزیکەکانی موفتی زادە و ڕێگریکردن و ئاژاوە نانەوە لەکاتی وتار و باسەکانی موفتی زادە و لایەنگرەکانی. ئەم ڕەوشە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی دادەنێت لەسەر داواکاری و یەکگرتوویی شەقامی کوردیی. بە کورتی لەوکاتەدا لە ناوشاری سنەدا دوو هێزی سیاسی خاوەن ئەجێندای جیاواز هەوڵدەدەن بۆ بەدەستهێنانی مافەمانی کورد. هێزە ئیسلامییەکە وەك دەردەکەوێت لەڕێگەی پێشکەشکردنی چەند میکانیزمێکەوە دەیەوێت کۆدەنگی نەتەوەیی لەسەر داواکارییەکانی شەقامی کوردیی دروستبکات.

لەکۆتایی ئەم باسەدا بەوە دەگەین شەقامی سیاسیی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆچوونی جیاواز بوو لەسەر چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و لەسەر ئاستی دەسەڵاتدارانی ئێرانیش بەلایەنی کەمەوە دوو ڕووانگەی بوونی هەبوو: ڕوانگەی یەکەم، بڕوای بە چارەسەری قەیرانی سیاسی – ئاسایشی کوردستان هەبوو لەڕووی سیاسییەوە. هەرچی ڕووانگەی دووەمە ئەوانەن کەداواکاری خودموختارییان وەك جیاکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینی لە خاکی ئێران. ڕێکەوتنیان بە سازش لێکدەدایەوە! ئەمانە "ڕووداوی نەبوونی ئاسایش لە کوردستانیان لە چوارچێوەی دوژمنی ئەوانەدا دەبینی دژی شۆڕشی ئیسلامین و کاردەکەن بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی کۆماری ئیسلامی"[١١]. لەناو ئەم هەموو جیاوازییەدا مەکتەب قورئان وەك هێزێکی ئیسلامی لە مەیدانەکەدا دەیەوێت لە ڕێگەی میکانیزمە دیموکراسی و مەدەنییەکانەوە چارەسەر بۆ پرس و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت شاری سنە بدۆزێتەوە.

## میکانیزمەکانی هێزە ئیسلامییەکە (مەکتەب قورئان) بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات

وەك باسکرا لە ساڵی (١٣٥٨ / ١٩٨٠-١٩٨١) لە ئەنجامی ئەو بۆشاییەی لە حوکمڕانی ناوەند (تاران) بەسەر ناوچە کوردستانییەکاندا دروستببوو. هێزە کوردییەکان بە گشتی سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەو ئەنجامدانی کۆکردنەوەو فراوانکردنی پێگەی خۆیان بوون لە ناوچەکەدا،

بۆئەوەی خودموختارییەکی هیچ نەبێت لەم سەروبەندەدا بۆ کورد بەدەستبهێنن. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان ئەم لایەنانە لە پەیوەندی بەردەوام و دانیشتن و سەردانکردنی (تاران و قوم)دا بوون. لە ڕاستیدا لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی سەرکردە کوردەکاندا، کوردستان بە خودموختاریی گەشتووەو تەنها پێویستی بە دانپێدانانی فەرمی هەیە لە لایەن تارانەوە. ئەمەش بە تایبەت لە دیدگای حیزبی دیموکراتەوە، چونکە دکتۆر قاسملۆ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات لە یەکێك لە دانیشتنەکانی ساڵی (١٣٥٨-(١٩٨٠-١٩٨١)دا بە ئاشکرا بە (موهەندیس عزت اللّٰه سەحابی) وتبوو "ئێمە، واتە (حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە کوردستان خودموختارییمان هەیە و تەنها دەبێت دەوڵەتی ئێران ئەمە بە فەرمی بناسێت، ئەگەرنا کوردستان دەبێتە ئاگر"(١٢). بەڵام لەلای ئەحمەدی موفتی زادە کارەکە هەوا ئاسان نییە و بڕوای وایە سەرکردایەتی سیاسی کوردیی دەبێت زەمینەسازی بکات بۆئەوەی حکومەتی ناوەند دان بە خودموختاریی ناوچە کوردییەکاندا بنێت. دەتوانین تێگەیشتن لە(زەمینەسازی) لەدیدگای هێزەکەی موفتی زادە لەم چوار خاڵەدا کورت بکەینەوە:

زەمینەسازی واتە ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردیی و یەکخستنی دەنگە جیاوازەکان و ئامادەکردنی یەك پاکێجی هاوبەش کە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەری کۆکبن. بەردەوامیدان بە دانیشت و گفتوگۆ کردن لەگەڵ تاران. خۆ دوورخستنەوە لەهەر دەربڕین و هوتافدان و وتارنووسینێك کە بۆنی (جوداخوازی) لێبێت. بەکارهێنانی زمانێك کەدەوڵەتە شۆڕشییەکە لێتێبگات، موفتی زادە بڕوای وابوو، (خودموختاریی ئیسلامی بۆ کوردستان) ئەو چەمکەیە دەبێت ببرێتە سەر مێزی گفتوگۆکان لەگەڵ تاران، چونکە ئەم هێزە نوێیە لەشتێك تێناگات (ئیسلامیی) لەگەڵ نەبێت، هەرلەبەرئەمەشە بڕوای وابوو ئەگەر لەم ڕێگانەوە زەمینەسازی بکرێت و ئاستی هەستیاربوونی ئێرانییەکان و سەرکرایەتی شۆڕش لەبەرچاو بگیرێت کورد دەتوانێت ئاسانتر بە مافەکانی خۆی بگات. چونکە بە بۆچوونی موفتی زادە چوار هۆکار هەیە بەردەوام کاریگەریی نێگەتیڤیان هەیە لەسەر شێواندنی دۆخ و زەمینەسازییەکان بۆ لێکتێگەیشتن: یەکەم: تێڕوانینەکانی ناو حکومەتی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد. دووەم: تێڕوانین و جیاوازییەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ چارەسەری کێشەی کورد. سێیەم: ئاخوند و پیاوانی ئاینی شیعەی ناو شارە کوردییەکان و لێدوان و ڕاپۆرت و کێشە دروستکردنیان لەناو ئەو شارانەدا دژی کورد. چوارەم: لایەن و دەوڵەتانی زلهێزی وەك ئەمریکا، ڕووسیا، ئەوروپا و تێڕوانینیان بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران و کێشەی کورد.

**هەڵبژاردنی شورای شار(ئەنجومەنی شار)**

دوای خراپبوونی بارودۆخی شاری سنە و هاتنی لیژنە چوار کەسییەکە لە تارانەوە، لەسەر پێشنیاری ئەحمەدی موفتی زادە و ئایەتوڵلا تاڵەقانی باس لە هەڵبژاردن و دروستکردنی شورایەك دەکرێت بۆ شاری سنە، کە بتوانرێت لەڕێگەی ئەم شورایەوە شار بەڕێوەببرێت تاوەکو لەبارودۆخی ئارامتردا تەکبیرێکی دیکەی چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەکان بکرێت. لەبارەی ئەم شورایەوە فواد مەردۆخ ڕۆحانی وتەبێژی فەرمی شورای شار دەڵێت "ئەوکاتەی شەڕی پادگان هەڵگیرسا لیژنەیەك لە تارانەوە بە سەرپەرشتی ئایەتوڵلا تاڵەقانی هاتن بۆ سنە، لەگەڵ کاك ئەحمەد و گروپە جیاوازەکان دەستیانکرد بە قسە و باس. کاك ئەحمەد و تاڵەقانی پێشتر و لە (١٤ ئیسفەند) لەسەر گڵکۆی خوا لێخۆشبوو (موسەدق)دا ئاشنایەتیان لەگەڵ یەکتردا پەیداکردبوو، کاك ئەحمەد لەو یەکتر بینینەدا باسی شورای بۆ تاڵەقانی کردبوو، تاڵەقانیش پەیوەندیی زۆری پەیداکردبوو... بۆیە بۆ شاری سنە پێشنیاری ئەوە کرا هەڵبژاردنێك ئەنجامبدرێت بەناونیشانی یەکەم شاری ئێران بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بە شورا. (شورای شاری سنە) بڕیاربوو، ئەگەر ئەم کارە کراو (سەرکەوتوو بوو) بۆ جێگەکانی دیکەش هەربەوجۆرە ئەنجامبدرێت"[١٣]. هەرچەندە هەندێك بڕوایان وایە تاڵەقانی پێشنیاری ئەو شورایەی کردووە[١٤]، بەڵام وەك کاك فواد ئاماژەی بۆ کرد بنەمای بیرکردنەوەکە هی موفتی زادە بووە. بەمەش شاری سنە دەبێتە یەکەم شار لە تەواوی ئێران لەدوای شۆڕش هەنگاو دەنێت بۆ ئەزموونکردنی دیموکراسی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە. هەڵبژاردنەکە لە ڕێکەوتی (١٣/٤/١٩٧٩)دا بوو. دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە لە دوو لاوە گرنگ بوو، لەلایەکەوە تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ هێزە سیاسییەکان تا چەند بە ئەنجامەکان ڕازی دەبن و ڕێز بۆ ئەم میکانیزمە دیموکراسییەیان دادەنێن، هەروەها هەڵبژاردنی شورای شار و سەرکەوتنی جۆرێك بوو لە تاقیکردنەوەیەکی گەورە بۆ دیموکراسی کۆماری تازە دەرکەوتوو، هەروەها جێگیربوونی کوردستان[١٥]. لە هەڵبژاردنەکەدا دوو لیست دەرکەوتن: لیستێکی ئەحمەدی موفتی زادە، کە نوێنەرایەتی مەکتەب قورئان بوو، دروشم و ئامانجیان بریتیبوو لە ئێرانیکی ئیسلامی و کوردستانیکی خودموختاریی بە لیستی (موفتی زادە) ناودەبرا. لەبەرامبەریشەوە لیستی چەپەکان بوو بە (کۆمەڵە) ناسرابوو، لەهەمان کاتدا چریکە فیداییەکانیش بەشدار و پاڵپشتی بوون. داوای خودموختارییان دەکرد بۆ کوردستان لەژێر پلاتفۆرمی مارکسیت–سۆسیالیزم، لەو کاتەدا چەپەکان هەموو شتێکیان لە پەنجەرەو چاویلکەی مارکسییەوە دەبینی، شێخ عیزەدین لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ ڕۆژنامەی

(اتلاعات) کە لە ژمارەی ڕۆژی (١٩٧٩/٣/١٥)دا لە لاپەڕە ١٠ بڵاوکراوەتەوە بە ڕوونی داوادەکات کە ئابووری ئێران لە ڕووی سیستەمەوە بگۆڕێت بۆ سیستەمێکی ئابووری سۆشیالیستی، هەر لەهەمان لێدواندا ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێراندان و لەناو ئێراندا چاکی دەکەن، هەروەها وتی "ئەگەر جوبرەئیل لە ئاسمانەوە بێت و یاساگەلێك بهێنێت کە خودموختاریی کوردستانی تێدا نەبێت، ئێمە ئەوە قبوڵناکەین"[١٦].

دوای ئەوەی ڕێکارە یاساییەکان دەگیرێتەبەر و بانگەواز دەکرێت ئیسلامییەکان و چەپەکان و سەربەخۆکان لیستیان دەبێت. بەفەرمی ناوی لیستەکان تۆکاردەکرێت، هەر لیستێك لە (١١) پاڵێوراو پێکدێت، لەبەرئەوەی بڕیاربوو تەواوی ئەندامانی شوراکە (١١ کەس) بێت، بۆیە (لیستی گروپی ئیسلامی) ئەو لیستە بوو ئەحمەد ڕەزامەندی دەربڕی بوو لەسەر کاندیدەکانی و (لیستی گروپی پێشڕەو) لیستی چەپەکان هەموویان پێکەوە. دواتر لە ڕۆژنامەی

ئەندامانی هەڵبژێردراو بریتین لە[١٩]:

| ناوی ئەندامی شورا | ژمارەی دەنگ | ناوی لیست |
|---|---|---|
| ١- فواد ڕۆحانی | ١٤٨٢٧ | گروپی ئیسلامی |
| ٢- جبار ئاریانژاد | ١٤١٣٤ | گروپی ئیسلامی |
| ٣- هادی موورادی | ١٢٧١٨ | گروپی ئیسلامی |
| ٤- یوسف ئەردەڵان | ١٢٢٣٠ | گروپی پێشڕەو |
| ٥- ئیبراهیم شاە غەیی | ١١٨٨٠ | گروپی ئیسلامی |
| ٦- مەلا محمود ئەیوبی (اهنگر) | ١١٨١٧ | گروپی ئیسلامی |
| ٧- ئەحمەد خلیقی | ١١٦٨٧ | گروپی ئیسلامی |
| ٨- عیماد سیدزاهدی | ١١٥٥١ | گروپی ئیسلامی |
| ٩- خانم فەریدە قورەیشی | ١١٣١٠ | گروپی پێشڕەو |
| ١٠- مەعروف شبلی | ١١٠٨٧ | گروپی ئیسلامی |
| ١١- ئەرسەلان پورقوباد | ١١٠١٩ | گروپی پێشڕەو |

**خشتەی ژمارە ١: ناوی لیست و ژمارەی دەنگ و ناوی کاندیدانی هەڵبژێردراوی شورای شاری سنە**

کەیهاندا ناوی بەربژێرەکانی ئەم دوو لیستە بڵاودەکرێتەوە[١٧].

لەگەڵ ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان لایەنەکانی بەشداربوو دروستبوو، بەڵام هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و لە ڕۆژانی دوای هەڵبژاردندا ئەنجامەکە بەمشێوەیە ڕادەگەیەنرێت "لیستەکەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە هەشت کورسی بردەوە، کە لەهەموو حیزبەکانی دیکەی پایتەختی کوردستان زۆرتری هێنابوو. فواد مەردۆخ ڕۆحانی ئەندامی مەکتەب قورئان بوو، زۆرترین دەنگی هەڵبژاردنەکەی بەدەستهێنابوو. حیزبی کۆمەڵەش سێ کورسی بردبوویەوە"[١٨].

بەپێی ئەو ئامارەی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارە (١٠٦٧٨)ی ڕۆژی پێنج شەممەی ٣٠ی فەروەردینی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٤/١٩) بڵاویکردۆتەوە بە وێنەی کاندیدەکانیشەوە، لەلاپەڕە یەکی خۆیدا و لەدامێندا بەمشێوەیە هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە:

سنە–هەواڵنێری کەیهان: دوای نزیکەی ٢٤ کاتژمێر و جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی ئەندامانی ١١ کەسی شورای شاری سنە ڕاگەیەنرا. ئەنجومەنەکان و کۆمەڵە ئیسلامییەکان لەگەڵ یەکتر ڕێکەوتبوون و بەرەیەکیان پێکهێنابوو بە هەشت ئەندام زۆرینەی شورایان پێکهێنا.

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت یەکەم تا سێیەمی ئەندامانی هەڵبژێردراو لە لیستەکەی

> **لە یەکەم ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا هێزە ئیسلامییەکە بەو شێوازەی هەڵبژاردن ڕازی نابێت و نایەوێت ئەنجامەکە قبووڵ بکات، چونکە بۆیان دەردەکەوێت چەپەکان دەستیانکردووە بە فێڵ و گزیکردن!**

ئەحمەدی موفتی زادەیە، و بە کۆی گشتی لەو ١١ ئەندامە خەڵکی شاری سنە زۆرترین دەنگیان بە موفتی زادە داوەو وەك نوێنەری خۆیان دیارییان کردوون بۆئەوەی لە شورای شار کێشەکانیان چارەسەر بکەن، لیستی چەپەکان توانیویانە تەنها سێ ئەندام بنێرنە ناو ئەو شورایەوە. جگە لەمەش ڕۆژنامەی کەیهان لەهەمان ژمارەدا و لە لیستی دووەمدا ناوی یانزە ئەندامی دیکەی شورای شاری لەگەڵ ژمارەی دەنگەکانیاندا وەك یەدەك بڵاوکردۆتەوە، لەئەگەری بەشدارنەبوونی هەر ئەندامێکی هەڵبژێردراودا دەکرێت یەکێك لەو ئەندامە یەدەکانە جێگەی بگرێتەوە، ناوەکان بە (خەلیل حەواری تب) لە گروپی پێشڕەو

دەستپێدەكات و بە (عباس میركریمی) لە گروپی پێشرەو كۆتایی دێت[٢٠].

جا ئێستا ئەگەر بێت و كەمێك ئەم ژمارانە ورتر بكەینەوە، كۆی گشتی بەشداربووان (٣٠٥٢٣٣) (سێ سەد و پێنج هەزار و دوو سەدو سی و سێ كەس) دەنگدەربووە، لەم ژمارەیە (٢٠٧٥٤٢) (دوو سەدو حەوت هەزار و پێنج سەدو چل و دوو كەس) كە دەكاتە (٦٧.٩٩٪) لەسەدا دەنگیان بە لیستەكەی ئەحمەدی موفتی زادە داوە. چەپەكانیش (كۆمەڵە و گروپەكانی دیكە) توانیوویانە (٩٧٦٩١ دەنگ) بەدەستبهێنن بەهەر ١١ ئەندامەكەیانەوە، وەك وتمان لەو ١١ كەسەش تەنها سێ كەسیان ژمارەی دەنگەكانیان (٤٣٥٥٩ دەنگ) بوو، دەتوانن بچنە ناو شوراكەوە.

جێگەی سەرنجە، لە یەكەم رۆژی هەڵبژاردنەكەدا هێزە ئیسلامییەكە بەو شێوازەی هەڵبژاردن رازی نابێت و نایەوێت ئەنجامەكە قبووڵ بكات، چونكە بۆیان دەردەكەوێت چەپەكان دەستیانكردووە بە فێڵ و گزیكردن! لەمبارەیەوە فواد رۆحانی دەڵێت "نارەزایەتی هەبوو، ئەمەش قسەی كاك ئەحمەد نەبوو، خەڵكەكە نارازیبوون و بۆیان دەركەوتبوو لەزۆرێك لە بازنەكانی هەڵبژاردندان و لەكاتی نووسینی دەنگەكان و هەڵبژاردنی لایەن و كاندیدەكان، كۆمەڵێ پیاو و ژنی نەخوێندەوار، كە پێویست بوو كەسێكی خوێندەوار دەنگیان بۆ بنووسن، كۆمەڵێ كەنیشك لە گروپی چەپەكان حیجابیان وەك موسڵمانەكان پۆشیبوو، دەیانووت دایە و باوە وەرن با ئێمە بۆتان بنووسین، لەوكاتەدا ناوی لیستەكەی خۆیانیان تێدا نووسیبوو. كاتێك خەڵك بەمەی زانی نارەزایەتیان دەربڕی و مانگرتن و خۆپیشاندان دەستیپێكرد. كاك ئەحمەد وردەوردە خەڵكەكەی ئارامكردەوە، ئەمەش بۆئەوەی هەڵبژاردنەكە هەڵنەوەشێتەوە، هەرچەندە فێڵكردنەكەیان لەوانەیە چەند هەزار دەنگێك بوو بێت و كاریگەریی هەبووە"[٢١].

لەبارەی ئەم ساختەكارییەوە موفتی زادە لێدوان بۆ رۆژنامەكان دەدات و لەوێدا دووبارەی دەكاتەوە، كە بەڵێ ساختەكاریی كراوە، بەڵام رۆژنامەكان هەمووشت ناڵێن و دەیشارنەوە. رۆژنامەی (ایندەگان) لە ژمارەی رۆژی (١٣٥٨/١/٢٧) (١٩٧٩/٤/١٦) هەواڵێكی لەسەر ساختەكارییەكان بڵاوكردۆتەوە و باسی لەوە كردووە، موفتی زادە و سەرۆكی كۆمەڵەی بەرگریكردن لەئازادی و شۆڕش لە سنە بەڵگەیان هەبووە لە هەڵبژاردنەكاندا ساختەكاریی كراوە.

هەرلەبارەی ئەم نارەزایەتییانەوە خەڵكی شاری سنە كۆبوونەوەیەكی نارەزای لە میدانی ئازادی شارەكە رێكدەخەن و داوای دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو هەڵبژاردن دەكەن، بەڵام موفتی زادە وتارێك دەدات و پاشان رۆژنامەی كەیهان لە ژمارەی رۆژی (كیهان ١٣٥٨/١/٢٦) (١٩٧٩/٤/١٥) دەقی وتارەكە

بڵاودەکاتەوە. کەتێیدا داوا لەخەڵکی دەکات دان بەخۆیاندا بگرن و هەڵبژاردنەکە دووبارە نەکرێتەوە زۆر باشترە، چونکە ئەو بڕوای وایە بەم ئەنجامانەشەوە شورای ١١ کەسی دەستبەکاربکەن دەتوانن زووتر ئارامی بگەڕێننەوە بۆ ناوچەکە. هەروەها داواکارییەکی دیکەی ئەحمەدی موفتی زادە لە چەپەکان ئەوەیە چەکەکانیان دابنێن و هەوڵبدرێت لەناوشاردا کەس بە تفەنگەوە نەگەڕێت، بۆئەوەی شورا بتوانێت کارەکانی ڕاپەڕێنێت.

فورد ڕۆحانی لەبارەی دەستبەکاربوونی (شورای شار)ەوە دەڵێت "بەڵێ، دوای هەڵبژاردن ئەم شورایە دەستبەکاربوو، چەند مانگێك کاریکرد، بەڵام لەبەرئەوەی یاسایەك نەبوو کە ئەرك و بەرپرسیارێتی ئەندامانی شورای شار ڕێکبخات، هێشتا هیچ دانەمەزرا بوو، بابەتی گشتی زۆر ڕووی تێدەکردین، تا ئەندازەیەکیش هەندێك کێشەمان چارەسەردەکرد بۆ کاروباری فەرمانگەکان، یا کاری کەسیی و شوێنی کارەکان، چونکە هێشتا یاسا و شت نەبوو لە سنوورێکی سەرەتایی و کەمدا دەمانتوانی کارانێك بکەین، ئیدارەی شارو کۆنترۆڵی ئاسایش و ئەوشتانە تا ئەندازەیەك بەدەست شوراوە بوو، بۆیە سەرکەوتوو نەبوو"[٢٢]. بەمشێوەیە هەڵبژاردنێك لەلایەن هێزێکی ئیسلامییەوە وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ چارەسەری پشێوییەکانی شار پێشکەش دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەنجامدەدرێت، بەڵام دواجار ناتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەوام بوونی کێشەکان و شوراکە لەکار دەخرێت.

## زەمینەسازیی بۆ کۆنفرانسی خود موختاریی

یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی هێزە ئیسلامییە سوننەکەی شاری سنە وەك نەخشەڕێگایەك بۆ دەربازکردنی کورد لەو دۆخە پشێوییە بریتییە لە ئەنجامدانی کۆنفرانسێك و کۆکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان لە شاری سنە و گەیشتن بە ئەنجامێکی هاوبەش و ئامادەکردنی پاکێجێك لە داواکاری بۆ چوونە تاران و گفتوگۆکردن. وەك دەردەکەوێت لەم باسەدا دوو بابەت جێگەی قسە لەسەرکردنە، یەکێکیان تێگەیشتنی مەکتەب قورئان وەك هێزێکی سیاسی بۆ چەمکی خودموختاریی، لەگەڵ پرۆسەی ڕێکخستنی کۆنفرانسێك وەك میکانیزمێك دیموکراسی و مەدەنیی بۆ دروستکرنی کۆدەنگی لایەنە سیاسییەکان. لەبارەی خودموختارییەوە دەکرێت بەکورتی باس بکرێت*. دواتر باس لە کۆنفرانسەکە و ناوەڕۆك و ئامانجەکانی بکرێت.

سەرەتا ئەوە گرنگە خودموختاریی لە دیدی هێزێکی ئیسلامی وەك مەکتەب قورئان چییە، ئەحمەدی موفتی زادە لەبارەی خودموختاریی ئیسلامی و جیاوازی لەگەڵ فۆڕمەکانی دیکەی خودموختارییەوە بۆچوونی وایە "بەگشتی جیاوازی نێوان ئەم دوو مۆدێلە لە خودموختاریی دوو خاڵە: خودموختاریی

دونیای ئەمڕۆ لە سەرەوە (رأس)ەوە بۆ خوارەوە (قاعید)ەیە، هێز لەسەرەوە دابەزێتە خوارەوە بۆ قاعیدە، بەڵام ئەم سیستەمە خودموختارییە کە لە ئیسلامدا هەیە، بەتەواوەتی پێچەوانەیە و هێز لە قاعیدەوە دروست دەبێت و دەچێت بەرەو سەرەوە، ئەمە یەکەم جیاوازیان. جیاوازیی دووەمیش ئەوەیە: ئەگەر ئێمە سیستەمی خودموختاریی دونیای ئەمڕۆش جێبەجێ بکەین بەشێوەیەکی ئاسایی ئیتر حەقی دەخالەتمان لە کاروباری زۆر سادە و ئاساییدا نییە، بۆ نمونە لە ئیسلامدا بەرزترین و گرنگترین پۆست بریتییە لە سەرۆکی شورا نەوەك سەرۆك کۆمار، چونکە سەرۆك کۆمار لە ئیسلامدا واتە خەلیفە (سەرۆکی دەوڵەت)، سەرۆکی هێزی جێبەجێکردنە، جا ئەوە شورایە دەستەڵاتی هەیە بەسەر هێزی جێبەجێکردن و تەواوی هێزەکانی دیکەدا، بۆیە بەرزترین پلە لە سیستەمێکی ئیسلامییدا دەبێتە سەرۆکی شورا، لەم سیستەمە خودموختارییەی ئێستادا یەك کەسی کورد ناتوانێت ببێتە سەرۆکی شورا، بەڵام لەو خودموختارییە ئیسلامییەدا زیاد لەوەی کوردستان دەبێتە خاوەنی خودموختارییەکی تەواو (کامڵ)ی زانستی و مەنتیقی بەتەواوی مانانی دیموکراسییەوە (مەدەنیی بوونەوە)، دەشتوانێت بەرزترین پۆستی ئیداری و سیاسی ئێران بگرێتە ئەستۆ، چونکە وەك پێشتریش باسمکرد حکومەتی ناوەندی بریتییە لە (شورای باڵای وڵات)، کە ئەمیش بریتییە لە نوێنەرەکانی ئەم خودموختاریی ناوچەییە کە دروست دەبێت.

ئەندامانی ئەم شورایەش نابێت بچوکترین و کەمترین جیاکاری لەنێوانیاندا هەبێت، هەر کەسێکیان توانایی و سەڵاحییەتی پەیداکرد دەتوانێت هەر پۆستێك لە پۆستە جیاوازەکانی وڵات وەربگرێت. ئەم دوو جیاوازییە گەوەرەیە لەنێوان خودموختاریی ئیسلامیی و خودموختاریی دیکەدا بوونی هەیە، لەم سیستەمە ئیسلامییەدا: حکومەتە ناوەندییەکە لەم حکومەتە ناوچەییانەوە دروست دەبێت، نەوەکو لەسەرەتادا حکومەتی ناوەندی دروست ببێت و بەڕەسمییەت بیناسین و ئەو پاشان بێت دان بەئێمەدا بنێت یان وەك ئەوەی بەشمان بدات! ئەمە لەئیسلامدا بوونی نییە، نەتەوەوکان هەموویان یەکسانن و هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بەشی کەسێکی دیکە بدان، هەمووی لە چوارچێوەی یەك مەملەکەتدا و وەك میلەتێکی موسڵمانی جمهوریی ئیسلامیی ئێران دەبێت لەتەواوی بوارەکاندا وەك یەکبن و یەکسانبن، لەکاتێکدا ئێمە ئێستا دەبێت حکومەتی ناوەندی بەڕەسمی بناسین و بچینە ناو ڕێکەوتن لەگەڵیاندا، دواتر ئەو بێت خودموختاریی کوردستان بەڕەسمی بناسێت، ئەوە جیاکاری دروستکردنە لە ئیسلامدا دروست نییە، ئەمە تەرحێکی کوردییە کە من هەمە بۆ خودموختاریی کوردستان، کە

**لەم سیستەمە ئیسلامییەدا: حکومەتە ناوەندییەکە لەم حکومەتە ناوچەییانەوە دروست دەبێت، نەوەکو لەسەرەتادا حکومەتی ناوەندی دروست ببێت و بەڕەسمییەت بیناسین و ئەوپاشان بێت دان بەئێمەدا بنێت یان وەك ئەوەی بەشمان بدات! ئەمە لەئیسلامدا بوونی نییە، نەتەوەوکان هەموویان یەکسانن و هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بەشی کەسێکی دیکە ببان، هەمووی لە چوارچێوەی یەك مەملەکەتدا و وەك میلەتێکی موسڵمانی جمهوریی ئیسلامیی ئێران دەبێت لەتەواوی بوارەکاندا وەك یەکبن و یەکسانبن**

هاوتەریبە لەگەڵ سیستەمی سیاسی و ئیداری ئیسلامدا "[٢٣].

موفتی زادە بەناونیشانی سەرکردەیەکی سیاسی خاوەن نفوز بۆ بەجێگەیاندن و دروستکردنی کۆدەگی نەتەوەیی لەڕێگەی بانگهێشتنامەیەکی گشتییەوە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەی ئەوکاتەی سەرتاسەری وڵاتدا بڵاوکراوەتەوە، تەواوی سەرکردایەتی ئەوکاتەی کورد و هەموو ڕێکخراو و لایەنی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە ئاگادار دەکاتەوە و بانگهێشتیان دەکات و داوایان لێدەکات لەو کۆنفرانسەدا بەشداری بکەن.

لەبارەی کۆنفرانسەکەوە و خودموختارییەوە ئەحمەدی موفتی زادە ڕۆژێك پێش کۆنفرانسەکە لە گفتوگۆ ڕادیۆیدا جارێکی دیکە ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و هەوڵدەدات لەوبارەیەوە وردەکاری بخاتەڕوو بەجۆرێك بۆ هەمووان ڕوونبێت و کەسێك بەهانەیەکی بەشداری نەکردنی لەم کۆنفرانسەدا نەمێنێت. لەوێ بە وردی باس لە جیاوازییەکانی سیستەمی خودموختاریی ئیسلامیی و فۆڕمەکانی دیکە دەکات، هەروەها ئاماژە بە ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە و میکانیزمەکانی دروستکردنی لیژنەکان و چۆنییەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکان دەکات. باس لەگرنگی و ئامانجە سەرەکییەکانی کۆنفرانس دەکات لەگەڵ وەڵامی حکومەتی ناوەندی بۆ کۆنفرانس و دەرئەنجامەکانی. ئەمە جگە لەوەی باس لەو ناکۆکییانە دەکان لە نێو سەرکردایەتی کورددا هەیە و ئەگەری هەیە بەشداری نەکەن لەم کارەدا، ئەگەرئەوەشدا باس لە بۆچوونی ئەم هێزە ئیسلامییە دەکات کە چەنێك بەلایەوە گرنگە هەمووان بەشداربن، چونکە ڕێگەی گەیشتن بە کۆدەنگی تەنها هەر ئەم کۆنفرانسەیە ئەگەر مەبەستمان بێت هەموو لایەنەکان

بەشداری بکەن. بە بۆچوونی مەکتەب قورئان زۆر نالۆژیکییە کەسێك یان کەسانێك بێن بە شێوەیەکی نهێنی پێکەوە دابنیشن و لەسەر ڕاگەیاندنی سیستەمێکی بەمجۆرە کاربکەن، بەڵکو ڕێگەکەی ئەوەیە کەبێن: بە ئاشکرا و بەبێ ئەوەی کەمترین شاردنەوە هەبێت بانگهێشتی تەواو خاوەن بیروبۆچوونەکان بکرێت بەهەموو جیاوازییەکانەوە. چونکە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە لایەنێك ژمارەیەك کەسی دیاریکرد و تەنها ئەوانەی بانگهێشتکرد، ئەمەش هەروەك ئەوە وایە ئەو لایەنە تەنها خۆی بڕیاری دابێت، چونکە کاتێك کۆمەڵێك کەس جێگەی سەرنجی لایەنێکبن، واتە ئەوانە ڕێك بەوشێوەیە کاردەکەن و بیر دەکەنەوە کە ئەو لایەنە دەیەوێت، بۆیە هێزە ئیسلامییەکە پێ لەسەرئەوە دادەگرێت هەموولایەك بە تەواوی جیاوازییەکانەوە بێن و لەم کۆنفرانسەدا بۆچوونەکانی خۆیان بخەنەڕوو. بەمەشدا دەردەکەوێت ئەم هێزە بەلایەوە گرنگ بووە کۆنفرانسێکی فرەڕەنگی مەدەنیی و دیموکراسی بێت.

بۆیە موفتی زادە دەڵێت "ئەگەر ئەو مۆدیلەی لە ئیسلامدا هەیەو من پێشنیاری دەکەم قبوڵیانکرد و تێگەیشتن کە شورا دیموکراسی تر و باشترە ئەوە دابمەزرێت و لەوەوپاش دەمێنێتەوە سەر (قۆناغی دواتر) کە بریتییە لە ڕێکخستنێکی ورد و دەقیق بەهاوکاری یەکتری، ئەگەر مۆدێلی یەکێکی تر لە گروپەکەل یان حیزبە سیاسییەکان پێشکەشیانکردووە و بینیمان ئەو باشتر و چاکتر دەتوانێت ئامانج و ئارەزووی خەڵکی دابین بکات، مەفهومی دیموکراسی لەودا زیاتر جێبەجێ دەبێت، ئێمە شوێن ئەوان دەکەوین. بۆیە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆئەمەی یەك مۆدێلی هەمەکی، کە جێگەی ڕەزامەندی هەموو میللەت بێت قبوڵبکرێت جگە لە بانگهێشتێکی ئاشکرای گشتی بەمجۆرە"[٢٤]، بۆیە موفتی زادە پێیوایە ئەو بەیاننامە ٨ مادەییەی شاری مەهاباد و ئەو ٣ مادەیەی شاری سەقز ناکرێت بە داواکاری کۆتایی تەواوی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات سەیربکرێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك کەسی شارەزا و خاوەن بۆچوون هەن لەهیچ کام لەو دانیشتانەدا نەبوون، ئەمە جگە لەوەی ئەم مادانە کۆدەنگی شەقامی کوردی لەسەر نییە، بۆیە تەنها ڕێگەی دروست و مەدەنیی بریتییە لە ئامادەبوون لە کۆنفرانسێکدا و یەکلای بوونەوە لەسەر تەواوی داواکارییەکان بەیەك پاکێج.

## ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنفرانس

دوای ئەو هەموو ڕوونکردنەوەو داواکاری‌و باسکردنەی سەبارەت بەگرنگی (کۆنفرانسی سنە) بۆ بەدەستهێنانی (خودموختاریی) بۆ کوردستان، بە ئامادەنەبوونی ژمارەیەك لەسەرکردەو کەسایەتی دیاری بزووتنەوەی سیاسی کوردستان لە ڕۆژی خۆیدا (٢٠ی

خوردادی ١٣٥٨) (١٩٧٩/٦/١٠) کۆنفرانس بە وتارێکی ئەحمەدی موفتی زادە دەستپێدەکات. بەپێی ئەو زانیاریانەی ڕۆژنامەی (کیهان) لە ڕۆژی (١٣٥٨/٣/٢١)، واتە ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکە بڵاویکردۆتەوە، ئەو لایەنانەی بەشداریان لەکۆنفرانسەکەدا نەکردووە و کورسییەکانیان بەخاڵی دانراوە، کە بریتیبوون لە: (سەید عیزالدین حسینی، کۆمەڵەی مامۆستایانی کوردستان، کۆمەڵەی پارێزگاریی لە ئازادی و ئینقلابی کوردستان، شورای هاوکاری کۆمەڵەکانی کوردستان، ڕێکخراوی چریکەکانی فیدای خلق شاخ کوردستان، ڕێکخراوی ئینقلابی زەحمەتکێشانی کوردستان و خوێندکارانی زانکۆ و خوێندکارانی پێشەنگ). ئەو لایەنو ڕێکخراوانەشی، لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسەدا بوونو بەشداریان کردووە بریتیبوون لە: (گروپی عەدالەت ویستانی کوردستان، گروپی ئیسلامیی نەصر، ئەنجومەنی ئیسلامیی بازاڕەکانی سنە، ئەنجومەنی ئیسلامیی"دانش اموزان"، ئەنجومەنی ئیسلامیی گەنجان، ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکارانی زانکۆ)[٢٥]. واتە بەڕوونی دەتوانرێت ببینرێت شەقامی کوردی تەواو دابەشبووە بۆ دوو دیگای جیاواز کە یەکێکیان ئامادە نییە بەهیچ شێوەبەك بەشداری بکات لە کۆبوونەوەکانی ئەوی دیکەدا.

دانیشتنی یەکەم ڕۆژی کۆنفرانسی (سنە) بۆ خودموختاریی کوردستان، بەدیاریکردنی(١٠٠) نوێنەر لەو نوێنەرانەی بەشداری کۆنفرانسەکەیان کردبوو کۆتایی هات. بۆ ڕۆژی دواتر و لەکۆتایی دانیشتنەکەدا، لەنێوان (١٠٠ هەڵبژێردراو)ەکەدا (١٥) کەسیان بەناونیشانی نوێنەری خەڵکی بۆ دانیشتنو پێدانی موزەکەرات بەدەوڵەت دیاریکران".[٢٦]

ئەوەی لە کۆتایی ئەم باسەدا ماوەتەوە و گرنگە بە کورتی ئاماژەی پێبکرێت، بریتییە لەو بەیاننامەیەی لە کۆتا ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا بڵاوکرایەوە.کۆپییەکی تەواوی ئەو بەیاننامەیەش ئەحمەدی موفتی زادە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی (درباره کردستان) هێناویەتی بە ناونیشانی (قتعنامەی ٢٠ تا ٢٢ی خرداد ١٣٥٨) دایبەزاندووە. بەیاننامەکە خۆی لە ١٥ مادەدا دەبینێتەوە کە تەواوی بەشداربوونای کۆنفرانسەکە و بەو میکانزیمەی گیراوەتە بەر لەسەری هاودەنگبوون و لە ڕۆژی بە بیست و دووی خوردادی ١٣٥٨کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٧٩/٦/١٢) بڵاوکراوەتەوە، وەك: ناساندنی مافی خودموختاریی بۆ نەتەوەکان لەلایەن حکومەتەوە، نەهێشتنی چینایەتی، ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردییەکان، بابەتی زمان و گەشەی کەلتووری، دەستەڵاتی حکومەتە خۆجێییەکان و شورای ناوچەکان، سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکەی وڵات و ڕۆڵیان لە ناوچە خودموختارییەکاندا و سنوری ناوچە خودموختارەکان، هەڵوەشاندنەوەی هەر بەیاننامە و بەڵێننامەیەك لەلایەن

دەوڵەتەوە کە لەکاتی خۆیدا دژی نەتەوەی کورد دراوە، هەروەها دەرفەتێکی دیکە بدرێت بەو لایەنانەی بەهەر هۆکارێك بووە بەشداری کۆنفرانسەکەیان نەکردووە"[٢٧].

دەرئەنجام

مەکتەب قورئان وەك هێزێکی سیاسی ئیسلامیی دەرکەوتنی لەسەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا گوتارێك دەبێت لەبەرامبەر گوتارە ناسیۆنالیزمی و چەپڕەوییەکەی ئەوکاتەی شەقامی کوردییەوە. لەگەڵ ئەوەی هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیدا هەردوو گوتاری ئایینی و نەتەوەیی بەیەك پاکێج تەماشادەکات و لەسەر بنەمای تاکێکی تەندروست کۆمەڵگەیەکی تەندروست کاردەکات، ڕابەرەکەیان (ئەحمەدی موفتی زادە) لەبەر ئەو باکگراوندەی لە ناو هێزێکی سیاسی ناسیۆنالیستیدا هەیبووە، دەبینین گوتاری نەتەوەیی هەمیشە لە باس و سیمینارە ئایینییەکاندا ئامادەیی هەیە. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی پێکدادانی گوتارەکان دروست نەبن، بەڵکو بە دەرکەوتنی ئەم هێزە ئیسلامییە ڕاستەوخۆ دەچێتە باسەوە لەگەڵ گوتارە ناسۆنالیزمی و مارکسییەکەدا. زۆرترین کێشە لەسەر نەخشەڕێگاکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دروست دەبێت.

وەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر کرا، هێزە ئیسلامییەکە لەبەرئەوەی بڕوای بە هێزی چەکدار نییە بۆ چارەسەری پرسەکان، هەوڵدەدات لەڕێگەی میکانیزمە دیموکراسییەکانی وەك هەڵبژاردن و کۆنفرانسەوە کێشە و جیاوازییەکان بەرەو لێکنزیك بوونەوە ببات. موفتی زادە لە ڕێگەی بیرۆکەی (شورا)وە هەوڵدەدات بە سود وەرگرتن لە هەڵبژاردن زەمینەی کارکردن پێکەوە بسازێنێت و شورایەك بۆ شاری سنە دابمەزرێنێت بە بەشداری هەموو گروپ و حیزب و ئایدۆلۆژیاکان، هەرکەس بەئەندازەی قوورسای خۆی لە کۆمەڵگەدا، کە ئەمەش تەنها هەڵبژاردنێکی بێگەرد دەتوانێت دەریبخات. هەروەها لە ڕێگەی کۆنفرانسی شاری سنەوە هەوڵدەدات یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی نێوان تاران و کورد بە چارەسەر بگەیەنێت، ئەویش پرسی خودموختاریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هێزە ئیسلامییەکە لەڕێگەی سەردان و بەیاننامەو بانگێشتنامەوە هەوڵدەدات هەموو سەرکردایەتی کوردی لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوە و لە ڕێگەی خستنە ڕووی بیروبۆچوونەکانەوە و لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیانەدا هەمووان بگەیەنێت بە ڕێکەوتن و کۆدەنگییەکی نەتەوەیی و گەڵاڵەکردنی پاکێجێك لەبارەی مافەکانی نەتەوەی کوردەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ تاران.

هەروەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو،

هێزە ئیسلامییەکە لەبەرئەوەی بڕوای بە هێزی چەکدار نییە بۆ چارەسەری پرسەکان، هەوڵدەدات لەڕێگەی میکانیزمە دیموکراسییەکانی وەك هەڵبژاردن و کۆنفرانسەوە کێشە و جیاوازییەکان بەرەو لێکنزیك بوونەوە ببات. موفتی زادە لە ڕێگەی بیرۆکەی (شورا)وە هەوڵدەدات بە سود وەرگرتن لە هەڵبژاردن زەمینەی کارکردن پێکەوە بسازێنێت و شورایەك بۆ شاری سنە دابمەزرێنێت بە بەشداری هەموو گروپ و حیزب و ئایدۆلۆژیاکان، هەرکەس بەئەندازەی قوورسای خۆی لە کۆمەڵگەدا، کە ئەمەش تەنها هەڵبژاردنێکی بێگەرد دەتوانێت دەریبخات. هەروەها لە ڕێگەی کۆنفرانسی شاری سنەوە هەوڵدەدات یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی نێوان تاران و کورد بە چارەسەر بگەیەنێت، ئەویش پرسی خودموختاریی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو.

لەبەرئەوەی دوو هێزەکەی دیکە و بەتایبەتی چەپەکان (کۆمەڵە و چریکەی فیدایی) زۆرتر بڕوایان بە هێز و خەباتی چەکداری هەیە، لە هەڵبژاردنەکانی شورای شاردا بەشداری دەکەن بە سێ کورسی و، دەبنە ئەندامی لیژنەیەکی ١١ کەسی، بەڵام دواجار ناتوانن لەم شورایەدا بەردەوامبن. هەرچی پەیوەندی بە کۆنفرانسی خودموختارییەوە هەیە بەتەواوەتی ڕەتی دەکەنەوە و بایکۆتی بەشداربوون دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگەی بەیاننامەوە دژایەتی پرۆسەکە دەکەن.

بەمشێوەیە دەردەکەوێت، هێزە ئیسلامییەکەی ڕۆژهەڵات لە دوو وێزگەی جیاوازدا و لە مانگەکانی دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی شۆڕشدا هەوڵدەدات زەمینە خەباتێکی مەدەنیی لە ڕێگەی میکانیزمە دیموکراسییەکانەوە بسازێنێت و دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لەناو شورا و کۆنفرانسەکاندا کۆبکاتەوە.


### سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. سارا شریعتی مزینانی، سامان ابراهیم زادە(1396)، مکتب قران: مۆمنانی در نوستالژی "امت" مطالعە موردی کردها در ایران، تحقیقات فرهنگی ایران، سال دهم، صص 34-2.

٢. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ (2010): عەبدوڵلا، سەروەت (2010)، کاك ئەحمەدی موفتی زادە، دەروازەیەك بۆ خەباتێکی نەناسێنراو، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

٣. عەبدوڵلا، سەروەت، سەرکردەیەکی کاریزما و

قوتابخانەیەکی کرداری: گوزەرێك نێو تایبەتمەندییەکانی ژیان و هەڵوێستەکانی کاك ئەحمەدی موفتی زادەدا ، کتێبی بڵاو نەکراوە.

٤. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێرەوە بۆ: عەبدوڵڵا، سەروەت(2010)، کاك ئەحمەدی موفتی زادە، دەروازەیەك بۆ خەباتێکی نەناسێنراو، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

٥. Khosravi, J., Aghapouri, H., & Hamehmorad, L. (2016). The Islamist Maktab-Quran in Iran and its challenges for Kurdish nationalism. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 59-73.

٦. حمید رضا جلایی پور(1385)، فرازو فرود جنبش کردی 1357 1367-، فصلنامه مطالعات ملی، سال هفتم. شماره 2، 1385. ص 92.

٧. بڕوانە: یارئەحمەد، ژیلوان لەتیف (2022)، "بزاڤی چەپ لە ئێران، لە گەشەسەندنێکی خێراوە بۆ پوکانەوەی بەردەوام"، وەرزنامەی ئێرانناسی، ساڵی یەکەم، ژمارە 2، 88- 103.

٨. بڕوانە: ڕەزا، حامید ڕەشید (2002)، کورتەباسێك لەسەر چەند ڕووداوی مێژوویی، چاپی یەکەم، ئادیلاید، ئوسترایا.

٩. بڕوانە: براوینسن، مارتین ڤان: ئیسلام و سیاسەت لە کوردستانی ئێران لەسەروبەندی شۆڕشدا: ژیانی ئەحمەدی موفتی زادە، و. حەسەن قازی، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی کوردی، ساڵی پێنجەم، ژمارە 1، 2017، 80- 87. هەروەها لە پێگەی میزان بڵاوکراوەتەوە: https://mizan1342.files.wordpress.com/2018/07.pdf

10. Khosravi, J., Aghapouri, H., & Hamehmorad, L. (2016). The Islamist Maktab-Quran in Iran and its challenges for Kurdish nationalism. Journal of Ethnic and Cultural Studies, 3(1), 59-73.

١١. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٦.

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٦.

١٣. گفتووگۆیەکی بڵاونەکراوە نووسرە لەگەڵ بەڕێز کاك فوراد مەردۆخ ڕۆحانی لەبارەی هەڵبژاردنی شورای شاری سنە لە فەروەردینی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٤/١٨)، لەبەرواری (٢٠٢١/٢/٢٦)، ئوستراليا-سنە

١٤. بڕوانە: دکتۆر سەردەشتی، یاسین (٢٠١١)، کوردستانی ئێران (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کودر ١٩٣٩-١٩٧٩)، چاپخانەی سیما، چاپی دووەم، سلێمانی.

15. Ezzat yar, Ali 2016: The last M.ufti of Iranian – Kurdistan Ethnic and Religious Implications in the Great Middle East, Springer Nature, New Youk, pp 136.

١٦. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە بۆ پێگەی ئەلکترۆنی (نماینده)، بابەتەکانی (بحران کردستان از اغا تا فرجام – ٦) مێژووی ٢٤ فرداد ١٣٩٢.

١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

18. Ezzat yar, Ali 2016: The last M.ufti of Iranian – Kurdistan Ethnic and Religious Implications in the Great Middle East, Springer Nature, New Youk, pp 136.

١٩. روزنامه کیهان، "اسامی اعضای شورای شهر سنندج"، پنجشنبه ٣٠ فروردین ١٣٥٨، شماره ١٠٦٨٧، ص١.

٢٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢١. گفتووگۆیەکی بڵاونەکراوەی نووسەرە لەگەڵ فوراد مەردۆخ ڕۆحانی لەبارەی هەڵبژاردنی شورای شاری سنە لە فەروەردینی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٤/١٨)، لەبەرواری (٢٠٢١/٢/٢٦)، ئوستراليا-سنە.

٢٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٣. گفتوۆگۆی ڕادیۆیی کاك ئەحمەدی موفتی زادە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی کەناڵی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی جمهوری ئیسلامی ئێران – مەرکەزی سنە، ١٩ خرداد ١٣٥٨ (١٩٧٩/٠٦/٠٩).

٢٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٥. ڕۆژنامەی(کیهان) ڕۆژی ١٣٥٨/٣/٢١ (کونفرانس با سخنان موفتی زاده شروع به کار کرد). بەهزادی خۆشحاڵی: عەلامە ئەحمەدی موفتی زادەو کوردستان، ڕوزهای بحران ٤.

٢٦. سەرچاوەی پێشوو

٢٧. مفتی زادە، احمد (1385)، "دربارەی کردستان"، انتشارات نور، لا244.

وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# وەرگێڕان

# ستراتیژی جیۆپۆلەتیکیی ئەمریکا لە کەنداو بە پێداگری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران[1]

موراد دەلالەت    وەرگێڕانی سامان عەبدوڵلا



١- ناونیشانی بابەتەکە بە فارسی( استراتژی ژئوپلیتیکی آمریکا در خلیج فارس با تأکید بر امنیت ملی، جمهوری اسلامی ایران - مراد دلالت)

٢- هەندێك ناو و چەمکی لەم جۆرە لەم بابەتەدا بەکارهاتوون کە بارێکی سیاسییان هەیە و وەك خۆی دادەنرێتەوە بەڵام گوزارشت لە سیاسەتی گۆڤارەکە ناکەن.

**پوختە**

پێشبینییەکان دروستبوونی گۆڕانکاریی فراوان پیشاندەدەن، لە شێوازەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە هەندێک بابەتی گرنگی نێودەوڵەتیی وەک کەنداوی فارس. دەکرێت هاوکاریکردنی ئەمریکا لە فرۆشتنی چەک بە وڵاتانی باشووری کەنداوی فارس، وەک هەڕەشەیەک دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دابنرێت. ئەم لێکۆڵینەوە، بە تاوتوێکردنی کاریگەریی هاتنەسەرکاری ئەمریکا لە کەنداوی فارس، سیستەمی ئاسایشی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان و سیستەمی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئاسایشی ناوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە هاتنەسەرکاری ئەمریکا چ کاریگەرییەک و لێکەوتەیەکی لە پانتای سیاسی-ئاسایشی لەسەر ناوچەی کەنداوی فارس جێدەهێڵێت؟ دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە پیشانیدەدات کە بەهێزبوونی ئەمریکا لە کەنداوی فارس لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووداوی وەک: دروستبوونی بۆشایی لەنێو یەکگرتوویی نەتەوەیی، سەبارەت بە سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گۆشەگیریی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەگەری بە بەرپرسدانانی ئەمریکا لە ڕوانگەی یاسای ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەگەری زیاترکردنی گەمارۆکان لە بواری ئابووری و سەربازیی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەگەری سەپاندنی بەرجامی دوو و سێ بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئاشکراتری وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە کە دژی سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، هەروەها بەهێزبوونی ڕۆڵی ڕژێمی زایۆنی (ئیسرائیل) لە ناوچەکەدا.

.....................

**کلیلە وشەکان: ستراتیژیی، جیۆپۆلەتیك، کەنداوی فارس، ئاسایشی نەتەوەیی، ئێران**

**پێشەکی**

لایەنە جیاوازەکانی بابەتەکە، دابینکردنی ئاسایشە لە پانتایی ستراتیژیی لە پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی سیاسیی نێودەوڵەتی و ناوچە جیۆپۆلەتیکییەکان، ئەم پێویستییەش هەمیشە گەورەترین و بنەڕەتیترین ئامانجی هێزە جیهانییەکان بووە، بەتایبەت بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەسەر ئەم واتایەدا هاتووە، ئیتر لایەنە نەتەوەیی و ناوچەییەکان گرنگیی ئەوتۆی نییە، بەڵکو پێوەری جیهانی لەبەرچاو دەگیرێت. بە واتای ئەوە کە لە ستراتیژی جیۆپۆلەتیکدا، بە واتایەکی سادەتر، شیکاریی ئەرکەکانی وڵات، ئەو ناوچانە بەهای زۆریان هەیە کە لە ڕێگای دەسەڵات و چاودێریی ئەوانەوە، ئامانجی ستراتیژیی خۆیان جێبەجێ بکەن. بەپێی ئەم ئاراستەیە، لە ئێستادا لەسەر بنەمای کۆتا ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی

ئەمریکا کە بەئاشکرا باسکراوە، ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەندە بە دابینکردنی ئاسایشی ناوچەی کەنداوی فارسەوە. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئامانجی کۆتایی ئەم ستراتیژییە چییە؟ لە وەڵامدا دەکرێت ئاماژە بکرێت بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە. بە چاوخشاندنێک بە کۆمەڵێک ژمارە و داتای سادەدا، ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان خواست و خستنە بازاڕی وزە لە ئەمریکا بوونی نییە. ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بوونی تەنیا لە سەدا دووی پاشەکەوتی نەوتی جیهان، بیست و پێنج لە سەدی هەموو بەرهەمی نەوتی جیهان بەکاردەهێنێت. لە بیست ساڵی داهاتوودا خواستی جیهانی لەسەر نەوت، لە ڕێژەی ئێستای کە (٧٧) ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژدا، بەرز دەبێتەوە بۆ (١٢٠) ملیۆن بەرمیل کە زۆرترین ڕێژەی زیادبوونی ئەم ژمارەیە لە چین و ئەمریکایە (Cordsman، ١٩٩٩). ئەم ترسە لە داهاتوودا داڕێژەرانی ستراتیژیی و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ناچارکرد کە پەلە بکەن لە ڕێکخستنی ستراتیژیی وزە بۆ ساڵی ٢٠٢٥ و ئەم بابەتانەش بوو بە هۆی ئەوەی کە ئامانجە ستراتیژییەکانی وزەی ئەمریکا ببێتە چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخستنی سنووری جیۆستراتیژی نوێ، بە ئامانجی جیۆئیکۆنۆمی و کەنداوی فارسیش کەوتە لوتکەی ئەم سنوورانەوە. بەڕاشکاوی دەکرێت بڵێین کە هەموو گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە لە ناوچەی کەنداوی فارس، بەگشتی کۆمەڵێک سیناریۆ لە ستراتیژی وزە کە بە تاکتیکی جیاواز خەریکن جێبەجێ دەکرێن.

## ستراتیژی جیۆپۆلەتیکی ئەمریکا لە کەنداوی فارس

کۆتا ئامانجی جیۆستراتیژیی ئەمریکا، جێبەجێکردنی جووڵەیەکی دوولایەنەیە لە ڕێگای پاسیفیک و ئەتلانتیکەوە، بۆ زاڵبوون بەسەر ئۆراسیادا. ئەم جووڵە دوولایەنە خۆی لە خۆیدا ئامانجی دووەم جێبەجێ دەکات کە لە سەرەوەی هەمووی کۆنترۆڵی چین و ڕووسیا و تەنانەت ژاپۆنە لە داهاتوودا، بە مەبەستی ڕیگرتن لە یەکێتییەکی جیۆستراتیژیی ئۆراسیایی لە بەشە ئاسیاییەکەی. لێرەدایە کە ڕۆڵی دیاردە جوگرافییەکان لە پێشەوەی ڕیزبەندیی جیۆستراتیژیدا دەردەکەوێت، ئەویش شوێنگەی دوورگەکانی دەوروبەری ئۆراسیایە کە ناسکترین و هەستیارترینی ئەوانیش ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەسەر تەوەرەی کەنداوی فارس. بە چاوخشاندنێک بە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، دەکرێت بنەمای ئەم سیاسەتە دەرەکییە لەدوای شەڕی سارد، لەسەر ئەم بابەتانەی ژێرەوەدا دابنرێن:

١. ستراتیژی بەرنامەیی: ئەم ستراتریژییە بەدوای دروستکردنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆوەیە

لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە مەبەستن و لە سەرەوەی هەمووشیانەوە لە ئێستادا دوو وڵاتی ئێران و سووریان.

٢. ستراتیژی پێشگیرانە (Preventive Strategy): لەم ستراتیژییەدا ئەمریکا بە پێویستی دەزانێت بێ هیچ مەرجێک ڕووبەڕووی هەموو ئەو شتانە ببێتەوە، کە ئاسایشی ئەمریکا دەخاتە مەترسییەوە. لەم ستراتیژییە نوێیەی ئاسایشی ئەمریکادا، بۆچوونی پێشگیرانە بەم شێوەیە باسکراوە کە "باشترین بەرگریی؛ هێرشێکی باشە".

٣. ستراتیژی وزە: لە ڕاستیدا ئەم ئامانجە ستراتیژییە بۆ ماوەیەکی نە زۆر درێژ تەوەرەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێکدەهێنێت و ئامانجیش لەوە دەستوەردان و دەسەڵاتی تەواوە بەسەر ناوەندی ستراتیژیکی وزەی جیهانی کە کەنداوی فارس لە چەقی ئەو سنوورە جیۆئیکۆنۆمیکدایە. گرنگترین تاکتیکی ئەمریکا لەم بوارەدا، لاوازکردنی ئۆپێک و زەقکردنەوەی ڕۆڵی عێراقە. هەروەها وا دیارە کە ئەمریکا لە داهاتوودا لە تورکیا و عەرەبستان دوور دەکەوێتەوە و زیاتر ڕوو لە ئێران دەکات (National Security Of TheU.S.A February, ٢٠١٥).

ئێستا پێویستە بزانین کە لەبەرامبەر ئەم کارەی ئەمریکا بۆ زاڵبوون بەسەر ئۆراسیا و هەستیارترین ناوچە جیۆستراتیژییەکەی، واتە ناوچەی کەنداوی فارس، چ کاردانەوەیەک پێشبینی دەکرێت، ئەم کاردانەوانە ئەمڕۆ لەبەرامبەر بابەتی ناوکیی ئێران بەتەواوی هەستی پێدەکرێت. بەو واتایە کە ڕێکەوتنەکان لەنێوان دوو سێگۆشەی ستراتیژیک خەریکی دروستبوونن، کە ئەڵقەی پەیوەندی و هاوبەشیی هەردوو سێگۆشەکە بریتییە لە ئێران. ئەم دوو سێگۆشە ستراتیژییە؛ وڵاتانی ڕووسیا، چین و ئێران لە پێکهاتەیەکدا و ئەمریکا، ئەورووپای یەکگرتوو و ئێران لە پێکهاتەکەی دیکەدان. هەر کام لەم دوو کۆمەڵەیە کە بتوانێت ئێران وەکو جێپێیەکی جیۆستراتیژی خۆی هەڵبژێرێت، ئەوا جڵەوی کارەکان لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەت لە ئۆراسیا، دەگرێتە دەست. جێی سەرنجە کە هەرگیز ئێران شوێنگەیەکی جیۆستراتیژیکی لەو چەشنە زەق و چارەنووسسازی نەبووە. ئێمە ئێستاکە لە چاخێکدا دەژین کە بچووکترین یەکەی سیاسیی جیهان دەتوانێت کارەکتەرێکی لێهاتوو بێت و لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بگات بە ئاسایشی ڕاستەقینە و پێش بکەوێت، بەو مەرجەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە شوێنگەی جوگرافیایی خۆی و ئەو شوێنگەیەی کە لە ستراتیژی جیهانیدا هەیەتی؛ بناسێت، چونکە ئەمڕۆ لە هەر ڕوویەکەوە ڕێژەی پێوەری ئاسایشی یەکە سیاسییەکانی جیهان، لەگەڵ ڕێژەی گەشەکردنی ئابووری و هەمەلایەنەی ئەوان دەخەمڵێنرێت. لەخۆوە نییە کە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لەنێوان تێگەیشتن لە شوێنگەی

جوگرافیایی و بەشداربوون لە شانۆی جیهانیدا هەیە. ئەگەر ئەم دووانە پێکەوە هاوئاهەنگ نەبن، ئەوا ئەو وڵاتە دەبێت هەردەم چاوەڕوانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیران بێت. وڵاتان پێویستە ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن کە هەموو پێوەرەکانی جیۆستراتیژیی سەدەی بیستەم گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. ئیتر هیچ وڵاتیك لە دونیادا ناتوانێت بەتەنیا هارمۆنیی خۆی لێبدات، بەڵکو هەروەک باس کرا، پێویستە لە سنووری شانۆی جیهانیدا ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی جێبەجێ بکات. دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی "Rowd" لەسەر ئەم بابەتە سیستەمێکی ئاسایشی نوێی بۆ کەنداوی فارس داڕشتووە کە لەسەر سێ بنەما وەستاوە (Rathmell, Karasik,Gompert ٢٠٠٣: ٥-٦):

١. ڕاگرتنی هاوسەنگی لە دابەشکردنی هێز.

٢. پەیڕەویی هەمەلایەنە لە ئامانجە ستراتیژییە هاوبەشەکان.

٣. جێبەجێکردنی چاکسازی و بنیاتنانەوە.

ناوچەی کەنداوی فارس بە هۆکاری بارودۆخی تۆپۆگرافی، تایبەتمەندیی جیۆستراتیژیی تایبەتی داوە بە هەندێک لە وڵاتانی ئەو ناوچەیە کە لەسەرووی هەموویانەوە ئێران و بەحرەین دێن. بێ هۆ نییە کە ئەم دوو وڵاتە لە ناوچەی کەنداوی فارس، هەمیشە لە چەقی ئامانجە ستراتیژییەکاندا بوون. لەدوای شەڕی جیهانیی دووەم و هەر بەو هۆکارەشە کە ماوەیەکە نوێنەری بەحرین لە ئەنجوومەنی وەزیرانی ناتۆ، وەک چاودێر بەشداری دەکات. کە وابوو هەڵبژاردنی وڵاتێک بە تایبەتمەندیی جیۆستراتیژییەکی تایبەت، دەتوانێت وەک پاڵپشتیی هێزێک، ببێتە هۆی ڕەزامەندیی هێزە دەرەکییەکان و تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش سوود لەم هەڵبژاردنە وەردەگرن. خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک کە بیانەوێت تایبەتمەندییە ستراتیژییە گونجاوەکان بۆ وڵاتێکی جێگرەوەی هێز لە ناوچەی کەنداوی فارس لەبەرچاو بگرن، ئەوا لە کۆتاییدا وڵاتی ئێران دەبێت و ئەم بابەتەش ئەزموونێکە لە ئامانجە ستراتیژییەکانی هێزەکانی بەحرەین و قۆناغی ئەزموونی خۆی لە ساڵەکانی ١٩٥٩ تاکو ١٩٧٩ بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە. بوونی هێزێکی لەو چەشنە لە ناوچەکەدا، دابینکەری دەرچوونی ئارامیی هێزە دەرەکییەکان و نەبوونی زیاتری ئەوانە لە درێژمەودادا. لەم ئاڕاستەیەدا، پێویستە جیۆپۆلەتیکی عێراق و بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی بەستراوی ئەو وڵاتە لە بواری ڕێگای ئاویی کەنداوی فارس، دراوسێکان و بەتایبەت ئێران، لەبەرچاو بگیرێت. ئەگەر لە ناوچەی کەنداوی فارس، وڵاتانی ئەو ناوچەیە لە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە هەنگاو نەنێن، بەدڵنیاییەوە هێزەکانی دەرەوەی ناوچەکە ئەو کارە ئەنجامدەدەن. بە مەبەستی دانانی سیستەمێکی بەردەوام لە ناوچەی کەنداوی فارس، دەبێت زیاتر بابەتی چاکسازی لەبەرچاو بگیرێت و ئەویش نەک بە

شێوەیەکی بەپەلە و لە پانتاییەکی گەورەدا، بەڵکو بە ڕەوتێکی ڕێکوپێک و هەنگاوی پتەو بەرەو چاکسازی لە بوارە جیاوازەکاندا بچێتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر ئەم چاکسازییانە بەبێ ڕەچاوکردنی کەلتوور ئەنجام بدرێت، دەرەنجامی باشی لێناکەوێتەوە. وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس نابێت ئامانجی ستراتیژیی خۆیان بکەنە قوربانیی ئامانجی تاکتیکی فریودەری هێزە گەورەکان. لەم ڕۆژانەدا دەبینین کە هێزە پیشەسازییە جیهانییەکان لە بواری ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆیاندا لەسەر تەوەرەی ئێران و پیتاندنی یۆرانیۆم یەک قسە دەکەن و ئەویش ئاشکرایە کە ئەگەر وڵاتان لە بڕیارەکانی خۆیاندا هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو شانۆ جیهانییە نەجووڵێنەوە، ئەگەری زۆر هەیە کە بەرژەوەندیی نەتەوەییان دابین نەبێت و لە ئاکامدا کەشوهەوایەک بڕەخسێت کە هێزە گەورەکان لە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجە کورتمەوداکانی خۆیاندا سوودی لێ وەربگرن. بێگومان ئەوەش پێشبینی دەکرێت کە هەر کاتێک، بۆ نموونە وڵاتی ئێران، بە یارمەتیی تەواوکەرە ستراتیژییەکانی خۆی، هەنگاوێک لە ئاراستەی زەقکردنەوەی ڕۆڵی خۆی لە ناوچەی کەنداوی فارس هەڵبگرێت، ئەوا یەکسەر کاردانەوەی نەرێنی لەلایەن وڵاتانی هاوسێوە، بۆ نموونە عەرەبستانی سعودیا و تورکیاوە دەبینرێت. بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە ئەو جووڵانە قووڵاییەکی ستراتیژییان نابێت.

**داڕشتنی سەرەکیی ستراتیژی نوێی ئەمریکا لەبەرامبەر ئێران لە کەنداوی فارس**

بەئامانجکردنی ستراتیژی نوێی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، دەبێت زیاتر لە چوارچێوەی بابەتی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتدا شیبکرێتەوە و بەیان بکرێت. ئەمریکاییەکان بەباشی دەزانن ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی سنووردارکردن و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەوان لە ناوچەکە، بوونی فیزیکی و لەسەرخۆی ئێرانە لە ناوچەکەدا. ئەوان بە شێوازی جیاواز جڵەوی کاریان لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا لەدەستداوە. بەم پێشەکییە و بە توێژینەوەی ناوەڕۆکی ستراتیژی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەکرێت ئامانجەکانی ئەوان بەم شێوەیە باس بکرێت:

**١. کۆنترۆڵ وپووچەڵکردنەوەی دەسەڵات و نفووزی ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**

هەم ناوەڕۆکی ستراتیژیی بڵاوکراوەی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران و هەم ڕەفتار و گوتاری بەرپرسانی ئەمریکایی، پیشاندەری ئەوەیە کە ڕۆڵ و دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ ئەمریکا کێشەیەکە. چاوخشاندنێک بە گەشتی ئەم دواییەی "تێلێرسۆن" بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا و چاوپێکەوتن لەگەڵ پادشای سعودیا و وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە و وەزیری دەرەوەی قەتەر و بەرپرسانی ناوچەکە و هەوڵدان بۆ ئەوەی کە پێیدەگوترێت نەهێشتنی دەسەڵاتی ئێران، لە بەستێنی ئەم پووچەڵکردنەوەیەدا شیکاریی بۆ دەکرێت.

**٢. کۆنترۆڵکردن و هەڕەشەی هێڵی بەرگری.**

ئامانجێکی دیکەی ناو ئەم ستراتیژییە بڵاوکراوەیە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕاگەیەنراوە، کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی هێڵی بەرگرییە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە. ئەمریکاییەکان زۆر بەڕاشکاوی بەدوای ئەوەوەن کە ئێران بگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە پێیدەگوترێت سنوورەکانی خۆی. ئەو قسانەی کە بەرپرسانی زایۆنی و ئەمریکایی سەبارەت بە سنوورەکانی سووریا و ئیسرائیل باسی دەکەن و دەریدەبڕن، ئێران پێویستە تاکو مەودای پەنجا کیلۆمەتر لە سنوورەکانی ئیسرائیل دوور بکەوێتەوە، یان هەمان ڕادەربڕینی "تێلێرسۆن" سەبارەت بە گەڕانەوەی میلیشیاکان بۆ وڵاتانی خۆیان، ئاماژەیە بۆ ترس لە بوونی ئێران لە ناوچەکە. وەک یەکێک لەو سیناریۆیانەی کە ئەمریکاییەکان بۆ ئەم کۆنترۆڵ و سنووردارییە ئامادەیان کردووە، دەکرێت ئاماژە بکرێت بەم بابەتانەی خوارەوە:

### دروستکردنی بەرە لەسەر بنەمای یەکێتییە باوەکانی سیستەمی دەسەڵات (بەهێزکردنی هێڵی عیبری-عەرەبی)

"هێربەرت ماک ماستەر" ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، لە دانیشتنی ئاسایشی نەتەوەیی دەزگای بەرگریی لە دیموکراسیی ئەمریکا، گوتی: لەم ڕێگایەدا ڕوو دەکەینە زیندووکردنەوەی پەیوەندیی کۆن لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکانی خۆمان لە ناوچەکە و پێشگیری لە پێدانی سەرچاوەی دارایی سوپا بۆ کارە شەڕانگێزەکانی گروپە میلیشیاکان لە ناوچەکە. ئێمە پێویستە کە کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ پرۆتستۆکردنی هەنگاوەکانی دژەمرۆڤایەتیی سوپای پاسداران لەگەڵ خۆماندا هاوئاهەنگ بکەین. ماک ماستەر هەروەها باسی لە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق کرد و هەمان وتە دووپاتەکانی بەرپرسانی ئەمریکای دووپاتکردەوە، ئەو سەرەتا گوتی: ئێمە پێمان خۆشە کە عێراق ببێتە وڵاتیکی سەقامگیر و لە دەرەوەی سنووری هاوپەیمانانی ئێران. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پاشان گوتی کە عێراق، لوبنان و سووریا چیرۆکێکی هاوشێوەیان هەیە و ئێران بە بەهێزکردنی بوونی گروپە میلیشیاکان بووەتە هۆی هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی لاواز کە هەمیشە پەیوەست بێت بە تارانەوە و ئەگەر هەنگاوێک لە دژی بەرژەوەندیی ئێران هەڵبگرێت، ئەوا ڕووبەڕووی هەڕەشەی هەمان ئەو گروپە میلیشیایانە دەبێتەوە.

### چڕبوونەوە لەسەر سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگای سنووردارکردن و گەمارۆی داراییەوە

ئەم ئامانجەی ئەمریکاییەکان بە سوودوەرگرتن لە ئامراز و سیستەمێک ڕێکدەخرێت کە ئەوان پێشتر لەسەر بەشێک

لەم ڕێکخراوە ئەنجامیانداوە. لە ساڵەکانی ٢٠١٠ و ٢٠١١دا بوو کە هێزی قودسی سوپای پاسداران هەر بەم سیستەمە لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە وەک ڕێکخراوێکی پشتیوانی تیرۆریزم دانرا و پێشتریش ئەمریکاییەکان ئەو کارەیان کردبوو.

### گەمارۆ قورسە نێودەوڵەتییەکان

دەبێت لە قسەکانی ناتانیاهۆدا بەدوای دڵەڕاوکێی ئەمریکاییەکاندا بگەڕێین بۆ پەستان خستنەسەر سوپا، لەوێدا کە دەڵێت: بڕیاری ئەمریکا بۆ دانانی گەمارۆی نوێ لەسەر سوپای پاسدارانی ئێران جێی دەستخۆشییە، هەروەها دەڵێت: ئاشکرایە کە دەبێت لە بڕیاری سەرۆک کۆماری ئەمریکا بۆ دانانی گەمارۆ دژی سوپا پشتیوانی بکرێت. سوپا باسکی سەرەکیی ئێران لە برەودان بە تیرۆریزمە لە سەرانسەری جیهاندا و بەدڵنیاییەوە فراوانکردنی هێرش لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

### دانانی هەموو سوپا لە لیستی پشتیوانانی تیرۆریزم

ئەم بابەتە بەو ئامانجە چووەتە نێو بەرنامەی کاری ئەمریکاییەکان کە ئابووریی وڵات بەدەست بابەتی زیادبوونی پەستانەوە گیرۆدەیە، ئەمەش واتە گەیاندنی کۆمەڵگە بە خاڵی نارەزایەتیی ناوخۆ لە سیستەمی سیاسی، تاکو لەڕووی ناوخۆوە کۆمەڵگە ئامادەی گفتوگۆی سەرلەنوێ ببێت لەگەڵ ئەمریکاییەکان.

### هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی ئەوروپاییەکان بۆ گەمارۆی ئابووریی سوپا

یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی ئەمریکاییەکان، ئەوەیە کە لەسەر بەرنامەی ناوچەیی و دەسەڵاتی ناوچەیی ئێران و بابەتی مووشەکیی ئێران، ئەوروپاش لەگەڵ خۆیاندا بکەنە هاوڕێ و بەگشتی هەوڵبدەن فەرمانڕەوایی ئێران دابەشبکەن بۆ دوو بەش و بە هۆی ئەم بابەتەوە پەستان دابنێن، تاکو دەستکەوتێکیان دەست بکەوێت. ئەو بابەتانەی کە لەم دواییەدا لەلایەن ئەوروپاییەکان و بەتایبەت لە گفتوگۆ تەواوکەر و ڕێکەوتنە لاوەکییەکاندا باس دەکرێت، لە ئاڕاستەی ئەم ئامانجەدایە.

### هەوڵدان بۆ گەمارۆدانی ناوخۆی سوپا: لە ڕێگای چالاکردنی سەرلەنوێی تواناکانی وەک "FTAF"، بە یارمەتیی ڕەوتی دزەکردوو

"سیگال ماندلکەر" جێگری وەزیری خەزێنەی ئەمریکا، لە دانیشتنێکدا هەڕەشە و گەمارۆکانی ئەمریکای دژی ئێران بەم شێوەیە باسکرد: "یەکەم: پووچەڵکردنەوەی چالاکییە ئاژاوەگێڕییەکان و کۆنترۆڵکردنی هێرشەکانی ئێران لە ناوچەکە و پشتگیرییەکانی لە گروپە میلیشیاکان". ئەم بابەتە چالاکییەکانی ئێران لە سووریا و پشتگیری لە حیزبوڵڵا لە لوبنان و حەماس لە غەززە و حەشدی شەعبی لە عێراق لەخۆ دەگرێت، کە هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکەن. دووەم: پێشگیری لە گەیشتنی

سەرچاوەی دارایی لە ئێران و سوپای پاسدارانەوە بۆ چالاکی لە ناوچەکە. سێیەم: ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تواناکانی ئێران لە هەڕەشەکردن لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بە سوودوەرگرتن لە مووشەکی بالیستی و چەکە نوێیەکانی دیکە. چوارەم: بەستنی هەموو ڕێگاکان لەبەردەم ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ناوەکیی. ئەو لە بەردەوامیدا گوتی کە بڕیاری ئەمریکا بۆ پشتگیری نەکردن لە ڕێکەوتنی ناوەکیی، ئەو مۆڵەتە دەدات بە دەوڵەت و کۆنگریس تاکو بە شێوەیەکی تەواو هەڕەشەکانی ئێران و کەموکووڕییەکانی ڕێکەوتنی ناوەکیی باس بکەن. ماندلکەر گوتی کە بە پشتگیری نەکردنی ڕێکەوتنەکە، ئەمریکا لە بەڵێنەکانی لەبەرامبەر بەرجام لای نەداوە و هێشتا وەک لایەنێک پابەندی ڕێکەوتنەکەیە.

ئەو لە شیکردنەوەی ڕۆڵی وەزارەتی خەزێنە لە ستراتیژی نوێی ئەمریکا دژی ئێران، گوتی: لە ماوەی دە مانگی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی دەرەوەی ئەم وەزارەتخانەیە، حەوت قۆناغ گەمارۆی داناوە کە بریتییە لە حەفتا و دوو ئامانج لە چین، ئێران، لوبنان و ئۆکراین، کە پەیوەندیی بە سوپا، بەرنامەی مووشەکی ئێران و ژێرپێخستنی مافی مرۆڤەوە هەیە. جێگری وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا دووپاتی کردەوە کە ئەم دەزگایە تەنیا بە کردنە ئامانجی سوپا ڕازی نابێت، بەڵکو ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی دیکە کە برەو بە ناسەقامگیری دەدەن و پشتگیریی تیرۆریزم دەکەن، دەخاتە ژێر گەمارۆکانەوە.

### چەکداماڵینی ستراتیژی کۆماری ئیسلامیی ئێران (بەتایبەت لە بواری مووشەکی بالیستیدا)

یەکێک لەو بابەتانەی لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بووەتە هۆی نارەزایەتیی ڕۆژئاوا، بابەتی قووڵایی ستراتیژی ئێرانە لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیادا. ڕۆژئاوا دەزانێت کە ئێران توانیویەتی نموونەی هاوسەنگیی هێز لە ئاستی ناوچەکەدا تێکبدات و هاوتەریب لەگەڵ ئەو نموونەیەدا، سیاسەتەکانی ڕۆژئاواش هەم لە بوارەکانی هێزی نەرم و هەمیش لە بواری هێزی فیزیایی و قورس بگۆڕێت و لەبەر ئەمە بەدوای گۆڕانکاریی ستراتیژی و تاکتیکی ئێرانەوەیە لە ناوچەکە. لە نامە ماڵئاواییەکەی جۆن کێرییدا، ئەم بابەتە بەڕوونی باسکراوە کە ئەمریکاییەکان پرۆژەی ناوەکیی ئێرانیان لە سەردەمی ئۆبامادا گەیاندووەتە دەرەنجام و ئێستاش نۆبەی پرۆژەکانی دیکەیە، وەک بوونی ئێران لە ناوچەکە و بەرنامەی مووشەکی ئەو وڵاتە و چەکداماڵینی ئێران بە ئامانجی وەرگرتنەوەی دیسپلینی خوازراوی ئەمریکاییەکانە لە ناوچەکە.

### داخرانی پردی پەیوەندیی تۆڕیی ناوچەیی ئێران (هێڵی بەرگریی)

جموجووڵەکانی ئەمریکا لە سنوورەکانی سووریا و عێراق، هەوڵی عەرەبستان و ئەمریکا بۆ ڕاکێشانی هەڵکەوتووانی شیعە و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی ڕۆڵی هێزەکانی

خەڵکی لە عێراق، هەمووی لە ئاڕاستەی پەراوێزخستنی هێڵی بەرگری و لەناوبردنی ئەو هێڵی پەیوەندییەدا دانراوە. ئەمریکاییەکان بەباشی ئاگاداری کاریگەری و ڕۆڵی ئەو هێڵی پەیوەندییە هەن، بۆیە بە سوودوەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی خۆیان، هەوڵ دەدەن ئەم پەیوەندییە نەهێڵن، تاوەکو ئێران قووڵایی دەسەڵاتی خۆی لەدەست بدات.

### ناچارکردنی ئێران بۆ ئاشکراکردنی توانا سەربازییەکانی خۆی

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکان کە بەتایبەت ئەمریکییەکان مەبەستیانە، ئەوەیە کە زانیاری لەسەر شوێن و توانای سەربازیی ئێران بەدەستبهێنن. ئەو مشتومڕەی کە لەم دواییەدا بووە هۆی ئەوەی کە فەڕەنسا لە گفتوگۆ تەواوکەرەکاندا بێتە دەنگ، بەم بابەتە دەستیپێکرد کە فەڕەنسییەکان گوتیان گفتوگۆ دەتوانێت لەسەر چاودێریکردنی شوێنە سەربازییەکانی ئێران تەواو بکرێت.

ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە ئەمریکییەکان سەرلەنوێ خەریکی دووپاتکردنەوەی هەمان سیناریۆن کە لەسەر بەرجام جێبەجێیانکرد. قسەکانی ئەم دواییە کە لەسەر بەندی "T"ی بەرجام کراوە، دەچێتە هەمان چوارچێوەوە. بەندی "T"ی بەرجام بەندێکە کە پاشکۆکانی بەرجام لەخۆ دەگرێت. ئەم بەندە بە شێوەیەکی زۆر گشتگیر و تا ڕادەیەک بێسنوور دەڵێت کە ئێران نابێت لە بوارەکانی توێژینەوەی پەیوەست بە بەرنامەی ناوەکیدا ئەسپی خۆی تاو بدات. بابەت و ئامانجی ئەم بەندە ئەوە نییە کە مۆڵەتی چاودێری لەسەر چالاکییە چاودێرییەکانی مۆڵەتپێنەدراو بۆ ئاژانس بەفەرمی بناسێت، بەڵکو پلانێکی گشتییە کە لەناو سیستەمی خەملاندن و چاودێری و شێوازەکانی ناو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە. ئەمریکییەکان بە پشتبەستن بەم بابەتە، هەوڵدەدەن تاکو پیشانیبدەن کە ئێران پابەند بووە بە دەستوەرنەدان لە کاروباری چاودێریی ئاژانس، تاکو بە سوودوەرگرتن لەو بابەتە، بابەتی چاودێری لەسەر شوێنە سەربازییەکان بهێننە پێشەوە.

"هێربێرت مەک ماستەر" ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، لە کۆبوونەوەی ئاسایشی نەتەوەیی دەزگای بەرگریی لە دیموکراسی، لە وەڵامی ئەم پرسیارە کە پێشکەشکارەکە پرسی: کێشەی بەرجام چییە؟ وەڵامیدایەوە: من بەوە ناڵێم بەرجام، پێیدەڵێم خراپترین ڕێکەوتنی مێژوو. ئەو دەستکەوتانەی ئێران لەم ڕێکەوتنە بەدەستیهێنا، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی هاوسەنگ نییە. ئێران لەبەرامبەر ئەو لێشاوە پارە کە بەرەو ئەو وڵاتە نێردرا، چی کرد؟ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە شیکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی ئەمریکا لە بەرجام، گوتی: قسەی سەرەکی بە کۆتاییهاتنی بەرجامە کە

پێویستە تاوتوێ بکرێت و بەندی "T"یش پێویستە جێبەجێ بکرێت، واتە پشکنینەکان پێویستە ئەنجامبدرێن. ئەو لە وەڵامی پرسیارێکدا لە بارەی هەڵوێستی ئەوروپاییەکان لەبەرامبەر بەرجامدا، گوتی: وای بۆ دەچم کە ئەوان خەریکە دەستدەکەن بە هاوکاری. هەنگاوەکانی هاوپەیمانانی ئەوروپایی و کەنەدا بۆ بەهێزکردنی ئاژانسە. دەبینیت کە دژی ئەو قسەی ئێران دەوەستنەوە کە دەڵێت "ناتوانیت ئەو کارە ئەنجام بدەیت". مەک ماستەر لە درێژەی وتەکانیدا ڕەخنەی لە چۆنیەتی جووڵانەوەی یاسایی وڵاتەکەی خۆی لەگەڵ بەرجام گرت و گوتی کە کۆنگرێس نابێت بۆ بەرێوەچوونی کارەکانی ناوخۆی کاربەدەستانی ئەمریکا ڕاپۆرت ئامادەبکات، بەڵکو پێویستە هەنگاوێک لە ئاڕاستەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خاڵە لاوازەکانی بەرجام و سوودوەرگرتنی یەکلایەنە لە توانای ئەمریکا لە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوەکیی هەڵبگرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران. ڕاوێژکاری ئاسایشی ئەمریکا لە کۆتایی وتارەکەی لە بەشی بەرجامدا، گوتی: ئەم ڕێکەوتنە لە بنچینەوە کەموکورتیی هەیە کە سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ چاکسازیی ئەو ڕێکەوتنە لە ئاڕاستەی بەرژەوەندیی ئاسایشی خەڵکی ئەمریکا.

ڕیابکۆف لەم دواییەدا گوتوویەتی: گەیشتن بە هەندێک بابەتی ساختە، وەک چالاکیی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوەکی لەسەر بەندی "T"ی بەرجام کە پەیوەستە بە دامەزراوە سەربازییەکانی ئێرانەوە، بە هیچ شێوەیەک بۆ ئێمە گرنگ نییە و هەر چەند کە بەشێکە لەو بابەتانەی کە ئێستا قسەی لەسەر دەکرێت. مۆسکۆ بە شێوەیەکی تایبەت پێداگرە کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوەکیی مۆڵەتی ئەنجامدانی پشکنینی لەو شێوەیەی نییە و ناتوانێت بەرپرسیاریەتییەکی لەو چەشنە لەئەستۆ بگرێت، چونکە بەندی "T" باس لە بابەتی دەرەوەی سنووری کارەکانی ئاژانس دەکات. تایبەت بە بەرنامەی مووشەکی ئێران، هەندیك لە هاوتاکانمان وایان پێ باشە بابەتەکە بە پێچەوانەی ڕاستی پیشانبدەن، ئێمە ناتوانین ئەوان ناچار بکەین کە لەم لۆژیکە ئاشکرا و ڕاستیانە تێبگەن. وا دەردەکەوێت کە هەوڵ و سەرکێشیی ئەوروپییەکان لەسەر پشکنینی شوێنە سەربازییەکانی ئێران، تا ڕادەیەکی زۆر توند بووبێتەوە کە ڕیابکۆف بە گلەییکردن لە ئەوروپییەکان دەڵێت کە: لەبەرئەوەی کە ئەوان پێداگرن لەسەر ئەم بابەتە، ئێمەش دەڵێین کە ئەگەر ئێوە ناتوانن بەبێ باسکردنی ئەم بابەتە بڕۆنە پێشەوە، وا باشترە کە ئەو بابەتە لە دانیشتنەکانی داهاتووی کۆمسیۆنی هاوبەشدا باس بکەن. ئەگەر لایەنەکانی دیکەی بەرجام حەزیان بە باسکردن لەسەر ئەم بابەتە هەیە، مۆسکۆش ئامادەیە تاکو هەڵوێستی خۆی بخاتە بەر باس.

### ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکراتری سەربازیی ئەو وڵاتە عەرەبییانەی کە دژی سیاسەتەکانی ئێرانن

بە شێوەیەکی باو، هەڵکەوتووان و خەڵکی عەرەب لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئەمریکا، کاریگەریی نابێت لەسەر سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەگەڵ ئەوەشدا، بڕیاری جۆرج بۆشی کوڕ بۆ هێرشکردنە سەر عێراق و برەودان بە بانگەشەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بێگومان دەرەنجامێکی پێچەوانەی هەبووە و بووەتە هۆی گەشەکردنی تیرۆریزم، هەروەها میراتێکی لەو شێوەیەی سووریا لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئۆباما، سەلماندوویەتی کە سیاسەتەکانی سەرۆک کۆمار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر جیهانی عەرەبیی هەیە و لەم ئاڕاستەیەدا هاتنەمەیدانی ئەمریکا ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت. لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر پەیوەندیی سەرۆکەکانی عەرەب لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان، پەیوەندییەکی نزیکتری ئەوان پیشاندەدات لەگەڵ سەرۆکانی کۆماریخوازی وەک ڕۆناڵد ڕیگان و جۆرج بۆشی باوک و کوڕ، لەچاو سەرۆک کۆمارە دیموکراتەکانەوە، چونکە سەردەمی سەرۆکایەتیی کۆماریخوازەکان؛ شەڕی دووەمی کەنداو، ڕووخانی سەدام و... ئەنجامدراون کە زۆربەیان لەسەر داوای فەرمانڕەوا عەرەبەکان بووە. وا دەردەکەوێت کە پێداگریی ئەمریکا لەسەر دەستوەرنەدانی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکراتری وڵاتانی عەرەبیی دژ بە سیاسەتی ئێران لە چوارچێوەی شەڕی لەباتی و یان تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ زیاد بکات. پەیوەندیی عەرەب و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لەدوای ناکۆکی لەسەر سووریا، عێراق، بەحرەین و یەمەن، سەرەتا ڕوو لە ساردی و ئێستاش زۆر گرژ بووە. بە بۆچوونی خەڵکی عەرەب، پاش وازهێنانی بێرنی ساندێرز لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، دۆناڵد ترەمپ بژاردەیەکی گونجاوتر بوو لەچاو کلینتۆنەوە، ئەوەش بە هۆی پشتگیری خاتوو کلینتۆن بوو لە هێرش و داگیرکردنی عێراق و ڕۆڵی ئەو لە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بنغازی و ڕەتکردنەوەی پێشنیاری پشتگیری بۆ بوونە ئەندامی فەڵەستین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵانی ڕابردوودا. ئەگەرچی ترەمپیش بە هۆی هەڵوێستەکانی سەرەتای خۆیەوە لە پەیوەندی لەگەڵ قەدەغەکردنی چوونەناوەوەی موسوڵمانان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێرشکردنە سەر دایک و باوکی سەربازێکی موسوڵمانی ئەمریکایی؛

کەوتبووە بەر تووڕەیی خەڵکی عەرەبەوە، بەڵام بانگەشەی ئەو بۆ نێوەندگیری لە گفتوگۆکانی نێوان ڕژێمی زایۆنی و فەڵەستینییەکان و دژایەتیی شەڕی عێراق، لەبەرئەوە کە دەبێتە هۆی فراوانبوونی ناوچەی چالاکیی ئەلقاعیدە و دروستبوونی گروپی تیرۆرستیی نوێی وەک داعش و هەروەها پێویستیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم گروپە تیرۆرستییانە و گرنگتر لە هەمووشی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێران سەبارەت بە عەرەبەکان، لەناو جیهانی عەرەبدا ئەوی خۆشەویست تر کردبوو. لە لایەکی دیکەوە، هەڵوێستی ئەو سەبارەت بە پێویستیی هێشتنەوەی بەشار ئەسەد لەسەر دەسەڵات و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گروپە دژبەرەکانی حکومەت کە دەبێتە هۆی بەردەوامیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سووریا، دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی وڵاتانی عەرەبی دژ بە سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بواری سەربازیی لە داهاتوویەکی نزیکدا. هەروەها ڕوانگەی ئەو لەسەر پێداچوونەوە بۆ گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیی، بەتایبەت سعودییە، بەو مەرجەی کە ئەوان ڕۆڵێکی چالاکتر لە بواری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توندڕەوی ئیسلامی لەئەستۆ بگرن. یەکێکی تر لەو بەڵگانەی کە پیشانی دەدات عەرەبەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی ڕوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا وەردەگێڕن و ڕوو دەکەنە تواناکانی یەکگرتنی عەرەبیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران. بۆچوونەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ترس لە ئیسلام، لەلایەن هەندێک لە ڕێبەرە عەرەبەکان کە لە دەسەڵاتی شۆڕشی ئیسلامی زۆر دەترسن، بە شێوەیەکی لاوەکی کەوتووەتە بەر گرنگیپێدان. بۆ نموونە؛ ڕژێمەکانی ئالی خەلیفە لە بەحرەین و ڕژێمی ئال سعود لە عەرەبستانی سعودی و ئەلسیسی لە میسر (ئیخوان موسلمین)، هەموویان خۆیان گیرۆدەی دژایەتیی ئەو گروپە ئیسلامخوازانە دەبینن کە بە ڕێژەیەکی زۆر بۆچوونەکانی ئەوان وەرگیراو بووە لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بووە و بە چەشنێک دەتوانن سوود لە بەرنامەکانی ئەمریکا وەربگرن بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە ئیسلامییە خەڵکییەکان لە وڵاتانی خۆیان.

### ئەنجام

سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران، ئەوەی کە جێی نیگەرانییە بەرجام نییە، بەڵکو ئەگەری دانانی گەمارۆی زیاترە لە بوارەکانی دیکەدا، وەک مووشەکی بالیستی یان توندکردنەوەی گەمارۆکانی مافی مرۆڤ، هەروەها ئەمریکا لە جموجووڵە تازەکانی بەدوای گەمارۆی زیاترەوە بووە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەبەرئەوەی کێشە دروستکردن، یان بێکاریگەرکردنی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان کە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری پێشوو بەڵێنی پێدراوە، لە سەردەمی سەرۆک کۆماری نوێ لە شێوازی سیاسەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکاندا بێوێنە بووە. پێویستە دووپات بکرێتەوە کە ستراتیژی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو تەنیا شێوازە لەوانەیە جیاواز بن. لە ڕاستیدا ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لە هەر ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردن و دەستەمۆکردن و لێدانی شۆڕشی خەڵکی ئێران، ئەوپەڕی سوودی وەرگرتووە. کە وابوو لەم ڕووەوە پێویستە هاتنەسەرکاری ئەمریکا بە یەک گۆڕانکاریی هێڵی سیاسی دابنرێت، نەک گۆڕانکارییەکی ستراتیژی. شینەکردنەوەی وردی بەرنامەکان لەلایەن ئەمریکاوە لە ناوچەی کەنداوی فارس، لەلایەن هەندێکەوە بە هۆی پاراستنی تواناکان، وەک "پێشبینی نەکردن"ی ویلایەتە یەکگرتووەکان دانراوە. لە ڕاستیدا ئەمریکا لە ئەنجامنەدانی گفتوگۆکانی تایبەت بە ئاسایش لە ئاستی وڵاتانی عەرەبیی، ئەوپەڕی سوودی وەرگرتووە و بەو هەڕەشەی کە لەسەر دروستکردنی کێشە بۆ بەرجامی دەکات، گفتوگۆیەکی جێگرەوەی ئاسایشی لە ئاستی وڵاتانی عەرەبیی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دروستکردووە. هەروەها بۆچوونی ئەمریکا لەسەر پیاچوونەوە بەسەر گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیی، بەتایبەت عەرەبستانی سعودیا، بە مەرجێک کە ئەوان ڕۆڵێکی چالاکتر لە بواری تێکۆشان دژی توندڕەویی ئیسلامیی لەئەستۆ بگرن، یەکێک لەو ئاماژانەی کە دەتوانێت بە پشتبەستن پێی، ببینێت کە عەرەبەکان تا ڕادەیەک ڕوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا وەربگێڕن و ڕوو بکەنە توانای یەکگرتنی عەرەبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران. ڕوانگەکانی ئەمریکا دژی ترس لە ئیسلام لەلایەن هەندێک لە سەرۆکە عەرەبەکان کە لە دەسەڵاتی شۆڕشی ئیسلامیی زۆر دەترسن، بە شێوەیەکی لاوەکی گرنگیی پێدراوە. بۆ نموونە؛ ڕژێمەکانی ئالی خەلیفە لە بەحرەین، ئالی سعود لە سعودیا، ئەلسیسی لە میسر (ئیخوان موسلمین)، هەموویان خۆیان گیرۆدەی تێکۆشان دژی گروپە ئیسلامگەراکان دەزانن کە تا ڕادەیەکی زۆر بیروبۆچوونەکانیان لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران وەرگرتووە، بە چەشنێک دەتوانن لە گفتوگۆکانی ئەمریکا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە ئیسلامییە خەڵکییەکان لە وڵاتانی خۆیان سوود وەربگرن.

# لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی پەرتەوازەیی و ڕووبەڕووبوونەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیا[1]

جەعفەر پارسایی
وەرگێڕانی: جەواد حەیدەری




(١) ناونیشان فارسی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە واکاوی عوامل واگرایی و تقابل در روابط ایران و عربستان) فصلنام سیاست خارجی سال سی و پنجم، شمار ١، بهار ١٤٠٠ ، صص ٨٣-١١٤

## پوختە

ئێران و سعودیا وەك دوو وڵاتی کاریگەر لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژووی هەڵسوکەوتی خۆیاندا پەیوەندییەکی هەوراز و نشێویان لە میتۆدی پێکەوەژیان و ململانێ و بەریەککەوتندا تێپەڕاندووە. هەروەك چۆن بەر لەشۆڕشی ئیسلامی ئێران لە پێناو پێویستی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە، ناچار بە هاوکاری بوون بۆ لە ناوبردن هەڕەشەکان و گرەنتی مانەوەی سیستەمی پاشایەتی خۆیان بوون، بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕش و، دەرچوونی ئێران لە پێکهاتەی جوگرافیای سیاسیی ڕۆژئاواییەکان بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکانی ئەوان لە بوارە جیاوازەکان لە کەنداو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیهانی ئیسلام و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بەریەك بکەونەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ساڵانی ڕابروودا بە تایبەتی لەدوای ڕووداوەکانی ٢٠١١ جیهانی عەرەبیی بە خراپترین شێوە بەرەنگاری یەکتر بوونەتەوە. لەمڕووەوە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ لەسەر ئەوەیە کە بە ناساندنی وردی هۆکاری پەرتەوازەیی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ڕیاز، درکێکی دروست لە ڕیشە و هۆکاری سەرهەڵدانی قەیران و هۆکاری سەرهەڵدانی دۆخی هەنووکەیی و بەردەوامبوونی قەیران لە نێوان دوو وڵات وەك یەکێك لە ئاڵۆزترین قەیرانە ناوچەییەکان تێبگەین. دەستەکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە دەرکەوتنی بەرەنگاربوونەوە و دووركەوتنەوەی ئێران و سعودیا هەمیشە هەڵقوڵای سێ هۆکاری ئایدیۆلۆژیا و جوگرافیای ئابووری و جوگرافیای سیاسی بووە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و لە ڕەوتی پێشهاتەکانی وشیاری و بێداری ئیسلامیی و بە ناوچەیی بوونی قەیرانە ناوخۆییەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا، تێکهەڵچوون و لەیەك دووركەوتنەوە لەنێوان ئێران و سعودیا ڕووی لە زیادبوون کردووە.

## بەرایی

تاوتوێکردنی مێژووی هەڵسوکەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و سعودیا دەرخەری ئەوەیە کە ئەو دوو وڵاتە پەیوەندییەکی پڕ لە هەوراز و نشێویان لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابردوودا هەبووە. ڕێژە و ئاستی ئەم پەیوەندییانە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو جیاواز بووە و هەمیشە لەنێوان مۆدێلی پێکەوەژیان و ململانێ و بەرەنگاربوونەوە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. بەر لە شۆڕشی ئیسلامیی، هەردوو وڵاتی ئێران و سعودیا لەژێر ئاڵای سیاسەتی دوو ستوونی " نیکسۆن-کیسنجەر" ناچار بە هاوکاریکردن بوون بۆ لەناوبردنی هەڕەشە هاوبەشەکان، بەڵام بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی و دەرچوونی ئێران لە پێکهاتەی جوگرافیای سیاسی ڕۆژئاواییەکان، بووە خۆی ئەوەی کە لەهاوکێشە ستراتیژییەکانی ناوچەکە بە تایبەتی پەیوەندی تاران و ڕیاز گۆڕانکارییەکی

بنەڕەتی دروست ببێت.

لەوەها فەزایەکدا ئایدیۆلۆژی سیاسی و شۆڕشگێڕی شیعە ڕووبەڕووی ئایدیۆلۆژی سوننە و وەهابی سعودیا بۆتەوە و زەمینەی بۆ تەکینەوە و دوورکەوتنەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی ئێران و سعودیا ی فەراهەمکردووە. سەرەڕای ئەوەش لە هەندێك لە قۆناغەکان شاهیدی پەرەسەندنی پەیوەندییەکان و گرژی سڕینەوە لە نێوان هەردوو وڵاتدا بووین، بەڵام هەمیشە ڕێژەیەك لە ململانێ و دوژمنایەتییەکی ئاشکرا لەنێوان هەردوو وڵات بووە کە هەڵقوڵاوی شوناسێکی جیاوازی" ئێرانی–عەرەبی" و ململانێی ئەوان لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەو ململانێ و پێشبڕکێ لێکدژانە لەم ساڵانەی دواییدا و بە سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا قاڵبێکی نوێ لەخۆ گرتووە و بۆتە هۆی مشتومڕ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەوان، بەشێوەیەك کە لە ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانە هەرکامیان هەوڵدەدەن تا بەرژەوەندی خۆیان لەڕێگەی سنووردارکردنی بەرژەوەندی ئەوی تر دابین بکەن.

## هۆکاری دروستبوونی قەیرانەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و سعودیا

چاوخشاندنێك بە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و سعودیا ئەو بابەتەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەم دوو وڵاتە لەبواری تایبەتمەندییەکانی ئایدیۆلۆژی، جوگرافیای ئابووری و جوگرافیای سیاسی دوای شۆڕشی ئێران ناکۆکییەکی زۆریان هەبووە. ئەم ناکۆکیانە بەهۆی هەندێك ئاڕاستەی پەیوەندی دەرەوەی ئێران لە ئاستی ناوچە، بە تایبەتی بانگەشە بۆ ئیسلام لەسەر بنەمای شیعەگەرایی، بەرهەڵستکاریکردنی لەبەرامبەر بوونی ئەمریکا لە کەنداو، بەرفراوانبوونی دەستڕۆیشتی گروپە شیعەکانی بەرهەڵستکار لە وڵاتانی دراوسێ، هەروەها ڕکابەری لەگەڵ سعودیا لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە کەلێنەکانی ناوچەی کەنداو. لەبەرامبەردا هەنگاوەکانی سعودیا بۆ پەرەپێدان بە دەستەگەرایی لە جیهانی ئیسلامدا بە ئامانجی ترس لە ئێران و شیعە، هاوکاریکردنی ئەمریکا لە هێرشکردنە سەر تەبەس ( ناوچەیەکی ئێران) پشتیوانی دارایی و زانیاری لەسەدام حسێن لە شەڕی ئێراندا، کوشتنی حەجاجەکانی ئێران لە مەککە لەساڵی ١٩٨٧، ئامادەیی و هەڵویستی لە ئەنجومەنی هاریکاری لە کەنداو لە دژی ئێران و هەندێك پرسی ورد و درشتی دیکە، دەرفەتیان بۆ پاشەکشەکردن لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و ڕیاز ڕەخساند. هەرچەند دوای ئەم قوناغەی پاشەکشە لە ساڵەکانی ١٩٩٠ پەنایان بردە بەر سڕینەوەی ناکۆکییەکان، پێکەوەژیان و لە ئەنجامدا هاوکاری و ململانێ. بەڵام دوای ئەوە ئەم دوو دراوسێ گەورەیە هەمدیسان پەنایان

بردە بەر ململانێی توند و پاشەکشەکردن لە پەیوەندییەکانیان لە ئاستی ناوچەکەدا کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بەرفراوانتر بووە. هەمیشە ئەو ئاڕاستە پاشەکشەخوازانە لەسەر بنەمای ستراتیژییە درشتەکانی سیاسەتی دەرەوەیان بووە کە بە درێژایی چەندین دەیە فۆڕمی بە سنوور و چۆنێتی ڕەفتاری هەردوولایەن داوە. سیاسەتی دەرەوەی ئێران گرنگترین بازنەی نێوانگیری شۆڕشی ئیسلامیی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا کە هەڵگری پرەنسیب گەلیکی وەکو پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی و چوارچێوەی وڵات، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ وڵاتان لەژێر ناوی دژی ستەم و چەوسانەوە، بەکارهێنانی ستراتیژی هاوسەنگی نەرێنی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ موحافزەکاری دەسەڵاتدارانی عەرەبی ناوچەکە. لەچوارچێوەی ئەم ستراتیژییەدا هەوڵدەدات لەڕێگەی تێکدانی ڕێوشوێنەکانی ناوچەکە، ڕێکارییەك کە فۆڕمی وەرگرتووە گۆڕیوە و بەپێناسەکردنی ڕۆڵێکی نوێی ناوچەیی و دیزاینکردنی چوارچێوەیەکی ئاسایشی نیشتمانیی و ناوچەیی و جیهانیی، لەناوچەکەدا ئایدیا و ئامانجە شۆڕشگێڕییەکانی دەستەبەر بکات.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی سعودیا کە لە دەوری بنەماڵەی ئالی سعود دروستبووە و بەردەوام بووە، خاوەنی ستراتیژی دیاریکردووە و ئەولەوییەت بە پێی گرنگی بریتیە لە: نیمچەدوورگە، جیهانی عەرەبیی، جیهانی ئیسلام و سیستەمی نێودەوڵەتی. ئەم وڵاتە لەپێناو پرەنسیبی سیاسەتی دەرەوەی هاوکات لە سێ ئاستدا بەشێوەی چالاك کاردەکات، لە ئاستی نێودەوڵەتی کە لەژێر کاریگەری ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا بووە، ڕۆڵی سعودیا وەك هێزێکی گەورەی نەوتی گرنگە. لە ئاستی ناوچەییدا، سەرقاڵی یاری هاوسەنگی هێز لەناو دراوسێکان، بە تایبەت ململانێ لەگەڵ ئێراندا و لەئاستی نیمچەدوورگەش لەبەرامبەر شانشینە بچووکە عەرەبەکانی ناوچەکە ڕۆڵی برای گەورە و هێزی باڵادەست دەگێڕێت. سعودییەکان لەپێناو ئەم چوارچێوە و ڕەوتەکانی پێشوو هەمیشە هەوڵیانداوە لەڕێگەی پاراستنی دابەشکردنی هێز لەناوچەکەدا و هەروەها هاوپەیمانی لەگەڵ ئەکتەرە عەرەب و ناعەرەبەکان، سیاسەتە موحافزەکارەکانی خۆی بپارێزێت بە شێوەیەك کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانە هەوڵیانداوە بەجێبەجێکردنی سیاسەتێکی دەرەوەی ئەمنی و بەرژەوەندیخوازانە نائەمنی لەو وڵاتانە دروستبکەن کە سیاسەت و ڕێبازیان لەپێناو سیاسەتەکانی ڕیازدا نییە. لەوەها دۆخێك- کەلەلایەك ئێران بە دوای گۆڕینی دۆخی ناوچەکە و لەلایەکی دیکەوە سعودیا لەهەوڵی پاراستنی دۆخەکەدایە – بۆتە هۆی ئەوەی کە ئاڕاستەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیان لەسێ بواری سیاسەتی دەرەوە (ئایدیۆلۆژی، جوگرافیای ئابووری و جوگرافیای سیاسی)

بەریەك بکەون و لە ئەنجامدا لە ناوچەکەدا بە دوای ستراتیژی ئەمنی جیاواز و دوولایەن بن. بە تاوتوێکردنی ئەم هۆکارانە هەوڵدەدرێت وێنەیەکی ڕوون لە بۆچێتی ئەم سیاسەتەی دەرەوە پێشکەش بکرێت.

### قەیرانی ئایدیۆلۆژی

بە شیکاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و سعودیا لەم خاڵە تێدەگەین کە لەڕابردوودا پەیوەندی و هەڵسوکەوتی ئەوان لەژێر کاریگەریی ئاڕاستە ئەمنی و ئایدیۆلۆژیانە تووشی گۆڕانکاری زۆر بووە. ئەم ئاڕاستانە لەدروستکردنی ناکۆکی لەنێواندا ڕۆڵێکی تۆخی هەبووە و فۆڕمی بە ئاسۆیەکی گشتگیر بە سیاسەتە ناوچەییەکانی ئەوان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو داوە، بەشێوەیەك کە پەیوەندی ئەوان لەژێر کاریگەریی ئەم بنەمایانە لە قۆناغێکی زەمەنیدا بە تایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی و دوای ئەو دروستبوونی بەرەیەکی بەرگری" جەبهەی مقاوەمە" (عەرەبی- ئێرانی) بەسەرکردایەتی ئێران لەناوچەکەدا ناکۆکی و ململانێ سەختەکانی ئەوانی دەستنیشان کردووە.

لەچەند ڕەهەندەوە دروستبوونی ئەم میحوەرە بۆ سعودییەکان جێی نیگەرانی بووە. یەکەم ئەوەیە کە شۆڕشی ئێران ڕووخانی حکومەتێکی پاشایەتی لێکەوتەوە و ئەم بابەتە دەیتوانی نموونە و زەنگێکی مەترسی بۆ دەسەڵاتدارانی پاشایەتی ناوچەکە بە تایبەتی بۆ بنەماڵەی ئالی سعود بێت. دووەم هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی ئێران لەژێر ناوی هەناردەکردنی شۆڕش، سیرەی لەهەموو جیهانی ئیسلام بە شیعە و سوننەوە گرتبوو و ئەم ئاڕاستەیە مەترسی لەلای سعودییەکان لێکەوتەوە. سێهەم، خەونی " ام القرا" بوونی ئێرانی شیعە بۆ سعودییەکان کە خۆیان بە ڕێبەری جیهانی ئیسلام لە قەڵەمدەدا، زۆر قورس بوو. چوارەم، شۆڕشی شیعەی ئێران بووە هۆی وشیاربوونەوەی شیعەکان لە جیهاندا، تەنانەت لە سعودیاش. لەبەرئەوەی سعودییەکان هاوبەشی ستراتیژی ئەمریکا لەناوچەکە بوون، بە ناچاری شۆڕشی دژە ئەمریکایی ئێران ڕووبەڕووی دوژمنایەتییەکی زۆر بۆتەوە. بەهۆی ترس لە هەناردەکردنی شۆڕش و دەرئەنجامە پێکهاتە شکێنەکان بۆ حکومەتە نەریتخوازەکان پەنایان بردە بەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەشێوەیەك کە بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵ و دەسەڵاتی ئێران کەڵکیان لە ئامرازگەلێکی وەکو یاری لەچوارچێوەی ڕێسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگرت، ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل، هاندانی دراوسێکانی ئێران بۆ بانگەشە لە خاکی ئێران، بانگەشەکردن بۆ پرۆژەی ترس لە ئێران، پشتیوانی دارایی و سەربازیی لە تیرۆریزمی تەکفیری و، هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕاپەڕینی ئازادیخوازی لەوڵاتانی ناوچەکە

بۆ شەڕی ئایدیۆلۆژی شیعە و سوننە.

هەرچەندە ناکۆکی ئایدیۆلۆژیایی دوو وڵات ڕیشەی لە ڕابردوودا هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدان و دروستبوونی بزوتنەوەکانی ناسراوە بە" وشیاری ئیسلامی" ئاستی بەریەککەوتنی تاران و ڕیاز لە هەموو بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە بەرز بۆتەوە و ململانێ کۆنی ئەوان بۆتە جۆرێك شەڕی سارد لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندا. هەر ئێستا سعودییەکان لە عێراق، لوبنان، بەحرەین، فەلەستین و بە تایبەتی لە سووریا و یەمەن لەڕێگەی پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژیاوە لەگەڵ ئێران تووشی ململانێ و شەڕی بریکارەکانیان بووە و هەوڵدەدەن بە پەرەپێدانی توخمە سەلەفی و وەهابییەکان و دروستکردنی ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە، لەئاستی ناوچەکەدا ڕێگری لەدەسەڵاتی زیاتری ئێران بگرن. بەمەشەوە گرنگترین هۆکارێك کە بۆتە هۆی نیگەرانی زۆرتری سعودیا، ترس لە دروستبوونی هیلالی شیعە بە ڕابەرایەتی ئێران لەناوچەکەدایە. بەشێوەیەك کە ئەوان لەپاساوهێنانەوە بۆ پشتیوانیکردنیان لە گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان لەعێراق و سووریا و یەمەن، هەمیشە هیلالی شیعە دەکەنە دەسکەلایەك، بەم بانگەشەوە کە کۆماری ئیسلامی لەهەوڵی دروستکردنی لەناوچەکەدایە و سعودیاش وەك لایەنگری موسڵمانە سوننییەکان، بەچەکدارکردن و پشتیوانی دارایی گروپە دژە شیعەکان لەهەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی دروستبوونی ئەم هیلالەیە کە تەنها بەرهەمی زەینی خۆیانە. ڕیاز لەکاتێکدا ئەم بانگەشەیە دەکات کە خۆی بە پشتبەستن بە دوو هۆکاری سیاسی ( بەستراوەبوون بەجەمسەری خۆرئاوا) و ئابووری ( پشتبەستن بە پارەی نەوت)، هەوڵدەدات پانتایی پشتیوانی فیکری و سیاسی خۆی جیا لە وڵاتانی دراوسێ لە باشووری ئاسیا و دوورگەکانی زەریای هیند پەرەپێبدات و بە جۆرێك کەشێکی فیکری ڕادیکاڵ پێکهاتوو لە ئیسلامگەرا توندڕەوەکانی سوننە، لە چوارچێوەی گروپە تەکفیری و ئەلقاعیدە لە هەوڵی پێکهێنانی هیلالێکی سوننەیە لەبەرامبەر هیلالی شیعەدا.

### قەیرانی جوگرافیای ئابووری

ئێران و سعودیا بەدرێژایی پەیوەندی دراوسێیەتی خۆیان و تاڕادەیەك لەساڵانی ١٩٥٠، هەمیشە بە چاوی ڕکابەر سەیری یەکتریان کردووە. ڕکابەری دوو وڵات لە بوارە جیاوازەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی پیشاندەری توانای کەمی ئەوانە لە پەرەپێدانی هاوکارییەکان، بەشێوەیەك کە بازرگانیی نێوان دوو وڵات ڕێژەیەکی کەم لەکۆی بازرگانیی دەرەوەیان پێکدەهێنێت و هاوکارییە سیاسی و ئابوورییەکانیان بەشێوەی کاتی ئەویش بە دەستێوەردانی ئەمریکا بووە و لە بنەڕەتدا لە بوارە جیاوازەکانی ئابووری بەشێوەی ڕکابەر

لەدوو بەرەدا کەوتوونەتە دوو بەرەی بەرامبەر. هۆکاری ئەم بابەتەش ئەوەیە کە پرسە ئابووری و سیاسییەکان لە پەیوەندییەکانیان شتێکی نەپساوە بووە و زۆربەی کات لە پەیوەندی و هاوتەریبی یەکتر هەنگاویان ناوە.

دەتوانین بەریەککەوتنەکانی ئەم دوو وڵاتە لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها گۆڕانکاری ناوچەیی و سەروو ناوچەیی لە گۆشەنیگای ئابووریی تەوەرەوە شیکاری بۆ بکەین. یەکەمین ناکۆکی نێوان دوو وڵات لەڕێکخراوەکان بە تایبەتی ڕێکخراوی ئۆپیك، بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن و ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامییە. لەم ڕێکخراوانەدا، ئێران و سعودیا لەسەر بنەمای توانایی و دەسەڵاتێك کە هەیانە، زۆربەی کات بە دوای ئەوەدان کە لەو ڕێکخراوانەدا ببنە ڕابەر و بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە کەڵك لە ستراتیژی بەهێزکردنی خۆ و لاوازکردنی بەرامبەرەکەی وەردەگرن. دووەمین ناکۆکی پەیوەندی بە ململانێی ناوچەیی ئەوان لە وڵاتانی دراوسێ بە داهاتی تاکەکەسی کەمەوە بە تایبەت لە عێراق و یەمەن و سووریاوە هەیە. زۆربەی کات ئەم وڵاتانە خاوەنی ژێرخانی ئابووریی پێویست نین و لەنەبوونی توانای وەبەرهێنان و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو ئازار دەچێژن، بەم بۆنەیەوە دەتوانن بازاڕێکی گەورەی بەرخۆری بۆ کاڵاکانی ئێران و سعودیا بن. بۆیە ئەوان هەوڵدەدەن لەم ناوچانە پەرە بە دەسەڵاتی ئابووری خۆیان بدەن. سێهەمین بواری بەریەککەوتنی ئەوان پەیوەندی بەپانتایی سەرووناوچەیی هەیە. لەم پانتاییەدا وڵاتانی پەرەسەندوو دەتوانن بە وەبەرهێنان و هێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ ئێران و سعودیا ببنە هۆی ئەوەی پەرەسەندن و گەشەی ئابووریی و لەلایەکی دیکەوە ببنە بازاڕێك بۆ فرۆشتنی کاڵا و بەرهەمهێنانەکانی ئەوان. بۆیە هەردوو وڵات بە مەبەستی سوودوەرگرتن لەم بابەتە هەوڵدەدەن لایەنی بەرامبەری خۆی بە نائەمن پێشانبدەن، بۆ ئەوەی ڕێگە لە چوونی وەبەرهێنەران بۆ وڵاتی ڕکابەر بگرن.

لەم نێوەندەدا گرنگترین ناکۆکی جوگرافیای ئابووری نێوان دوو وڵات پەیوەندی بە پرسی وزەوە هەیە. بەسەرنجدان بە گرنگی و ڕۆڵی وزە لە ئابووری سیاسیی تاران و ڕیاز، ئەوان ئەو سەرچاوە سروشتییە وەك چەکێکی بەهێز بۆ لێدانی ئابووری لایەنی بەرامبەر بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانن گوشار لەسەر یەکتر دروستبکەن و ئامانجەکانی خۆیان بەدیبهێنن کە بەرفراوانیکردنی دەسەڵاتیانە لەناوچەکەدا. ئەم لێکدژییە سەرچاوە لە ئاڕاستە هەمبەرییەکانی ئەوان لەپرسی وزە وەردەگرێت، لەبەرئەوەی سیاسەتی نەوتی ئێران لە قۆناغە جیاوازەکاندا لایەنگری کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بووە و ئەم ستراتیژییە نەوتییە لە بەریەککەوتنی لەگەڵ سیاسەتی نەوتی سعودیایە کە هەمیشە

بە دوای جێگیربوونی نرخی نەوتەوە بووە.

لەم ساڵانەی دواییدا بە لەبەرچاوگرتنی گەمارۆکانی کۆماری ئیسلامیی ئەم دوو ستراتیژییە جیاوازە شێوەی بەریەککەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە. توندتربوونی قەیرانی نێوان ئێران و وڵاتانی خۆرئاوا لەسەر چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و قورسترکردنی سزاکانی سەرئێران بە تایبەتی لە بواری نەوتدا بۆتە هۆی سوود وەگرتنی سعودیا و عەرەبەکان لەو بارودۆخەی کە هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ئێراندا ئامانجەکان پێشبخەن و بەرژەوەندییەکانیان پەرەپێبدەن. بەشێوەیەك کە سعودیا لەئاراستەی گوشاری زیاتر بۆسەر ئێران بە هەناردەکردنی زیاتری نەوت، نرخی نەوتی لە بازاڕەکان زۆر دابەزاند. هەروەها هاوتەریب لەگەڵ ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەدا بە دوای ئەوەوەیە کە بۆشایی دروستبوونی وزە بە هۆی گەمارۆکانی سەر ئێران بە ئامانجی زیاتر گۆشەگیرکردنی ئەو وڵاتە دەستەبەر بکات. لەچوارچێوەی ئەو ڕەوتەدا ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ جێگرەوەی نەوتی ئێران بۆ ئەو وڵاتانە ڕاگەیاند کە نەوتی ئێرانیان دەکڕی. لەم ئاڕاستەدا مەلیك سەلمانیش بۆ گۆشەگیرکردن و گوشاری زیاتر بۆ سەر ئێران، بە کەڵك وەرگرتن لە(چەکی نەوت) و بە (دیبلۆماسی بەرتیل) هەوڵدەدات ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبیی لەدژی ئێران لەگەڵ خۆی ڕێکبخات. ئەم هەڵوێستە لە دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکان کە گوشارێکی زۆری لەسەر ئابووری ئێران دروستکردووە، ڕۆڵێکی تایبەتی لە زۆربوونی ناکۆکی و پاشەکشە لە نێوان دوو وڵات هەبووە.

### قەیرانی جوگرافیای سیاسی

زۆربەی ململانێ و بەریەککەوتنەکانی نێوان ئێران و سعودیا شووناسێکی مێژوویی و ستراتیژی هەیە، بەشێوەیەك کە هەمیشە نیشانەگەلێك لە ڕکابەری جوگرافیای سیاسی و ئەمنی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو لەنێوان هەردوو وڵاتدا هەبووە. ئەم ڕکابەرییانە سەرچاوە لە بارودۆخی ستراتیژی باڵادەستی وەردەگرێت کە ئێران تێیکەوتووە. زۆربەی کات لە تیۆرییە نوێیەکانی جوگرافیای سیاسی گرنگی ئێران سەرچاوە لەم ڕاستییە وەردەگرێت، کە ئەم وڵاتە لەڕێگەی کەنداو و دەریای عوممان ڕێگەی بۆ دەریای ئازاد هەیە و خاوەنی ڕێڕەوی تایبەتە لە گەرووی هورموزدا. ئەم باردۆخە ستراتیژییە بۆتە هۆی ئەم وڵاتە لە بواری کۆی هۆکارەکانی هێزەوە خاوەنی تایبەتمەندییەکی دەگمەن بێت. لەبەرامبەردا، بوونی سعودیا لەنێوان دوو ڕێڕەوی گرنگی جیهان ( کەنداو و دەریای سوور) هەرچەندە دۆخێکی جێوپۆلەتیکی تایبەتی داوەتە ئەم وڵاتە، بەڵام کەڵك وەرگرتن لەو دوو ڕێڕەوە ئاماژە پێکراوە بەستراوەتەوە بە پەڕینەوە لە گەرووی هورموز و گەرووی باب المندب،

کە یەکەمیان لەژێر دەسەڵاتی ئێران و ئەوی دیکەیان لەژێر چنگی کۆماری یەمەنە کە هاوپەیمانی ئێرانە. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوەی کە سعودییەکان بە سەرنج پێدان بە گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایانەی ناوچەکە، لە ئاڕاستەی بەرفراوانکردنی ڕکابەری لەگەڵ ئێران و دەرچوون لە بنبەستی جوگرافیای سیاسی چالاکانە کار دەکەن.

لە ڕەوتی ئەم گۆڕانکارییانەدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو بۆتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئێران و سعودیا و ئەوان سنووری جوگرافیای سیاسی تایبەتیان بۆ خۆیان پێناسە و دیزاین کردووە کە نە تەنها بۆتە هۆی دروستبوونی بۆشایی هێز لەنێوان هەردوو وڵاتدا، بەڵکو بەستێنی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بواری ئاسایشی نێوانیان هێناوەتە ئاراوە و کاریگەریی زۆری لەسەر هاوکێشەی هێز و هاوسەنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوە. بەشێوەیەك کە بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی جوگرافیای سیاسی بە تایبەتی لە وڵاتانی عێراق، لوبنان، بەحرەین، فەلەستین، سووریا و یەمەن، دژایەتییەکانی نێوان ئێران و سعودیا توندتر بووە و لە دواییدا بۆتە هۆی دوژمنی سیاسی و سەربازیی بۆ شەڕە نیابەتییەکان ( شەڕی جێگرەوەکان).

ئەم ئاڕاستە هەمبەرانە لە ئەنجامی ڕووداو و گۆڕانکاری جوگرافیای سیاسی لەم دوایانەدا وشیاری ئیسلامی بووە، بۆتە هۆی فۆرم گرتنی هاوسەنگی هێزە ناوچەییەکان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و بە زیانی سعودیا ، بەشێوەیەك کە ئەنجامی ئەو هاوسەنگییە زۆربوونی ڕۆڵ و دەسەڵاتی ئێران لە گۆڕانکارییەکانی عێراق، لوبنان و سووریا و ئامادەبوونی ئێران لەیەمەن بۆتە هۆی زۆربوونی مانۆڕدانی ئێران لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا. لەم نێوەندەدا بەسەرنجدان بە کەشی ڕیالیستی زاڵ بەسەر ژینگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سعودییەکان زۆربوونی دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکەدا بە زیانی خۆیان دەزانن و لەچوارچێوەی "یاری بە کۆی سفر" هەوڵی بەرەنگاربوونەوەیان داوە. ئەم ئاڕاستە دوژمنکارانەی سعودییەکان سەرچاوە لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتدارانی ئالی سعود لەدارِمانی ڕێکاری ناوچەیی وەردەگرێت، کە ڕوانگەی خۆیانە و ئەو بە جووڵەیەك لەلایەن ئێرانەوە بۆ دروستکردنی قەیرانی ئاسایشی نیشتمانیی و شەرعییەتی نەریتی خۆیان دەزانن. لەم چوارچێوەیەدا بو سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئێران و گۆڕانگاری لە هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا، بە کەڵك وەرگرتن لە گروپەکانی سەلەفی و داعش پشتیوانی لە نەیارانی ئەو سیستەمانە دەکەن کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانیان لێدەکرێت. لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی ئالی سعود لەو باوەڕەدان کە یەکێك لە ڕێوشوێنەکانی سنووردارکردنی ئێران لەناو جیهانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست، ڕووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانانی جیۆپۆلەتیکی ئێرانە. دەتوانین ئەو ڕێوشوێنانەی ئەوان بەکاری دەهێنن لەچوارچێوەی نیشانەگەلێك لە مشتومڕی ستراتیژی لە بەحرەین، ڕووبەڕووبوونەوەی توندی حکومەتی بەشار ئەسەد و هێرشی سەربازیی بۆ سەر یەمەن، نائەمن کردنی سیاسی لەڕێگەی تیرۆر لە لوبناندا، بۆمب دانانەوە و کردەوە خۆکوژییەکان و ئامادەبوونی گروپە سەلەفی و تەکفیرییەکان لە عێراق بزانین.

## ناوەندە گرنگەکانی ڕکابەری جوگرافیای سیاسی لە ئێران و سعودیا

گۆڕانکارییەکانی ٢٠١١ ناسراو بە هۆشیاری ئیسلامیی لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە بووە هۆی ئەوەی نموونەیەکی جیاواز لە قەیران لە گۆڕەپانی جوگرافیای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستببووە. ئەم گۆڕانکارییە دۆمینەییەکان گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو ئەکتەرە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ناوچەکە دروستکردووە و، بۆتە هۆی دروستبوونی بەرەی جیاواز لەناوچەکەدا. تاران و ڕیاز وەك ئەکتەرە گەورەکانی ئەم گۆڕانکارییانە، بەپێی ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی تایبەتی خۆیان لەو ناوچانەی کە ناکۆکییان لەسەرە، هەڵوێستی جۆراوجۆریان نمایش کردووە. بەشێوەیەك کە پشتیوانیکردنی ئێران لە بزوتنەوە جەماوەرییەکان و لەبەرامبەردا هەوڵی بەردەوامی سعودییەکان بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییانە ئاڕاستەی بەریەککەوتووی لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە گرتۆتەبەر، ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ناکۆکی و توندتربوونی مشتومڕەکانی نێوانیان لەچوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی و سەربازیی.

ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی هۆشیاری ئیسلامیی بەشێوەیەك بووە کە زۆربوونی ڕۆڵ و کاریگەریی ناوچەیی ئێران میحوەری خۆڕاگری بەدواوە هەبووە. بەجۆرێك پشتیوانیکردنی ئێران لەم بزوتنەوانە، هاوسەنگی هێزی ناوچەیی لە زیانی سعودیا و وڵاتانی دیکە گۆڕیوە. لەم ئاڕاستەیەدا سەرانی سعودیا هەوڵیانداوە وەڵامبدەنەوە و ئەم هاوسەنگییە لە ئاڕاستەی زۆربوونی دەسەڵاتی ناوچەیی ئێران و لە بەریەککەوتن لەگەڵ ئاڕاستە و سیاسەتە ناوچەییەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن. لەمڕووەوە ڕێگەچارە لە تێپەڕین لە سیاسەتی نەریتی خۆیان و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ئامادەیی و چالاکانەتر بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە زانیوە. لەهەوڵی ئەوەدان بە سوودوەرگرتن لەم قەیرانانە هاوسەنگی هێز لەناوچەکە لەقازانجی خۆیان بگۆڕن. لەو چوارچێوەیەداگوشاری سعودیاوهاوپەیمانەکانی لەسەر حکومەتی شیعەی عێراق، هەوڵدان بۆ لاوازکردنی گروپە خۆڕاگرییەکانی فەلەستین و ڕەوتەکانی شیعە و حزبوڵڵای لوبنان، پشتیوانی

لە دەسەڵاتدارانی نەریتی بەحرەین و ڕێگریکردن لە جێگیربوونی دیموکراسی و بەهێزبوونی شیعەکان لە بەحرەین و دەرهێنانی سووریا لە ڕیزی هاوپەیمانانی ئێران لەڕێگەی گۆڕینی حکومەت و پشتیوانیکردن لە گروپە سەلەفی و جیهادییەکان، هەروەها هێرشی ئاشکرا بۆ سەر یەمەن ڕەنگدانەوەی بەریەککەوتنی ئەوان لەگەڵ ئێران و لە ئاڕاستەی سیاسەتەکانی سعودیا لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی کاریگەریی ئێران لەناوچەکە، شیاوی هەڵسەنگاندنە لەم بەشەدا دەمانەوێت باسی ئەو هەنگاوانە بکەین کە ئێران و سعودیا لە برِشتی ئەرێنی بۆ زۆرترکردنی دەسەڵاتی ڕێژەیی خۆیان و لە برِشتی نەرێنی بەمەبەستی کەمکردنەوەی هێزی ئەوی تر لە ناوچەکە جێبەجێیان کردووە.

بەڵام لەبەرئەوەی ململانێی ئەم دوو وڵاتە لەناوچەکەدا تا ڕادەیەك هەموو بابەتەکانی جوگرافیای سیاسی، جوگرافیای ئابووری و ئایدیۆلۆژی لەخۆ دەگرێت، بەمەشەوە بۆ دووری گرتن لە پەرش و بڵاویی و پاراستنی یەکبوونی توێژینەوەکە زۆرتر لە ڕوانگەی جوگرافیای سیاسی و بە پێداگری لەسەر ململانێیە سیاسی و سەربازییەکانیان و لەپانتایی گۆڕانکاریی وڵاتانی عێراق، لوبنان، بەحرەین، فەلەستین، سووریا و یەمەن بە ئامانجی ناسینی ئاڕاستەکانی پاشەکشەکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەردوو وڵات باسدەکرێت.

**گۆڕانکارییەکانی عێراق**

بنەمای توێژنەوە و لێکۆڵینەوە جوگرافی سیاسیی ناوچەکە دەبێت لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەست پێبکرێت. لە دوای ئەو هێرشە گۆڕانکارییەکی زۆر لە ئاسۆی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتە ئاراوە، بەشێوەیەك کە بە لەناوچوونی سەدام، هاوسەنگی باوی نێوان ئەکتەرەکانی ناوچەکە کە چەندین دەیە وەك خۆی بوو بە تەواوەتی سەرەونخوون بوو و گۆڕدرا. ئەم گۆڕینە لەلایەکەوە بەغدای لە سێگۆشەی ململانێ ناوچەییەکەی کەنداو دەرکرد و لەلایەکی دیکەوە عێراق بوو بە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ پێشبڕکێ و ڕکابەری نێوان ئێران، ئەمریکا و سعودیا. ئەم پرۆسە تازە لە عێراق دوای سەرهەڵدانی گروپی داعش قاڵبێکی ئاڵۆزی لەخۆی گرت کە بووە هۆی ئەوەی کە شێوازی نوێ لە هەڵسوکەوت کردن و ڕوانگە و لێڕوانین لە نێوان تاران و ڕیاز، هاوسەنگی هێز لە ڕۆژئاوای ئاسیا و بەگشتی وێنەیەکی نوێ لە ناوچەکە بێتە ئاراوە.

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، هەوڵی ئێران و سعودیا بۆ دروستکردنی هاوسەنگی هێز، یان تێکدانی هاوسەنگی هێزەکانی کە لە ئارادا بوون خستەژێر کاریگەریی خۆیەوە و بووە هۆی ئەوەی کە نفووز و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق و بگرە لەناوچەکەشدا پەرە بستێنێت، چونکە دەستکەوتی دەستێوەردانی سەربازیی

ئەمریکا لە عێراق، دروستبوونی حکومەتێکی تارادەیەك دیموکراتیك لەسەر دەستی شیعە لەو وڵاتە و ئەمە شتێك بوو کە ئێران لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش بۆ دەربازبوون لە کێشەی جوگرافیای سیاسی زۆری پێویست بەوەبوو. هەربۆیە بە سڕینەوەی ئەو دوژمنە، هێزی مانۆڕی ئێرانیی بەرزکردەوە و دەسەڵاتی چەندین ساڵەی سوننەکان بەسەر سیستەمی سیاسی عێراق کۆتاییهات و لەبەرامبەردا زەمینەی بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی شیعەکانی هاوئاراستەی ئێران خۆشکرد. ئەمەش بە واتای دەربازبوونی ئێران لە گۆشەگیری جوگرافیای سیاسی لە ئاستی ناوچەکە و دروستکردنی دەرفەتێکی بێ وێنە بۆ دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق لەقەڵەمدەدرا. دەرهاویشتەی ئەو دۆخە گەیشتە ئەوەی کە چالاکبوونی سیاسەتی یەکگرتووسازی ئێران و میحوەری" تاران-بەغدا" دروست بێت و لە کۆتاییدا کەڵەکەبوونی هێزێکی زیاد لەپێویست بوو کە ستراتیژییەکە لە ململانێی ناوچەیی لەگەڵ سعودیا بوو.

سعودیا ئەگەرچی سەرەتا بە کەوتنی سەدام و لەناوچوونی حزبی بەعس دڵخۆش بوو، بەڵام دوای گۆڕانکارییەکان لە دەسەڵاتدارێتی عێراق و هاوئاراستەبوونی شیعەکان و کوردەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە (سیاسەتە بنچینییەکانی ئەو وڵاتە و، پەراوێزخستنی سوننەکان و نادیدەگرتنی سعودیا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێگە و بەشەی کە سعودیا لە عێراق بۆ خۆی قائیل بوو، بووە هۆی ئەوەی کە ناڕەزایەتی سعودیا ی لێ بکەوێتەوە. ئەم ناڕەزایەتیشە لەوەوە سەرچاوەی دەگرێت کە حکومەتی عێراق بە درێژایی چەندین دەیە هەمیشە وەك هاوسەنگی و ڕێگر لەبەرامبەر ئێراندا هەڵسوکەوتی کردبوو، ئێستاش کە پێکهاتەی نوێی لەو وڵاتە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆڵی بەربەست و هاوسەنگی لەبەرامبەر ئێراندا و لە ئەنجامدا بەرزبوونەوەی هێزی نفووز و کاریگەریی تارانی لێکەوتۆتەوە. لەم هەلومەرجەدا و لەچوارچێوەی لۆژیکی هاوسەنگی هێز، سروشتییە کە سعودیا بەنیازی قەرەبووکردنەوەی ئەم بۆشاییە بێت و لە ڕاستیدا دروستبوونی هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئێران دەبێت. هەربۆیە بە سەرنجدان بە هەڵوێستگیری گشتی سیاسەتی دەرەوەی سعودیا بنیاتنراو بۆ ڕێگری لە زۆربوونی نفووزی ئێران لەناوچەکەدا، عێراق دەکات بە گۆڕەپانێك بۆ ئاڕاستەی دژایەتی کردنی ئێران. بەشێوەیەك کە ئەو وڵاتە لەبەرامبەر سیاسەت و نفووزی نەرم بڕی ئێران لە عێراق تەنانەت لەبەکارهێنانی سیاسەتی توندیش هیچ باکێکی نییە. دەرهاویشتەی نالەباری بەکارهێنانی ئەو دوو ستراتیژییە جیاوازە لە بەستێنی پێکهاتەی نوێی عێراق، گۆشەگیری زیاتری سعودیا و یەکگرتوویی تاران–بەغدای لێدەکەوێتەوە و لە کۆتاییدا عێراق دەکات بە

یەکێك لە جەمسەرەکانی بەهێزی جوگرافیای سیاسی شیعە لە ناوچەکەدا. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێران و سعودیا نەتوانن بچنە ناو قۆناغێکی نوێی هاوکاری و ململانێ و ناکۆکی نێوان دوو وڵات بەردەوام دەبێت.

## گۆڕانکارییەکانی لوبنان

لوبنان بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ سووریا و فەلەستین وەك وڵاتێکی نا ئەکتیف و ناقایم لە قەڵەم دەدرێت و سەرچاوەی گۆڕانکاری هەمەڕەنگ لەوانە: تیرۆری ڕەفیق حەریری لە ساڵی ٢٠٠٥، دەستێوەردانەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پەسەندکردنی بڕیاری ١٥٥٩، شەڕی ٣٣ ڕۆژەی ئیسرائیل و حزبوڵڵا لە هاوینی ٢٠٠٦ بووە، کە بەرهەمی ئەم ڕووداوانە لەناو گۆڕەپانی سیاسی بۆتە هۆی پێکهێنانی دوو گروپی ١٤ و ٨ مارس کە ئەم دوانە لەدژی یەکتر وەستاونەتەوە.

ئەم وڵاتە بەهۆی ئەو پێگە ستراتیژی و هەستیارەی کە لەناوچەکەدا هەیەتی، بووە بە گۆڕەپانێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەکتەرە ناوچەیی و نا ناوچەییەکان بە شێوەیەك گۆڕانکاری و جموجۆڵ و کاروکردەوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بۆتە هۆی تێکهەڵچوون و پێکدادنی دوو هێزی لێکدژ لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا. لەلایەکی ئەم گۆڕەپانە، گروپی موقاوەمە، حزبوڵڵا لەگەڵ پشتیوانە ناوخۆییەکانی لەلوبنان و سووریا و ئێران هەن و لە بەرامبەریشدا سعودیا و ئەمریکا و هاوپەیمانە عەرەبیی و ڕۆژئاواییەکان ڕاوەستاون، ئەم دیمەنە ئاشکرایەی ڕووبەڕووبوونەوەی ململانێی جوگرافیای سیاسی ئەکتەرە دەستێوەردەرەکان، لەم وڵاتەدا یارییەکی بە کۆی سفر هێناوەتە ئاراوە.

بە چاوخشاندنێك بە گۆڕانکارییەکانی کە باسکرا دەتوانین سەرەداوێك لە ململانێی ئاشکرا یان نهێنی ئێران و سعودیا ببینین کە هەمیشە لوبنان وەك ناوچە بۆ جەنگێکی جێگرایەتی لەنێوان ئێران و سعودیا لە ئارادا بووە، ئەو دوو وڵاتە بەپێی ستراتیژی تایبەتی خۆیان لە بواری سیاسەتی دەرەوە، لوبنانیان وەك ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان سەیرکردووە، هەر بەم هۆیەشەوە کاریگەرییان لەسەر جووڵە سیاسییەکانی لوبنان داناوە. وەها دۆخێك سەرچاوەی لە ئامادەبوونی هێزەکان و گروپەکانی شیعە و سوننە لەلایەك و ڕۆڵی بەیروت لە کێشمەکێشی مێژوویی و ڕەوتی ئاشتی عەرەبەکان لە گەڵ ئیسرائیل لەلایەکی تر. (ساعی و علیخانی، ١٣٩٢: ١١٩-١٢٠)

لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە لوبنان، حزبوڵڵا وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی ئێران بە پشتیوانی ئەو وڵاتە هێز و دەسەڵاتێکی زۆری بەدەستهێناوە و لەبەرامبەریشدا ئێرانیش بەهۆی حزبوڵڵاوە لەچاو ڕکابەرەکانی ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە گۆڕانکارییەکانی لوبنان. ئەو ڕۆڵەش لەڕاستیدا

لە ڕێگەی حزبوڵلاوە لە دوو قۆناغدا ڕوویدا. یەکەم بە پیشاندانی هێز لەبەرامبەر ئیسرائیلدا لە شەڕی ٣٣ ڕۆژە، دووەم سەرکەوتنی حزبوڵلا لە دەوری نوێی ململانێ ناوخۆییەکانی لوبنان و کاریگەریی ئەو گروپە لە گۆڕانکارییەکانی بێداری ئیسلامی و ڕۆڵی کاریگەریان لە دژی داعش لە لوبنان و سووریا و عێراق کە ئەمەش نیشانەی بەهێزبوونی ڕۆڵ و هێزی گروپی موقاوەمە کە هاوپەیمانی ئێرانن. گۆڕانکارییەك کە لە ڕوانگەی سعودییەکان وەکو زۆربوونی نفووزی ئێران لە لوبنان و دیاریکەرێکی باڵایە لە هاوکێشەو کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان.

عەرەبەکان بە ڕێبەرایەتی سعودیا بە دەربڕینی نیگەرانی خۆیان لە پێگە و جێگەی حزبوڵلا و پەیوەندی ئێران بە کاروباری عێراق و سووریا و لوبنان، گەڵاڵەی چەمکی هیلالی شیعە بەرەنگاری بەرەی موقاوەمە (بەرەی بەرگری) دەبنەوە. لەم چوارچێوەیەدا پشتیوانی دارایی و سیاسی لە هاوپەیمانی ١٤ی مارس لە پێناو لاوازکردنی شیعەکان بەرەنگاربوونەوەی حزبوڵلا وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی ئێران دەبێتەوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەش لە لاوازی پێگەی جوگرافیای سیاسی ریاز لە گۆڕانکارییەکانی بێداری ئیسلامیی سەرچاوە دەگرێت. بە شێوەیەك کە سعودییەکان بە لەدەستدانی کۆنترۆڵی عێراق و لوبنان و سووریا و یەمەن بە قازانجی ئێران، هەنووکە بە دوای زیندووکردنەوەی دووبارەی نفووزی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوسەنگکردنی دووبارەی هێزن بۆ قازانجی خۆیان. لە ئەنجامدا ئەم ستراتیژە پەرتەوازەخوازی، لوبنانی کردووە بە گۆڕەپانێك بۆ دەست و پەنجە نەرمکردن لەنێوان ئێران و سعودیا .

### گۆڕانکارییەکانی بەحرەین

بەحرەین وەك شاکلیلی ململانێیە ناوچەییەکانی ئێران و سعودیا لە کەنداو لە قەڵەمدەدرێت. ئەو وڵاتە لەجوگرافیای سیاسیدا خاوەنی بەهرەیەکی تایبەتە، کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەهۆکاری مێژوویی و فیرقەیی هەمیشە سەرچاوەی سەرەکیی گرژی نێوان ئێران و سعودیا بووە. لەهۆکارە سەرەکی و گرنگەکانی ئەو گرژیانە ناکۆکی و ناتەبایی پەیوەندیدار بە باسی شیعە و سوننەیە. ئەم هۆکارە لە پاڵ بوونی کەشتی فڕۆکەهەڵگری پێنجەمی ئەمریکا لە "منامە" ئاڵۆزییەکی زیاتری لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات دروستکردووە. چونکە تاران ئال سعودی بە بەرپرسیار دەزانێت لە پێشوازیکردن لە هێزەکانی ئەمریکا لە کەنداو و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە خەلیفەی بەحرەین بە نوێنەرایەتی سعودیا خانەخوێی هێزەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی کە دوای خۆپیشاندانەکانی جەماوەری لەو وڵاتەدا شاهیدی پەرچەکردارە جیاوازەکانی ئێران و

سعودیا بووین لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانە. بە شێوەیەك كە لە ئەنجامدا پشتیوانی ئێران لە شیعەكانی بەحرەین، سعودیا دەستی بە دەستێوەردانی ئاشكرای سەربازی لەو وڵاتەدا كرد. ئەم دەستێوەردانە لەو ڕوانگەیەوە جێی سەرنجە كە سعودییەكان لە پێكهاتەی ئاسایشی نیشتمانی خۆیان بەحرەین وەك حەوشەی دواوەی خۆیان لە قەڵەم دەدەن. لەڕاستیدا یەكێك لە نیگەرانییەكانی سعودیا لە ئەگەری دروستبوونی بزوتنەوەیەكی خۆڕسكی بەرگری هاوشێوەی حزبوڵڵای لوبنان بوو لە بەحرەین. لەسەر ئەم بنەمایە سعودیا بە ناردنی هێزی سەربازیی بۆ بەحرەین و سەركوتكردنی شیعەكان، ئەو بابەتەی كرد بە بابەتێكی فیرقەیی.

ئەم ستراتیژی نەیارانەی سعودیا لە پەیوەندی خزمایەتی و قەبیلەیی خانەدانی دەسەڵاتداری سعودی و بەحرەینی لەلایەك و دراوسێیەتی جوگرافیایی و خزمایەتی هەندێك لە عەشایەر و قەبیلەكانی بەحرەین لەگەڵ دوو ناوچەی شیعە نشینی" ئەحسا و قەتیف" لە لایەكی ترەوە بوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی كە ڕیاز ستراتیژییەكی تایبەت لەبەرامبەر گۆڕانكارییەكانی ئەو وڵاتە بگرێتەبەر، چونكە نائارامی و گرژییەكان لە بەحرەین بە ئاسانی دەتوانی دزە بكاتە ناو خاكی سعودیاوە. هەر بەم هۆیەوە بەمەبەستی ڕێگریكردنی سەرهەڵدانی وەها ڕووداوێك، بە تۆمەتباركردنی ئێران بەوەی كە دەست لەكاروباری ناوخۆیی بەحرەین لەڕێگەی هێز و نفووزی سیاسی و سەربازیی و ئەمنی و دارایی و تەنانەت ئایینیش هەوڵیدەدا تا بە ستراتیژی پاراستنی دۆخی مەوجود و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەر جۆرە گۆڕانێك لەو وڵاتە، ڕێبەرایەتی ئەمنی خۆی لەناوچەكە بسەلمێنێت. لەمڕووەوە لەو پێناوەدا بە دیسیپلینی ئاسایشی ناوچەیی خۆی لە هەنگاوێكی دەستپێشخەرانە و هاوكات بێدەنگی ئەنجومەنە نێودەوڵەتییەكان دەستیكرد بە دەستێوەردانی ئاشكرای سەربازیی لە بەحرەین و لەڕۆژی ١٤ مارسی ٢٠١١ دا ١٥٠٠ سەربازی سعودی لەژێر ناوی قەڵغانی جەزیرە چوونە ناو خاكی بەحرەینەوە. ئەم دۆخە نەك تەنها هەڵویستی گەلی ئێران بەڵكو پەرچەكرداری گەلانی شیعەی ناوچەكەشی لێكەوتەوە و بوو بە بابەتێكی فیرقەیی، كە یەكێكە لە ترسناكترین شێوازی تێكهەڵچوون و كێشمەكێش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێرانیش لەسەر بنەمای ڕوانینی ئایینی و بەها مرۆییەكانی خۆی پشتیوانی مەعنەوی خۆی لە خۆپیشاندەرانی بەحرەینی دەربڕی و تەئكیدی لەسەر ئەوە كردەوە كە حكومەتی بەحرەین دەبێت گرنگی بە ماف و ویست و داخوازییەكانی گەلی بەحرەین بدات و هاوكات زۆر بەتوندی نارەزایەتی خۆی لەمەڕ هاتنەناوەی هێزەكانی سعودیا و ئیماراتی بۆ خاكی بەحرەین دەربڕی.

هەروەها كاتێك حكومەتی بەحرەین مافی

هاووڵاتیبوونی لە یەکێك لە ڕابەرانی شیعی بە ناوی شێخ عیسا قاسم ڕابەری مەعنەوی شۆڕشی بەحرەین سەندەوە، حکومەتی بەحرەین بەرەوڕووی پەرچەکردارێکی جیاوازی ئێران بوویەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی گرژییەکانی نێوان ئێران و سعودیا ئەو کاتە ڕوویدا کە سعودیا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ" شێخ نمر" مەلای شۆڕشگێڕی شیعری بەحرێنی دەرکرد بە تۆمەتی کردەوەی تیرۆریستی لە ساڵی ٢٠١٦دا. ئەو هەنگاوەی سعودیا بەشێوەیەکی بەرچاو بووە هۆی توڕەبوونی گەلی ئێران بە شێوەیەك کە باڵوێزخانەی سعودیا لەتاران کەوتە بەر هێرش، دوای ئەو ڕووداوە سعودیا بە تەواوەتی پەیوەندی دیپلۆماتیك و ئابووری خۆی لەگەڵ تاران پچڕاند و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە گرژی لەنێوان ئێران و سعودیا زیاتر بێت و پەرتەوازەیی لەنێوان هەردوو وڵات ڕووی لە زیادبوون بێت.

## گۆڕانکارییەکانی فەلەستین

ئێران و سعودیا وەك دوو ڕکابەری ناوچەیی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو لێکدژییەکیان لە بەرژەوەندی جوگرافیای سیاسی پەیداکردووە. لە گۆڕانکارییەکانی فەلەستینیش وەك یەکێك لە کۆنترین و گرنگترین مشتومڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەروەك باقی ناوچەکانی کێشە لەسەر، کەوتۆنەتە ڕووبەڕووبوونەوە بەرەنگاربوونەوەی یەکتر. بە شێوەیەك کە هەرکام لەم دوو ئەکتەرە گونجاو لەگەڵ ڕەوتی ئەو گۆڕانکارییانە ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەپەیوەندی لەگەڵ گروپ و ڕەوتە جیاوازەکان پێناسە کردووە. لەم نێوەندەدا پشتیوانی سعودیا لە حکومەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لەلایەك و پشتیوانی ئێران لە حەماس و باقی گروپە جیهادییەکان بەرهەڵستی و هەڵوێستگیری ئاشکرای ئێران و سعودیا سەبارەت بە دۆخی فەلەستین لە لایەکی تر دەردەخات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لەسەر بنەمای سیاسەتی دەرەوەی خۆی، پشتیوانی لە گروپە ڕزگاریخوازەکانی جیهان، هەمیشە لە گروپە بەرگریکارەکانی فەلەستینی لەبەرامبەر خەبات لەدژی ئیسرائیل پشتیوانی کردووە و بە گەلاڵە و پلان و سیاسەتە جیاوازەکانی وەك پرۆژەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەڕەسمی ناساندن و قبوڵکردنی ئیسرائیل دژایەتی کردووە.

لەڕوانگەی بەرژەوەندی نیشتمانی کۆماری ئیسلامی ئێران پشتیوانی لە ئامانجەکانی گەلی فەلەستین و سازش نەکردن لەبەرامبەر ئیسرائیل بۆتە فەرزێکی ئاشکرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا کە دوای تێپەڕبوونی دەیەی چوارەمی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەم فەرزە ئاشکرا و ئامانجەکانی شۆڕش هۆکاری ڕیالیستی و کردەوەییەکانی زۆر بوون.

لەبەرامبەردا ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی

سعودیا لەم بوارەدا جیاوازە و بەگشتی پشتیوانییەکی زیاتر لە گروپەکانی ئاشتیخوازی وەك ڕێکخراوی فەتح دەکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە گۆڕانگارییەکانی چەند ساڵەی دوایی لە سعودیا سەبارەت بە قەزیەی فەلەستین دەبێت لە جۆری ڕوانینی ستراتیژی سعودیا سەبارەت بە هاوسەنگی هەڕەشە و وێنایەکی کە لە ئێرانی هەیە وەك هەڕەشە لەپاش سەرکەوتنی ڕێکخراوی حەماس بەسەر بزوتنەوەی فەتحدا کە کە ڕۆڵی کاریگەری ئەو گروپە بە تایبەتی لەبەرامبەر ئیسرائیل لە شەڕی ٢٢ ڕۆژە کە بووە هۆی زیادبوونی نفووز و دەستڕۆیشتوویی ئێران لەناو گروپەکانی موقاوەمەی فەلەستینی شرۆڤە بکەین. کە ئەمەش بە شێوازێك بوو، بووە هۆی نیگەرانی زیاتری سعودیا و زۆربوونی ڕۆڵ و نفووزی ئێران لە گۆڕانکارییەکانی فەلەستیندا.

لەم نێوەندەدا سعودیا، پشتیوانی ئێران لە گروپەکانی موقاوەمەی فەلەستینی بە دەستێوەردانی نامەشروع لە کاروباری وڵاتانی عەرەبیی دەزانێت، هەوڵ گەلێکی زۆری ئەنجامداوە تا بە جۆرێك بتوانێت لەبەرامبەر ئێراندا هاوسەنگی دروستبکات و لە پەرەسەندنی نفووز و کاریگەرییەکانی ئێران لەوبوارەدا کەم بکاتەوە. لەم پێناوەدا کۆمەکەکانی سعودیا بە مەحمود عەباس و حکومەتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لەبەرامبەر حەماس و جیهادی ئیسلامی، لە ئاڕاستەی لاوازکردن و کەمکردنەوەی هێز و دەسەڵاتی گروپەکانی سەر بە ئێرانە، ئەمەش دەرخەری دژایەتیکردنی سعودیا لەگەڵ هاوپەیمانانی ئێران لە کێشەی فەلەستین دا. هەروەها ئەوان لەبەرامبەر ئەو ڕەوتەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نفووز و دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەرەو لای جۆرێك هاوسەنگی سازی دەرەکیخواز، لەوانە دروستکردنی هاوپەیمانییەکی سەربازیی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و لە هەمووان گرنگتر هاوئاڕاستەیی بوون لەگەڵ ئیسرائیل لەدژی هەڕەشەکانی ئێران هەنگاویان ناوە. بەجۆرێك کە لەئێستادا دەتوانین باس لە جۆرێك دروستکردنی هاوپەیمانی نارەسمی و هاوئاڕاستە و هاوئامانج لەگەڵ هەڵویستی نێوان سعودیا و ئیسرائیل بکەین. لە هەلومەرجی ئێستا ڕوانگەی سعودیا سەبارەت بە کێشمەکێشی فەلەستین–ئیسرائیل زۆر لە ژێر کاریگەریی ڕوانگەی تۆڵەسەندنەوەی ئەو وڵاتە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. لەدیدی سعودیاوە بابەتی ئێران گرنگترە لە دەستدرێژیکردنە سەر خاکی فەلەستین. لەڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ سعودیا بە هەڕەشە لەدژی خۆی دەزانێت نەك مشتومڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، بەڵکو بابەتی تێکچوونی هاوسەنگی هێز لەناوچەکە لە قازانجی ئێران دایە. لەبەرئەوەیە دەبینین سعودیا کێشمەکێشی فەلەستینی کردۆتە بنەمایەك بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجەکانی لەبەرامبەر ئێراندا. بەو هیوایەی کە بتوانێت بە

گونجاندنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل لەژێر رووناکی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و لەچوارچێوەی دژایەتیکردنی ئێران، بەرەو لای رێکەوتنێکی رەسمی یان نارەسمی و رەخساندنی بارودۆخێك بۆ رێکەوتنی فەلەستین و ئیسرائیل بەمەبەستی زیاتر چڕبوونەوە بەسەر ئێراندا هەنگاو بنێت. بە باشی دەتوانین رەنگدانەوەی ئەو روانگەیە لەجۆری پەرچەکردار و هەڵوێستەکانی لە ئاست پرسی گواستنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا بۆ شاری "بیت المقدس" و لەم دوایانەشدا لە پرۆژەی ئاڵوگۆڕی سەدەدا ببینینەوە. بەشێوەیەك بە پێچەوانەی هەندێك سیاسەتی ڕاگەیەنراوی سعودیا لەبارەی پرۆژەی ئاڵوگۆڕی سەدە و پێش ئەویش گواستنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا بۆ بیت المقدس، ئەم وڵاتە بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی تۆڵەسەندەوەی خۆی لە بەرامبەر رۆڵی هێزی ناوچەیی ئێران، مەیلی بۆ ئەو ئاشتییە لە فەلەستین هەیە کە ئەمریکا و ئیسرائیل مەبەستیانە.

### گۆڕانکارییەکانی سووریا

سووریا بەهۆی بوونی لە ناوچەی ستراتیژیکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بوونیشی لە کەناری دەریای ناوەڕاست و هاوسنووربوونی لەگەڵ عێراق و لوبنان و فەلەستین لە تیۆرییەکانی جوگرافیای سیاسیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێگە ستراتیژییە تایبەتە و بەدەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتەدا، ئێران و سعودیا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چوونە ناو قەیرانی سووریاوە. زیاتر لە هەموو کاتێك ئەم قەیرانە دژیەکی ئاراستەکانی ئەوانی ئاشکرا کرد. لەبەرئەوەی ئەوان لەبارەی قەیرانی سووریاوە بە بەراورد لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە گرژتر و ئاڵۆزتر هەنگاویان ناوە. لە چوارچێوەی شەڕی جێگرەوە مشتومڕ و ملمانێیان دەستپێکرد. بەشێوەیەك کە پشتیوانی ئاشکرای سعودیا لە بەرهەڵستکارانی بەشار ئەسەد، ئەم وڵاتەی خستە بەرامبەر ئێرانەوە کە یەکێك لە هاوپەیمانان و لایەنگری ئەسەد بوو. ریاز هیوادارە کە بەرووخانی حکومەتێك کە ئێران پشتیوانی دەکات بتوانێت کاریگەریی زۆرتری لەسەر رەوتە سیاسییەکانی عێراق و لوبنان هەبێت و لانیکەم هاوسەنگێکی نوێ لە هێزە سیاسی و ئایینیەکان لە ناوچەکەدا دروستبکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لەبەرامبەر میحوەری شیعە و دەسەڵاتی ئێران خۆڕاگر بێت، کە بە باوەڕی ئەوان دوای گۆڕانکارییەکانی هۆشیاری ئیسلامیی زۆر بەهێز بووە. بە لێڕوانینێکی وەهاوە، سعودیا جیا لەوەی کە ئەم گۆڕانکارییانەیان بە دەرفەتێك بۆ تاقیکردنەوەی سیاسەتی نوێی خۆیان بە شیاو زانی، دەیانەوێت بەئاراستەکردنی گۆڕانکارییەکانی سووریا بەرەو رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی و جۆرێك شەڕی ناوخۆیی و تەنانەت ناوچەیی، رەوتی شۆڕشە عەرەبییەکان تووشی قەیران بکەن. سعودیا

بەپێچەوانەی دیدی موحافزەکارانەی چەندین دەیەی ڕابردووی خۆی هەنگاوی بۆ پشتگیری دارایی و سەربازیی لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی سووریا، پشتیوانی لە گروپە سەلەفییەکان، ناردنی چەك و تەقەمەنی و دەستتێوەردان لەکاروباری ناوخۆ ناوە. ئەم ڕوانگە هێرشبەرانەی سعودیا لەپرۆژەی ڕووخاندن و گۆڕینی حکومەتی سووریا سەرچاوە لە دوو دیدی ئایدیۆلۆژیا و جیۆپۆلەتیك وەردەگرێت. لە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژییەوە سعودییەکان هەمیشە سووریا بە تۆمەتی پشتیوانی لە گروپەکانی بەرەی بەرگریی تۆمەتبار دەکەن، کە بە باوەڕی ئەوان مەترسی لەسەر سیاسەتی پاراستنی دۆخی ئێستا دروستکردووە و بەرەی بە خۆڕاگری لە ناوچەکە داوە و ئەم وڵاتە بە مەترسی بۆ سەر داهاتوو پاشایەتی موحافیزەکارانەی خۆی دەبینێت.

لەڕەهەندی جیۆپۆلەتیکی ناوچەییەوە گرنگی گۆڕانکاری لە سووریا لەدوو گۆشەنیگاوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، هاوسەنگی ناوچەیی لەگەڵ ئێران و دەستێوەردانی سووریا لەبوارەکانی نفووزی سعودیا لە لوبنان و فەلەستین. لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی بەشار ئەسەد پەیوەندی سعودیا و سووریا لەبەرچەند هۆکارێك لەوانە پتەوبوون و بەرفراوانی پەیوەندی لەگەڵ پرسی فەلەستین، دەستێوەردان لە لوبنان و دوای ئەو تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی پێشووتری لوبنان لەساڵی ٢٠٠٥، لێڵ بوو. هەرچەند لەنیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ تا ساڵی ٢٠١١ باشبوونێك لە پەیوەندی هەردوولا هاتە ئاراوە، بە دەستپێکردنی قەیران لەو وڵاتە، سعودیا بڕیاریدا سیاسەتی لاوازکردنی سیستەمی سیاسی سووریا بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لەو ڕێگەیەوە جیا لە ڕووخانی حکومەتی ئەسەد، هاوسەنگی ناوچەیی لەقازانجی خۆی بگۆڕێت.

لەبەرامبەردا بەدرێژایی مێژوو پەیوەندی تاران و دیمەشق لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ستراتیژی هاوبەش لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنیاتنراوە. بەشێوەیەك کە هەردوو وڵات بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەبەرامبەر حکومەتە دژبەرەکانی عەرەب وەك سعودیا بەیەکتر بەستراونەتەوە. لە دیدی تارانەوە، سووریا وەك دەروازەیەکی ستراتیژی بەرەو جیهانی عەرەبیی، خۆدەرخستن لەبەرامبەر سعودیا، لەمپەرێك لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل، هەروەها وەك پردی پەیوەندی گرنگ بۆ دەستڕاگەیشتن بە حزبوڵڵای لوبنان کاردەکات. لەم ئاڕاستەیەدا و لە ڕەوتی قەیرانی سووریا، سیاسەتی دەرەوەی ئێران زۆرتر لە سەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و لەژێر کاریگەریی گرنگی ئەو وڵاتە لە هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە بە تایبەت لە بواری پەیوەندی لەگەڵ حزبوڵڵا و لوبنان و حەماس

و ڕەوتی ئاشتی ئیسرائیل و عەرەب بووە، کە ئێران ڕۆڵێکی هەستیار و گرنگی لەودا هەیە. بۆیە بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی جیهانی عەرەبی، ئێران بەشێوەیەکی جیاواز سەیری گۆڕانکارییەکانی سووریای کردووە. ئەم ئاڕاستە دژیەکانەی ئێران و سعودیا جیا لە توندکردن و بەرفراوانکردنی قەیرانی سووریا بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی هاوکاری و بەرزبوونەوەی ئاستی بەریەککەوتن و پاشەکشە لەچوارچێوەی نموونەی یاری "بەکۆی سفر" لەسەر بنەمای شەڕە جێگرەوەکان.

## گۆڕانکارییەکانی یەمەن

گۆڕانکاری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا کە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٠ لە تونسەوە دەستیپێکرد و شەپۆلێك لە ڕووخانی حکومەتە سەرەڕۆییەکانی ئەم وڵاتانەی بەدواوە هات، لە کۆتاییدا دزەی کردە ناو یەمەنیشەوە. بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو یەمەنییەکان لەبەرامبەر نەبوونی ڕیفۆڕمی دیموکراتێك و گەندەڵی بەرفراوان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ئازاریان چەشتووە. لەمڕووەوە هۆشیاری ئیسلامیی بووە ئیلهامبەخشی یەمەنە نارازییەکان بۆ ئەوەی لەدژی عەلی عەبدوڵلا ساڵح سەرۆك کۆماری پێشووتری یەمەن ڕاپەڕن کە زیاتر لە ٣٠ ساڵی حکومڕانی کردبوو. ئەم نارەزایەتیانە بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی ساڵح و بەهێزبوونی حوسییەکان لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ . ئەم قەیرانە کە لە تەمموزی ٢٠١٤ وە دەستیپێکرد بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوو. لە قۆناغی یەکەمدا بە گشتگیربوونی قەیران لە هاوینی ٢٠١٤ لە پارێزگا جیاوازەکانی یەمەندا و بەهێزبوونی ئەنساروڵلا لە بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی گشتی، حکومەتی کاتی مەنسور هادی ناچاربوو ڕێکەوتننامەی ٢١ ی سێپتەمبەر ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ ئەنساروڵلا واژۆ بکات. لەقۆناغی دووەمدا حوسییەکان گەیشتنە دەسەڵات و دەرئەنجامی ئەو دەستێوەردانی سەربازیی سعودیا لە یەمەن لە ئاداری ٢٠١٥ بوو، دەستێوەردانێك کە بەناوی ئۆپەراسیۆنی "زەریانی شێلگیر" دەستیپێکرد و بەناوی ئۆپەراسیۆنی "زیندووکردنەوەی هیوا" درێژەی پەیدا کرد. سعودیا لەچوارچێوەی ڕکابەری لەگەڵ ئێران لەمەڕ باڵادەستی ناوچەیی بە تەواوی لەبەر فراوانبوونی نفووزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەکەدا نیگەران بووە و هەوڵیداوە ئەم نفووزە کۆنترۆڵ بکات. ئەم نیگەرانییە بە بەهێزبوونی ئەنساروڵلا لە یەمەن زۆر بەرفراوان بوو، لەبەرئەوەی سعودییەکان بەهێزبوونی شیعە زەیدییەکان لەیەمەن وەك زۆربوونی دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکە لێکیدەدەنەوە و خۆیان لەگەمارۆی دەسەڵاتی ناوچەیی شیعەکان دەبن. بەم بۆنەوە، ئەم وڵاتە بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی حوسییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکەدا هێرش و شەڕی

دەستپێکردووە. ئەم نیگەرانییەی ڕیاز سەرچاوە لەم پێشکەوتنانەی ئەمدوایانەی حوسییەکان وەردەگرێت، کە بەسەرنجدان بە بارودۆخی جیۆستراتیژیکی یەمەن و زاڵبوونی تەواو بەسەر بەندەر " الحدید" و گەرووی" باب المندب" دەبێتە هۆی بەهێزبوونی گروپەکانی شیعە تا دەریای سوور. لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی ئێستا زۆربەی ناوچە سنوورییەکانی یەمەن لەگەڵ سعودیا لەژێر دەسەڵاتی ئەنسارولڵا دایە، لەهەندێك لایەنەوە بۆتە هۆی نیگەرانی سعودیا، لەبەرئەوەی زیاتر لە دوو ملیۆن شیعەی یەمەنی کە لە سعودیا نیشتەجێن بۆ هاتوچۆ کەڵك لە دەروازە سنوورییەکان وەردەگرن. بۆ سعودییەکان ئەم پرسە بەهەڕەشەیەکی جدی و پەنگخواردوو بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆیانی دەزانن. لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران بە گرتنەبەری سیاسەتی پشتیوانیکردن لە حوسییەکان لەم وڵاتە بەدوای هەندێك ئامانجەوەیە، دەتوانین ئاماژە بە نفووز لە یەمەن و دەرهێنانی ئەو وڵاتە لە سنووری دەسەڵاتی ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، بەرفراوانکردنی پانتایی خۆڕاگری لەبەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا لەناوچەکەدا، یارمەتیدان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لە سووریا و عێراق بە کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لەدژی سعودیا و هاوپەیمانە ناوچەیی و سەروناوچەییەکانی ئەم وڵاتە کە پشتیوانێکی سەرەکی و جدی گروپە تیرۆریستییەکانن لەو دوو وڵاتەدا و لە دواییدا خێراکردنی ڕەوتی ئیسلامیی لەناوچەکەدا. ئەم بابەتە جیا لەوەی دەبێتە هۆی پەرەسەندنی قوڵایی ستراتیژی ئێران لە ناوچەکە و گەمارۆدانی سعودیا لەلایەن شیعەکانەوە لەحاڵەتی سەرکەوتنی تەواو و زاڵبوونی ئەنسارولڵا بەسەر یەمەندا دەتوانێت گۆشەی چوارەمی بەرەی خۆڕاگری لەناوچەکەدا پێکبێت.

لەڕوانگەیەکی ترەوە ململانێیەکانیان لە یەمەن خاوەنی دوو لایەنی ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژییە، لەلایەکەوە بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە گوتاری شیعەی زەیدی و سوننەی وەهابی لە یەمەن قەیرانی ئەو وڵاتەی کردۆتە بەریەککەوتنی هزرەکانی زەیدی و وەهابی، کە لەلایەکەوە سعودیا پشتیوانی مادی و مەعنەوی لە وەهابییەکان دەکات و لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانی سیاسی و دیپلۆماسی لە گروپە سیاسی و ئایینزای شیعە و زەیدی دەکات. بەڵام لەدواییدا ئەم ڕەهەندەی ئایدیۆلۆژی دەبەسترێتەوە بە ڕەهەندی ستراتیژیکەوە. بەمشێوەیە کە سعودیا لەهەوڵی ڕێگریکردن لە ڕووخانی حکومەتی یەمەن و جێگیرکردنی حکومەتێکی شیعە و دوژمنی جدی لە سنوورەکانی لەباشووردا. ئێرانیش بەجێگیرکردنی حکومەتێکی شیعە و هاوپەیمان لەسنوورەکانی باشووری سعودیا و زاڵبوون بەسەر زەریای هیند و دەریای سوور و گەرووی "باب المندب" باشتر دەتوانێت

بەرژەوەندییە نیشتمانیی و ئەمنییەکانی لەم ناوچەیەدا دەستەبەر بکات. بۆیە لایەنی ئایدیۆلۆژی ئەم قەیرانە و ململانێکانی سعودیا و ئێران لەیەمەن، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی لایەنە ستراتیژییەکانی ئەم گۆڕانکاریانە و لەچوارچێوەی ئاراستە لێکدژەکان بۆ بەریەککەوتنی تاران و ڕیاز، شەڕە جێگرەوەکان.

## ڕۆڵی ئەکتەرە سەروناوچەییەکان لە پاشەکشە و بەریەککەوتنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران و سعودیا

هەمیشە دەستێوەردانی وڵاتە سەروناوچەییەکان یەکێك لە هۆکارەکانی بەرفراوانبوونی قەیران لەناوچەی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. لەبەرئەوەی لە لایەکەوە نەزمی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندی لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی ئەکتەرە ناوچەییەکاندا هەیە و لەلایەکی دیکەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگەی دەرەوە. بەشێوەیەك کە لەدوو ژینگەی ئاماژە پێکراوەوە (INPUT) ی قەیران خولقێن وەردەگرن. هەرچەندە (OUT PUT) جیۆپۆلەتیکەکان زۆرتر لەژێر کاریگەریی بەریەککەوتن، ململانێ و ڕوانگەی جیاوازی وڵاتانی بەهێزی ناوچەکەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا ململانێیە جیهانییەکان و دەسەڵاتە سەروناوچەییەکان بۆ بەرفراوانکردنی پێگە و جێگەی خۆیان لەناوچەکەدا لەهۆکارە گرنگەکانی ناکۆکی و گرژی بوون. هەریەك لەم دەسەڵاتانە لە ئاستە جیاوازەکان هەوڵدەدەن ژینگە و یاسا و ڕێسای یاری بەشێوەیەك ڕێکبخەن کە زۆرترین بەرژەوەندی خۆیان دەستەبەر بکەن. لەبارەی هاتنی دەسەڵاتە سەروناوچەییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە ئەوە ناوی ئەمریکایە کە لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا خۆی دەردەخات، بەشێوەیەك کە هەمیشە نموونە ڕەفتارییەکانی ئەو وڵاتە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەگۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا هەبووە. نموونەی ڕەفتاری ئەمریکاییەکان جۆری نیگای ستراتیژی ئەوان بۆ گۆڕانکارییە ناوچەییەکان نیشاندەری ئەوەیە کە ئەوان بە دوای بەڕێوەبردنی گۆڕەپانی ناکۆکییەکان لە ئاراستەی بەدیهێنانی بەرژەوەندی ستراتیژی خۆیان لە ناوچەی گرنگی خۆرئاوای ئاسیادا. چ ئەم بابەتە بە کۆنترۆڵکردنی ناکۆکی لەقۆناغێکی تایبەتدا جێبەجێ بکرێت و چ بە توندکردنی ناکۆکییەکان لە قۆناغێکی دیکەدا. گۆڕانکاری لە ستراتیژی ئەمریکا وەك بگۆڕێکی نێودەوڵەتی دەستێوەردەر لە ڕێککاری ئەمنی لەحاڵەتی گوزاری خۆرئاوای ئاسیادا، پەرە بە زۆربوونی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی ئێران و سعودیا داوە. بەشێوەیەك کە هاوڕێیەتی ئەمریکا لەچوارچێوەی پەیوەندی نەریتی لەگەڵ سعودیا لە ئاراستەی سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ئێران، بەتەواوی ڕێسای یاری

نێوان تاران و ڕیازی گۆڕیوە و بۆتە هۆی زۆربوونی ناکۆکی و دوژمنایەتی نێوانیان. لە بارودۆخی ئێستادا ئەمریکا هەوڵدەدات پێگەی نەریتی سعودیا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆی وەك هاوپەیمانێکی ستراتیژی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە بەر باس و ڕۆڵی ئەو لە گۆڕەپانی سیاسەتی ناوچەکە نوێ بکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە هەوڵدەدات متمانەی ڕیاز لە ئاست ڕۆڵی دەستێوەردەرانەی خۆی لەداهاتووی ئاسایشی ناوچەکە بەدەستبهێنێت. سعودییەکانیش بەهۆی ئەوەی لە هەوڵی نوێ کردنەوە و پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەمریکا بە تایبەتی لە بواری ئەمنی و سەربازیی پێشوازی لەو سیاسەتەی ئەمریکا دەکەن. لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵکردن و گۆشەگیرکردنی ئێران لە ئاستە جیاوازەکاندا بۆ ڕیاز هەم بەهای ستراتیژیکی هەیە و هەمیش بەرژەوەندی ئابووری بەرچاوی بەدواوە هەیە. لەڕەهەندی ستراتیژیك گۆشەگیرکردنی ئێران بەمانای لاوازکردنی گرنگترین ڕکابەری ناوچەیی بۆ سعودیا و توانایی کاریگەری دانانی ڕیاز لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەیە. لە ڕەهەندی ئابووریش کەمکردنەوەی پشکی ئێران لە بازاڕی نەوتی جیهان لە لایەکەوە ئێرانی لە یەکێك لە گرنگترین بوارەکانی ڕکابەری لەگەڵ سعودیا دواخستووە و لە لایەکی دیکەوە پشکی داهاتە نەوتییەکانی سعودیای لە بازاڕی جیهانی بەرزکردۆتەوە.

ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەی ئەمریکا لەبەرامبەر ئێران سەرچاوە لەو هۆکارە وەردەگرێت کە ئەم وڵاتە لە نفووزی سیاسی و ئەمنی و ئایدیۆلۆژی ئێران لەناو وڵاتانی ناوچەکەدا نیگەرانە و بە باشی لەو پرسە تێگەیشتووە کە ئەگەر کۆنترۆڵی نەکات خەڵکی ناوچەکە ئامادەی پەسەندکردنی ئایدۆلۆژی شۆڕشی ئیسلامین. لەبەر ئەم هۆیە ئەمریکا دەیەوێت سعودیا بخاتە بەرامبەر ئێرانەوە بە هەمان شێوە کە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی ئێران هانی سەدامی دا کە شەڕ لەدژی ئێران بکات. بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوانی ئێران و سعودیا لەچوارچێوەی پێویستی ڕێککاری سیاسی نێودەوڵەتی چەند دەرفەتێکی گرنگی بۆ واشنتۆن هەبووە. یەکەم ، توانایی جیهانیی ئیسلام لەبەرامبەر خۆرئاوا لاواز دەکات، دووەم هەڕەشە لە ئیسرائیل دوور دەخاتەوە و یارمەتی بەهێزبوونی ئەو وڵاتە دەدات، سێیەم، بوار بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا لە ناوچەکە خۆش دەکات.

## دەرئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە تاوتوێکردنی هۆکارە کاریگەرەکانی چوارچێوە دانان بۆ سیاسەتی دەرەوەی بەریەککەوتنی ئێران و سعودیا، چوارچێوەیەکی گشتگیر لەسەر

بنەمای توخمە پێکهێنەرەکانی لەسەر ئاستی شیکاریی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بە مەبەستی تێگەیشتنی وردتر لە ڕەوتی پەیوەندی پاشەکشەخوازی نێوان دوو وڵات لە قۆناغە جیاوازەکانی سیاسەتی دەرەوە بەکارهێنرا. ئەنجامێك کە لە ئاستی ناوخۆیی ئەم توێژنەوەیە دەستەبەر بوو، هەڵە تێگەیشتن و وێناگەلێك کە ئێران و سعودیا لە گرنگی و ڕۆڵی وڵاتی خۆیان، بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئەکتەرەکانی دیکە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی هەیە، کاریگەریی لەسەر زۆربوونی ململانێ و بەریەککەوتنی ئەوان هەبوو. لەم چوارچێوەیەدا بە کردنەوەی سندووقە ڕەشەکەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ڕیاز هەوڵدرا تێگەیشتنێکی وردتر لە پرەنسیپ و هەڵوێستە ناوخۆییەکانی دوو لایەن وێنا بکرێت. گۆشەی دیکەی فۆرمبەخشین بە بەریەککەوتنی دوو وڵات گۆڕانکارییە خێراکانی ئەم دوایانەی ناوچەکەیە. لەبەرئەوەی کە بەشی جیانەکراوە لە نفووزی مێژوویی ئەوان سەرتر لە سنوورەکانیانە و هەردوو ئەکتەر بەرژەوەندی جۆراوجۆریان لە ژینگەی دەوروبەریان بۆ خۆیان پێناسە کردووە، جۆری گۆڕانکاری ناوچەیی ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ لە هەڵکشان و داکشانی دەسەڵاتیان هەیە. بەشێوەیەك کە لە پراکتیدا لە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان، بە تایبەتی عێراق و دوای ئەو گۆڕانکارییەی هۆشیاری ئیسلامیی، گۆڕەپانی ناوچەکە گۆڕاوە و ڕێککاری (نەزم) پێشووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی نارێکوپێکی بوو. ئەم ڕێککارە نوێیە فۆڕم گرتووە زۆربوونی ڕۆڵ و دزەکردنی ئێران بۆ حەوشە بەتاڵەکانی سعودیای بە دواوە بوو. بەشێوەیەك کە تاران لە ئاستی ناوچەیی نەك تەنها لە عێراق و سووریا و لوبنان توانایی چالاکی هاوپەیمانەکانی خۆی گەیاندۆتەوە ئاستێکی بێ وێنە، بەڵکو لە دوو شوێنی ستراتیژی دیکە، واتە بەحرەین و یەمەن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سعودیا بۆی دروستبووە و بە هێزەوە چۆتەناو یەکەمین میحوەری سیاسەتی دەرەوەی سعودیا. لەمڕووەوە بەشێك لە بیست ساڵی ڕابردوودا بەشێك لە هەڵسوکەوتی ناوچەیی سعودیا بۆ پوچەڵکردنەوەی نفووزی تاران و هاوسەنگی هەڕەشە لەبەرامبەر ئەودابووە کە لەم ساڵانەی دواییدا نمایشکردنی هێز ئەم ستراتیژییەی زیاد کردووە.

لەسەر بنەمای ئەم ئاڕاستەیە سعودییەکان هەوڵیان داوە لەڕێگەی ستراتیژی هێرشبەرانەوە و ڕەفتارە شەڕەنگێزییەکانەوە ڕووبەڕووی ئێران ببنەوە و کەڵك لە ڕێوشوێنی سەربازیی، بەرزکردنەوەی ئاستی قەیران و شەڕی جێگرەوەکان وەربگرن بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەبەرامبەر ئێراندا. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ستراتیژی ناوچەیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەو لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست ڕۆڵێکی گرنگی لە پاشەکشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیا هەبووە. سیاسەتی پشتیوانی لە سعودیا لە چوارچێوەی هاوسەنگی ئەوبەری کەنارەکان و گرنگتر لە ستراتیژی ئەمریکا لەبەرامبەر ئێران کە بەستراوەتەوە بە کۆنترۆڵکردنی تاران لە سیستەمی ناوچەیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، توخمێکی دەستنیشانکەر بووە لە ناوەڕۆکی بەر یەککەوتینی تاران و ڕیاز. لەسەردەمی دەسەڵاتداری سەرۆك ترەمپ ئەم بارودۆخە زۆر توندتر بوو، بە شێوەیەك کە لە هەندێك حاڵەت، تەنانەت ئەگەر هاتنە ناوەوەی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە قازانجی سعودیا کراوەتە بەر باس. لەبارودۆخێکی وەهادا هاوکات لەگەڵ زۆربوونی بێ متمانەیی لە نێوان هەردوو لایەن، لە کرداردا تاران و ڕیاز تووشی بنبەستێکی ئاڵۆزی مێژوویی بوون و لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و سەروناوچەیی بە تەواوەتی لەبەرامبەر یەکتردا وەستاون.

بە شرۆڤەکردنی ئەو چوارچێوەیە دەردەکەوێت کە ئەگەری ئاشتی سیاسی و پەیوەندی دووبارەی نێوان ئێران و سعودیا بۆتە بابەتێکی دژوار و ئاڵۆز. بە تایبەتی لەم قۆناغەدا نەك تەنها ڕەوتی پاشەکشەی ئەوان زۆرتر بووە، بەڵکو دوو وڵات لە ئاستە جیاوازەکانی سیاسەتی دەرەوە بوونەتە دوژمنی ستراتیژیکی یەکتر. لەم ڕووەوە ئەم خاڵە بە تایبەت بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر گرنگە کە بەسەرنجدان بە پێگەی سیاسی و ئابووری سعودیا لەناوچەکەو لە دەرەوەی ناوچەکە، هەروەها بارودۆخی ستراتیژی ئەم وڵاتە لە جیهانی ئیسلامدا. بەردەوامبوونی ئەم ڕەوتەی ململانێ ناوچەیی ئێران، بۆی دژوار و تێچوو هەڵگر دەبێ. بۆیە پێویستە سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەوڵبدات بۆ ئەوەی لە بواری دیپلۆماسی، لە هاوکێشە ناوچەییەکان سعودیا لە حاڵەتی دوژمنی ستراتیژییەوە بگۆڕێ بۆ ڕکابەری ستراتیژی. لە پێناو ئەم ئامانجەدا، شەفاف سازی لە سیاسەتە ناوچەییەکانی ئێران و دڵنیاکردنەوەی سعودییەکان بۆ ئەوەی کە ناوچەی دەسەڵاتی ئەوان لەلایەن تارانەوە بە ڕەسمییەت دەناسرێت، دەتوانێت سەرەتایەك بێت بۆ سیاسەتی هاوتەریبی دوو وڵات. بەڵام ئەو ڕەوتە ناتوانێت لە نوێکردنەوەی تەواوی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و ڕیاز کاریگەرییەکی بنەڕەتی هەبێت، لەبەرئەوەی کە ڕۆڵی ئاستی نێودەوڵەتی بە تایبەت بگۆڕی ئەمریکای ترەمپ هەمدیسان لەمپەری زۆر لەبەردەم بڕیاری ئێران و سعودیا. بەشێوەیەك کە نموونەی ڕەفتاری ترەمپ لەبەرامبەر ئێراندا ئەم هاوکێشەیەی ئاڵۆزتر کردووە و زیاتر لە جاران بەو ڕەفتاری دەستێوەردانەی کە لە کردار و پەرچەکردار لەخۆی لەناوچەکەدا نیشانداوە، پاشەکشەکردنی نێوان ئێران و سعودیای زیاتر کردووە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

- اخوان کاظمی، بهرام(1373) مروری بر روابط ایران و عربستان در دو دهه اخیر، تهران: سازمان تبلیغات اسلامی.

آرم، آرمینا(1395) " ایران و عربستان، رقابت بر سر نفوذ در خاورمیانه" فصلنامه سیاست، سال سوم، شماره 9 ص 73-81.

ازغندی، علیرضا و آقا علیخانی، مهدی(1392) "بررسی عوامل منطقه ای واگرایی در روابگ ایران و عربستان (1384-1390) فصلنامه سیاست، دوره چهل و سوم، شماره 2 ص 243-245.

آقایی، سید داود(1394)، سیاست و حکومت در عربستان سعودی، تهران: نشر میزان.

آقایی، سیدداود و احمدیان حسن(1389)" روابگ جمهوری اسلامی ایران و عربستان سعودی، چالشهای بنیادین و امکانات پیش رو" ، فصلنامه سیاست، دوره چهل شماره 3ص 1-19.

برزگر، کیهان(1388)، " سیاست خارجی ایران از منظر رئالیسم تهاجمی و تدافعی"، فصلنامه روابط خارجی، سال اول، شماره 1 ص 113-153.

جعفری ولدانی، اصغر و نجات، سید علی (1392)،« نقش قدرتهای منطقه ای در بحرین سوریه(1390-1393)»، فصلنامه مطالعات خاورمیانه، سال بیستم، شماره 4 ص141-176.

حق شناس و دیگران(1396)، «رقابت ژئوپلیتیک و روابگ ایران و عربستان: مکانیزمها و راهبردها». فصلنامه مطالعات سیاسی جهان اسلام، سال ششم شماره 22ص 1-32

درج حمید و امام جمعه زاده(1397)،« تجزیه و تحلیل رویکرد عربستان سعودی نسبت به تحولات سوریه»، فصلنامه رهیافتهای سیاسی بین المللی ، سال هشتم، شماره 4 ، پیاپی 5.

دهشیری، محمدرچا و حسینی، سید محمد حسین(1395)، ژئوپلیتیک منطقه و روابگ ایران و عربستان»، فصلنامه روابط خارجی، سال هشتم، شماره 1 ص 111-143.

رستمی، فرزاد و دیگران(1397)، مناقشه ی ایران و عربستان در پرتو تحولات 2011 در منطقه: گذار از رویکردهای امنیتی هویت محور به رئالیسم کلاسیک»، فصلنامه رهیافت های سیاسی و بین المللی،دوره دهم، شماره 1ص 113-134.

ساعی، احمد و علیخانی، مهدی(1392)، «بررسی چرخه تقابل در روابگ جمهوری اسلامی ایران و عربستان سعودی با تاکید بر دوره 1384-1392»، فصلنامه تخصصی علوم سیاسی، سال نهم، شماره 22 ص 103-129.

سریع القلم، محمود(1396)، «نظام بین الملل و ژئوپلیتیک جدید خاورمیانه»، پژوهشنامه علوم سیاسی، سال دوازدهم، شماره 1ص 101-139.

شفیعی، نوذر و قنبری، فرهاد (1396)، «تبیین روابط ایران و عربستان در چارچوب مفهومی جنگ سرد»، فصلنامه تحقیقات سیاسی و بین المللی، شماره 31 ص 117-140.

صادقی، حسین و احمدیان، حسن(1389)، « عربستان سعودی، از هژمونی نفتی تا رهبری منطقه ای» فصلنامه بین المللی روابط خارجی، سال دوم شماره3 ص 137-170.

قامت، جعفر (1388) « کالبدشکافی بحران گرجستان (براساس مدل مایکل برچر»، دانشنامه دانشگاه آزاد، شماره 73 ص 167-188.

گودرزی، طاهره(1387)،«صف آرایی کشورهای عربی در قبال جنگ 22 روزه غزه» ماهنامه اطلاعات راهبردی، اسفند شماره 69-7.

محمدی عزیزآبادی ، مهدیو دیگران(1396)،«منازعات قدرت و رقابتهای ژئوپلیتیک قدرتهای منطقه ای و فرامنطقه ای در کشور یمن»، فصلنامه پژوهشهای سیاسی و بین المللی ، سال هشتم، شماره 31 ص 1-45.

معنوی،احمد(1387) سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایرانی در بستر منافع ملی (با نگاهی بر روابط ایران و عربستان)، تهران: موسسه انتشاراتی کتاب دانشجو.

مهدیان، حسین و دیگران(1396) «تحلیل سیاست خارجی ستیزانه جویان عربستان سعودی در مقابل جمهوری اسلامی ایران درچارچوب نظریه واقع گرایی تهاجمی »فصلنامه راهبرد دفاعی، سال یازدهم شماره 57ص 171-211.

نادری نسب، پرویز (1389) «چالشهای روابط جمهوری اسلامی ایران و عربستان در منطقه» فصلنامه سیاست دوره چهل شماره 1 ص 315-336.

نجات، سید علی (1393) «راهبردهای جمهوری اسلامی ایران و عربستان سعودی در قبال بحران سووریا»فصلنامه سیاست خارجی، سال بیست و هشتم شماره 4ص 631-655.

نجات، سید علی (1393) «راهبردهای جمهوری اسلامی ایران و عربستان سعودی در قبال بحران یمن»فصلنامه مطالعات روابگ بین الملل، سال نهم، شماره 32ص 137-179.

نورعلی وند، یاسر (1396) « عربستان سعودی و تلاش برای موازنه سازی مجدد در برابر ایران» فصلنامه مطالعات راهبردی، سال بیستم شماره 1 شماره مسلسل 75.

واعظی، محمود(1390)، بحرانهای بین المللی، تحلیل نظری و مطالعه موردی، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی.

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# ناساندنی کتێب

خوێندنەوە بۆ کتێب

# ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

## (تێڕوانینێک لە ناوەوە، ڕابردوویەکی شکست خواردوو، ئاڕاستەیەک ڕووەو ئاشتی)[1]

ئێرانناسی




١- دکتر سید حسین موسویان. ١٤٠٠ ایران و ایالات متحده نگاهی از درون گذشته‌ای شکست خورده و مسیری به سوی مصالحه. با همکاری محمد رضا بیگدلی. تهران بنگاه ترجمه و نشر کتاب پارسه.

٢- Thomas Pickering باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە وڵاتانی وەک ڕووسیا و هیندستان و نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بووە. هەروەها جیگری سیاسی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بووە.

سەید حسێن موسەویان (١٩٥٧- کاشان)، ناوێکی دیاری ناوەندی سیاسیی و ئەکادیمییە لە ئێران و دەرەوەی ئێران، ئەندامی دەستەی وتووێژکاری دۆسییەی ئەتۆمی ئێران و باڵیۆز و بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران. کاتێک سەرنجی ناوەندەکانی بەلای خۆیدا جێگیر کرد، لە ساڵی (٢٠٠٧) بە تۆمەتی سیخوڕیکردن لە تاران دەستگیرکرا. پاشان ئێرانی جێهێشت و لە ئەمریکا و لە زانکۆی پرینستۆنی ویلایەتی نیوجێرسی وەک مامۆستا و لێکۆڵەر دەستبەکار بوو. کتێبەکانی بە زمانی ئینگلیزی بڵاودەکاتەوە. گرنگترین بڵاوکراوەکانی کە لە ئێران بە زمانی فارسی وەرگێڕدراون، "دۆسییەی ئەتۆمی ئێران" و "ئێران و ئەمریکایە.

موسەویان لەم کتێبە بەنرخەدا باس لە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا و مێژووی ئەم پەیوەندییانە دەکات. کە بە دیدێکی ڕەخنەگرانە سیاسەتەکانی ئەمریکا شرۆڤە دەکات و بابەتی هاوسەنگی لە تێڕوانینی ستراتیژی ئێران، پەیوەست بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و پرسی بەرژەوەندی نیشتمانیی بۆ ئێران دەخاتەڕو.

پێشەکی ئەم ئەم کتێبە لە لایەن تۆماس پیکرینگ نووسراوە. ناوبراو پێیوایە کە کرۆکی کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دۆسییەی ئەتۆمییە. بە چارەسەرکردنی ئەم دۆسییەیە پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دەڕۆنە قۆناغێکی نوێوە.

**موسەویان لەم کتێبەدا بە وردی لە مێژووی پەیوەندیەکانی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدووتوێی هەشت چاپتەردا دەکۆڵێتەوە. سەرەتای زێڕینی ئەم پەیوەندییانە دەگێڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٨٥٦-١٩٥٣)، دەسپێکی نزیکبونەوەی ئەمریکا لە ئێران بۆ سەردەمی قاجارو شۆڕشی مەشروتەی ئێران دەگەڕێتەوە.**

ئەم نووسینە و نووسینەکانی تری موسەویان لە ئەمریکا و وڵاتانی جیهان پێشوازی زۆری لێکرا. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی؛ یەکەم موسەویان بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەنووسێت، ئەم شێوازە لە نووسین زۆر نزیکە لە نووسینەکانی لێکۆڵەرانی جیهانیی و بە شێوەیەکی زۆر ڕەوان تێڕوانینەکانی خۆی دەخاتەڕوو. هۆکاری دووەم ئەوەیە کە موسەویان بە شێوەیەکی زیرەکانە پێداگری لە هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی ڕەوتە نەرم و ئاشتیخوازەکەی باڵی میانڕەوی ئێران دەکات.

موسەویان لەم کتێبەدا بە وردی لە مێژووی پەیوەندیەکانی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدوو توێی هەشت چاپتەردا دەکۆڵێتەوە. سەرەتای زێڕینی ئەم پەیوەندییانە دەگێڕێتەوە بۆ سالانی (١٩٥٣-١٨٥٦)، دەسپێکی نزیکبونەوەی ئەمریکا لە ئێران بۆ سەردەمی قاجار و شۆڕشی مەشروتەی ئێران دەگەڕێتەوە. ئێران بۆ دەربازبوون لە فشاری ڕووس و ئینگلیزەکان، بە چاوی ڕزگارکەر لە ئەمریکای دەڕوانی. لە بەرامبەردا ئەمریکا ڕۆڵی چاودێری هەبوو لە ڕووداوەکانی ئێران و ئەوکات بە هێچ شێوازێک دەستوەردانی لە کاروباری ئێراندا نەدەکرد. لە ساڵی ١٩٥٣ پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا شێوازی فەرمیان وەرگرت. لەم قۆناغەدا هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ تێکچوونی پەیوەندیی ئێران و ئەمریکا. بەڵام کودەتای دژی حکومەتی دکتۆر موسەدیق ( کە لە ئێران بە کودەتای ٢٨ی مورداد ناوزەد دەکرێت) بە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و جارێکی تر دانانەوەی موحەمەد ڕەزا شا قۆناغێکی نوێی پەیوەندییان دەستپێکرد. دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێران و پەیوەندیی ئاغا و ڕەعیەتی (وەک نووسەر دەڵێت)، لە کۆتاییدا بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کۆتاییان پێهات.

شۆڕشی ئێران یەکەم بزماری لە تابووتی ئەم پەیوەندییانە دا، کاتێک باڵیۆزخانەی



سەید حسێن موسەویان

**ئەم کتێبە بە نرخە وەک سەرچاوەیەکی گرنگ لە مێژووی ئەم پەیوەندییانە دەدوێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگی ئەکادیمی چاوی لێبکرێت و لێکۆڵەران و ئەوانەی خولیای ئێرانناسیان هەیە سودی زۆری لێدەبینن.**

ئەمریکا لە ئێران لە لایەن هەوادارانی شۆڕش داگیر کرا. باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ناو دڵی شاری تاران لە سەر پارچە زەویەک بە ڕووبەری ١٠٨ دۆنم لە ساڵی ١٩٥١ بونیاتنرابوو. یەکەم باڵیۆزی ئەمریکا لە ئێران (هەندرسۆن loy W. Henrerson بوو. بەڵام داگیرکردنی ئەو باڵیۆزخانەیە سەرەتای ئاڵۆزییەکی قووڵ و پڕ کێشمەکێش بوو لە نێوان ئێران و ئەمریکا تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەم پەیوەندییانە لەپاش شۆڕشی ئێران بە ناجێگیری و تا ڕادەی دوژمنایەتیی ماونەتەوە. شەڕی ئێران-عێراق جارێکی تر ئەم برینە قووڵەی کولاندەوە کاتێک ئێرانییەکان بینییان کە چۆن ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیری عێراق دەکەن.

لە کەسایەتییە دیارەکانی شۆڕشی ئێران کە کاریگەرییان بەسەر پەیوەندیی ئێران و ئەمریکاوە هەبوو، جگە لە ڕابەری شۆڕش ئایەتوڵڵا خومەینی کە دروشمی "نە ڕۆژئاوا نە ڕۆژهەڵات"ی بەرزکردبوویەوە، دەکرێت ئاماژە بە دوو کەسایەتیی گرنگ بدەین:

ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی کە سیاسەتمەدارێکی پراگماتیست بوو. هەموو دەرفەتێکی دەقۆستەوە بۆ باشکردنی پەیوەندیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی جیهان. هەر ئەم کەسایەتییە بوو کە توانی متمانەی ڕابەری شۆڕش بەدەستبهێنێت و شەڕی ئێران-عێراق بووەستێنێت. پاشان وەک سەرۆک کۆماری ئێران و سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو. بەڵام هەوڵەکانی بێ ئەنجام مانەوە بۆ بیناکردنەوەی ئەو پردە ڕووخاوەی نێوان ئێران و وڵاتانی جیهان.

کەسایەتیی دووەم ئایەتوڵڵا خامنەییە کە وەک سەرۆک کۆمار و پاشان وەک ڕابەری شۆڕش، بووە جێگەی سەرنجی شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی ئێران. ئەم بە پێچەوانەی ڕەفسەنجانی متمانەی بە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لاوازبوو. هەرچەند ئەو سەرۆک کۆمارانەی کە لە سەردەمی ڕابەرایەتی ئەودا دەسەڵاتیان گرتەدەست مەودایەکی دیاریکراوی بۆ دەکردنەوە کە ئەزموونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەنەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانی ئێران و ئەمریکا بێ ئەنجام مانەوە. ئەم دوو ڕێبازە سیاسییە لە سەدەی حکومەتەکانی خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد و ڕۆحانی و ڕەئیسیی لەسەر ڕێچکەی هەردوو سەرکردەکە کاریان کردووە، بە تایبەت ڕیفۆرمخوازەکان لە ژێر عاباکەی هاشمی ڕەفسەنجانی هاتبوونە دەرەوە، لە ماوەی ١٦ ساڵ لە حوکمداری ئێران شکستیان خوارد و بە ئامانج نەگەیشتن.

ئەم کتێبە بە نرخە وەک سەرچاوەیەکی گرنگ لە مێژووی ئەم پەیوەندییانە دەدوێت وەک سەرچاوەیەکی گرنگی ئەکادیمی چاوی لێبکرێت و لێکۆڵەران و ئەوانەی خولیای ئێرانناسیان هەیە سودی زۆری لێدەبینن.

وەرزنامەی
ئێرانناسی

# چەمکناسی

# نەرمەهێز

ئامادەکردنی: هەورامان فەریق



لە وشەنامەدا هێز بەمشێوەیە پێناسە کراوە: توانای ئەنجامدانی کارەکان یان کۆنترۆڵی ئەوانیتر، ناچارکردنی ئەوانیتر بە ئەنجامدانی کارێك کە نایانەوێت. لە ڕابردوودا وڵاتان و هێزەکان بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن زیاتر پێویستیان بە هێزی سەربازی هەبوو. بەڵام بە پێشکەوتنی لایەنەکانی وەك ئابوری، زانست و تەکنەلۆجیا ئیدی هێزی نەرمیش گرنگییەکی زۆری پەیداکرد. بۆیە لە سەدەی بیست و یەکدا وڵاتێکی وەك ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە هێندەی مەبەستیانە کۆنترۆڵی کایەی سیاسی بگرنە دەست و هێزەکانی دیکە ناچار بە ئەنجامدانی ئەو کارانە بکەن کە خۆیان دەیانەوێت، هێندە بە نیازی دەستوەردانی سەربازیی نین. هەڵبەت سەرکەوتن تەنیا لە ڕێگەی کۆنترۆڵ و نفوزەوە بەدەست ناهێنرێت، بەڵکو وەك جۆزێف نای دەڵێت ”لە ڕوانینی کۆندا بۆ سیاسەت، دەوڵەتەکان تاکە یاریکەرانی گرنگی نێو سیاسەتە جیهانییەکانن و بە کردەیی تەنیا چەند دەوڵەتی بەهێز بابەتی سیاسەتە جیهانییەکانن“.

کۆمپانیا فرە نەتەوەکان خاوەنی سەرچاوەگەلی ئابوری بەرچاون، ئەگەرچی خاوەنی هێزی سەربازییش نین[1]. بە گۆڕانی یاریکەرەکان ئامانجەکانیش دەگۆڕدرێن. هەروەك چۆن ئامرازەکانی هێزیش دەگۆڕدرێن، ستراتیژەکانیش دەگۆڕدرێن. بەڵام خاڵێکی جەوهەری لەم گۆڕانەدا ئەوەیە کە هەر ستراتیژێك کە بیەوێت درێژە بەخۆی بدات، دەبێت بەردەوامی و گۆڕان پێکەوە ئاوێتە بکات. لەم نێوەندەشدا مۆدێرنیتە، بەشداربوون و پەیوەندییە ڕوو لە زیادبووەکانی وڵاتانی پێگەیشتوو، هاوشان لەگەڵ ئەو هۆشیارییەی کە ناسیۆنالیزم لەو وڵاتانەدا گەشەی پێداوە، ئەمانە هەموویان بوونەتە هۆی ئەوەی کە پشتبەستنی وڵاتانی زلهێز بە هێزی سەربازیی پێداچوونەوەی پێدا بکرێت. ئەمە جگە لەوەی کە کۆمپانیا فرە نەتەوەکانیش ڕۆڵی یەکلاکەرەوە

**کۆمپانیا فرە نەتەوەکان خاوەنی سەرچاوەگەلی ئابوری بەرچاون، ئەگەرچی خاوەنی هێزی سەربازییش نین. بە گۆڕانی یاریکەرەکان ئامانجەکانیش دەگۆڕدرێن. هەروەك چۆن ئامرازەکانی هێزیش دەگۆڕدرێن، ستراتیژەکانیش دەگۆڕدرێن. بەڵام خاڵێکی جەوهەری لەم گۆڕانەدا ئەوەیە کە هەرستراتیژێك کە بیەوێت درێژە بەخۆی بدات، دەبێت بەردەوامی و گۆڕان پێکەوە ئاوێتە بکات.**

لە گۆڕانی ستراتیژەکانی بەکارهێنانی هێز دەبینن؛ وەك ئەوەی كە ئێستا لە شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆكرانیادا بە ئاشكرا دەبینرێت.

وادیارە دۆخی ئێستا هەر ئەو دۆخەیە كە جۆزێف نای پێشبینی كردبوو، قۆناغی تێپەڕبوون لە "دەوڵەمەندی سەروەت و سامان" بەرەو "دەوڵەمەندی زانیاری" داتا و زانیارییەكان دەبنە هێز و توانای وەڵامدانەوەی لەجێ بە زانیارییە نوێیەكان دەبێتە سەرچاوەیەكی گرنگی هێز. ئیدی كەرەستەی خاو لەچاو سەرهەڵدانی ئابوورییەكی پشتبەستوو بە زانیارییەكان بایەخێكی كەمتر پەیدا دەكات. ئەوە سەتەلایتەكان و كێبڵەكانی فایبەری ڕووناكین كە سەرنجی بینەران لە وڵاتانی پێشكەوتوو بە لای یەك بابەت ڕادەكێشن. لە ڕووی سیخوڕیشەوە ئێستا یارییەكە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. جاران هێزەكان لەسەر سیخوڕی مرۆیی سەرمایەگوزارییان دەكرد، ئێستا چاودێرییە ئەلیكترۆنییەكان كە لە ڕێگەی بۆشایی ئاسمانەوە ئەنجامدەدرێن، دەستڕاگەیشتنی بەردەوامی زلهێزەكانی بە زانیاری هەمەڕەنگی سەربازیی، ئابوریی و سیاسیی مسۆگەر كردووە.

سەرەڕای هەندێك لە ڕەهەندەكانی هێز كە ئاماژەیان پێكرا، لایەنێكی دیكەی هێز كاتێك ڕوودەدا كە وڵاتێك كارێكی وەها بكات، كە وڵاتانی دیكە هەمان ئەو شتە داوا بكەن كە وڵاتی یەكەم دەیەوێت، ئەمە لە ڕوانگەی نایەوە و بە پێچەوانەوەی هێزی ڕەق پێیدەوترێت نەرمەهێز، یان هێزی باوەڕپێهێنەر. ئەگەر دەوڵەتێك بتوانێت شەرعییەت بدات بە هێزی خۆی لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە، بۆ گەیشتن بە خواستەكانی ڕووبەڕووی بەرەنگارییەكی كەمتر دەبێتەوە[٢]. هۆكاری ئەم گۆڕانكارییە لە جیهانبینی و ستراتیژ ئەوەیە كە لە ڕابردوودا ئابوورییەكان كەمتر وابەستەی یەكتری بوون و هێزی سەربازیی كۆدەنگی لەسەربوو. ئەم هێزە هەروەك چۆن لە بنەما و دامەزراوەكانی ڕژێمە نێودەوڵەتییەكانەوە سەرچاوە دەگرێت، مەیلی

**لە ڕووی كەلتوورییەوە ئێران زمان و ئەدەبیاتی فارسی وەك نەرمەهێز لە زۆربەی وڵاتانی دراوسێی خۆی بەكاردەهێنێت. پێیانوایە كە ئێران و زمانی فارسی خاوەنی كەلتوور و ئەدیبانێكی گەورەی وەك حافز، سەعدی، مەولەوی و ...هتد، كە لە لایەن نەتەوە و وڵاتانی دیكە و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی كە زمانی فەرمیان فارسییە جێی بایەخ و سەرنجە.**

بەرەو لای ئەوەیە کە لە سەرچاوەگەلی دیکەی وەك ڕاکێشانی کەلتووری و ئایدیۆلۆجیشەوە سەرچاوە بگرێت. لێرەوە وادیارە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەنی هێزی باوەڕپێهێنەری زیاترە لە چاو وڵاتانی دیکە. کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان سەرچاوەیەکی دیکەی هێزی باوەڕپێهێنەرن. ئەم کۆمپانیا گەورانە ٣٤٪ سەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانن و ١٨٪ یان یابانین.

ئەگەر باسی نەرمەهێزەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و لە ناویشیاندا کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەین دەکرێت سەرچاوەکانی نەرمەهێزی ئێرانیی لە ڕوانگەی خۆیانەوە لە سێ ئاستدا کورت بکەینەوە:

• یەکەم، لەسەر ئاستی کەلتووریی:

١- کەلتوور و شارستانییەتی ئێرانیی:

A- زمان و ئەدەبیاتی فارسی،

B- دابونەریت و ڕیوڕەسمەکان،

C- هونەرەکان

D- شوێنەوارە مێژووییەکان.

٢- کەلتووری ئیسلامیی:

A- نفوزی مەرجەعییەتی شیعە،

B- کەلتووری شەهیدی

C- کەلتووری چاوەڕوانی (انتظار)

• دووەم، ئاستی بەهاکانی شۆرشی ئیسلامیی:

١- مۆدێلی ئیسلامی سیاسیی،

٢- سەربەخۆیی و بەرگری،

٣- پشتیوانیی لە ستەملێکراوانی جیهانیی (مستضعفین جهان)

• سێیەم ئاستی سیاسەتی دەرەوەی ئێران:

١- دژایەتی سیستەمی دەسەڵات،

٢- پشتیوانیی لە ڕاپەڕینە ئازادیخوازییەکان،

٣- هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە[٣].

بە گەڕانەوە بۆ ڕوانینی نای ئەو بەشە لە کەلتوور و شارستانییەتی ئێرانی وەك سەرچاوەی نەرمەهێز دەکرێت سودی لێوەربگیرێت کە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەکانی دەرەوە سەرنجڕاکێشن. واتە نەرمەهێز ڕووی لە وڵاتانی دەرەوە و کۆمەڵگەکانی دەرەوەیە. لە ڕووی کەلتوورییەوە ئێران زمان و ئەدەبیاتی فارسی وەك نەرمەهێز لە زۆربەی وڵاتانی دراوسێی خۆی بەکاردەهێنێت. پێیانوایە کە ئێران و زمانی فارسی خاوەنی کەلتوور و ئەدیبانێکی گەورەی وەك حافز، سەعدی، مەولەوی و ...هتد، کە لە لایەن نەتەوە و وڵاتانی دیکە و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە زمانی فەرمیان فارسییە جێی بایەخ و سەرنجە.

دابونەریت و ڕێوڕەسمەکانی هەڵقوڵاو لە کەلتووری ئێرانیی یەکێکی دیکەیە لە سەرچاوەکانی نەرمەهێز. یەکێك لەوانە نەورۆزە. یونسکۆ نەورۆزی وەك نەریتێکی کەلتووری و جەژنێکی کۆن ناساندووە کە سیمبولی یەکەم ڕۆژی بەهار و بووژانەوەی

سروشتە.

بەرهەمە هونەرییەکانی وڵاتانیش یەکێکە لە سەرچاوەکانی دیکەی نەرمەهێز. هۆڵیود و بۆڵیود و جۆرەکانی هونەری موزیك و گۆرانی و کاری دەستی نمونەی ئەو جۆرە لە سەرچاوەکانی نەرمەهێزن کە هەندێك جار وەك گەورەترین و تەنانەت مەترسیدارترین هەڕەشەکان بۆ سەر نەتەوەکانی دیکە لێکدەدرێنەوە. ئێرانیش لە ڕێگەی فیلمە سینەمایی و زنجیرەکانییەوە توانیویەتی کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر بەکاربەرانی بەرهەمە هونەرییەکانی خۆی لە وڵاتانی دراوسێی خۆی بەتایبەت هەرێمی کوردستان جێبهێڵێت. چوارەم سەرچاوەی کەلتووریی نەرمەهێزی ئێرانیی شوێنەوارە کۆنەکانی ئێرانن. لە ڕێگەی شوێنەوارە سروشتی و کەلتووریەکانییەوە توانیویەتی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی وڵاتانی دیکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

دووەم سەرچاوەی سەرەکی کەلتووریی نەرمەهێزی ئێرانیی بریتییە لە کەلتوری ئیسلامیی کە خۆی لە دوو ڕەگەزی سەرەکیدا دەبینێتەوە. یەکەمیان نفوزی مەرجەعییەتی شیعەیە، دووەمیان کەلتووری شەهیدبوون و چاوەڕوانی. لەبەرئەوەی دوو ئاستەکەی دیکەی سەرچاوەکانی نەرمەهێز، کە بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامیی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیین، دیسانەوە لە ژێر هەژموونی گوتاری ئایینزای شیعیدا خۆیان دەبیننەوە، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر کەلتووری ئیسلامیی و مەرجەعییەتی شیعە دەکەینەوە.

مەرجەعییەت بێ دوودڵی یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگە شیعەکان کە لەبەر کارکردە گرنگەکەی لە ئایینزای شیعەدا قورساییەکی زۆری بە ئاڕاستەی کاریگەریدانان لەسەر بیرکردنەوە و ڕای گشتی شیعەکان، ڕێکخستنی ڕەفتارە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و دیاریکردنی بەرنامەی کاریان هەیە. بۆیە لەبەرئەوە پانتایی هەژموونی مەرجەعییەت هەرگیز لە ناو سنوورە جوگرفیاییەکاندا سنووردار ناکرێت و تەنانەت شیعەکانی ناو وڵاتە بیانییەکانش لەخۆ دەگرێت دەکرێت ئەم دامەزراوەیە بە سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنەری نەرمەهێز هەژمار بکرێت[٤]. دیسانەوە لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی و گوتاری شیعەدا ڕەگەزی شەهیدبوون و چاوەڕوانی (استشهاد و انتظار) دوو ڕەگەزی چارەنووسساز لە کولتووری شیعە پێکدەهێنن. کەلتووری شەهیدبوون لە باوەڕ بە ژیانی نەمری پاش مردن و کوژران لەپێناو دروشمەکانی ئیسلام و بەختەوەری ئەودنیاوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیە جیا لە هێز و وزە و ورە ئەو هەستەش لە ناخی شیعەیەکدا دەچێنێت کە تێکۆشەری شیعە نەبەزە. لە لایەکی دیکەوە ئایینزای شیعە چارەنووسێکی زۆر ڕۆشن و ئایدیالی بۆ جیهان وێنا دەکات و باوەڕی وایە، کە لە کۆتایی مێژوودا

**لە گۆشەنیگای سیاسەتی دەرەوەی ئێرانەوە لە مامەڵەکردن لەتەك عێراقی نوێدا، دەرفەت زۆر کەم و ئاستی هەڕەشەکان بەرزدەکاتەوە و کێبڕکێی یاریکەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆیان لە زیادبووندایە. بۆ ئێران گرنگترین ئاڵنگارییەکانی عێراق بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی ئێران بۆ ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە دەوڵەتسازی و نفوزی عەرەبی . سونی و لە هەمووی گرنگتر نفوزی ئەمریکا لە عێراق دەگەڕێتەوە.**

به ڕاپەڕینی سەرتاسەری مەهدی مەوعود وەك دوا نەوەی پێشەوایانی خودا هەموو ڕژێمە کافرەکان دەڕوخێن و دادپەروەریی جیهانیی لەژێر بەیداخی ئیمامی بێتاواندا پێکدەهێنرێت، بە تێکڕا ئەم دوو ڕەگەزە لە کەلتووری شیعەدا هێزێکی حاشاهەڵنەگر بە شیعەکان دەبەخشن.

دووەمی ئاست لە سەرچاوەکانی نەرمەهێزی ئێرانیی بریتییە لە بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامیی، کە خۆی لە مۆدێلی ئیسلامی سیاسیی و بەتایبەت مۆدێلی ویلایەتی فەقیهدا دەبینێتەوە. لەو شوێنەوە کە بیرکردنەوەی ئیسلامیی سنوورێك ناناسێت و پانتایی نفوزی ئەم دامەزراوەیە تەنیا لە ناو سنووری وڵاتدا قەتیس نامێنێت، توانا و هێزێکی گەورە بەم دامەزراوەیە دەبەخشێت. لە ڕێگەی ویلایەتی فەقیهەوە فەرمانەکان بۆ لایەنگرانی شیعە لە سەرتاسەری جیهاندا ئاڕاستە دەکرێن، ئەمەش وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی نەرمەهێز ڕۆڵ دەبینێت.

لە گۆشەنیگای سیاسەتی دەرەوەی ئێرانەوە لە مامەڵەکردن لەتەك عێراقی نوێدا، دەرفەت زۆر کەم و ئاستی هەڕەشەکان بەرزدەکاتەوە و کێبڕکێی یاریکەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ چەسپاندنی هەژموونی خۆیان لە زیادبووندایە. بۆ ئێران گرنگترین ئاڵنگارییەکانی عێراق بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکانی ئێران بۆ ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە دەوڵەتسازی و نفوزی عەرەبی . سونی و لە هەمووی گرنگتر نفوزی ئەمریکا لە عێراق دەگەڕێتەوە[٥].

### پەراوێز

١- نای

٢- نای، جوزف (1382) قدرت نرم، برگران، محمد حسینی مقدم، ص 14

٣- سعیدی روح الامین و مقدم فر حمیدرضا، (1393)، منابع قدرت نرم جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه مطالعات قدرت نرم، ص 16

٤- همان، ص 10.

٥- عطایی و ئەوانیتر، (1389)، دیپلماسی عمومی و قدرت نرم؛ ایران و آمریکا در عراق جدید، ص 12.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران




رانانی ئایندەی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org




رانانی ئایندەی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org




الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205




قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لە ناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لە نێوان هەولێر و بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دزوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019




ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠


ئایندەناسی
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو ئابوورییەکی تۆکمە


ئایندەناسی
پۆست کۆرۆنا


ئایندەناسی


ئایندەناسی
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا


ئایندەناسی
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان


ئایندەناسی


ئایندەناسی


ئایندەناسی
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا

# وەرزنامەی ئێرانناسی



CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٢